



# گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بونیادنانی هێزی زیرەکە بۆ ئایندە



جۆزیف نای لە دیمانەیەکی پرۆگرامی وتوویژ لەگەڵ مێژووی زانکۆی بیرکلی سەبارەت بەدواین کتێبی کە (ئایندەی هێزە)، لەسەر پێناسەی هێز رادەوەستێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هێز بریتییە لەوەی کە دەتوانی ئامانجەکانی پێ بەدیبهێنیت، بۆیە مەرج نییە ئەو ئامانجانەی هەمانە هەمووی بەرێگەی سەربازی بەدەستیان بهێنین، جۆزیف نای کە خۆی ماوەیەك یاریدەدەری جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە، راشکاوانە جەخت لەوە دەکاتەوە بەوەی راستە ئەمریکا لەماوەیەکی کورتدا توانی رژێمی پێشووی عێراق بڕووخێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی سەرنجی عێراقیەکان رابکێشێت، ئەوا وەك دەبینین زۆنگاوێکی دروستکردووە، هەر لەو پرۆگرامەدا نای ئاماژە بەوە دەکات کە لەماوەی سەدەیەکدا دووجار هێز وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە، جاری یەکەم گواستنەوەی هێز بووە لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات، جاری دووەم کە ئەم سەردەمەی ئێستایە گواستنەوەی هێزە لە لەوڵاتانی (رۆژئاوا یاخود رۆژئاوا) بۆ کارەکتەری غەیرە دەوڵەتی، واتە خەڵکانێك دەبنە سەرچاوەی هێز ناسنامەیان جیاوازە و دەوڵەتیش نین، ئەم هێزە دەکرێت وەك ئەو هێزەی رێکخراوی ئۆکسفام (Oxfam)، لایەنێکی ئەرێنی بێت بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ لە جیهاندا کە رێکخراوێکی نێودەوڵەتیەو ئامانجی کەمکردنەوەی هەژارییە لە جیهاندا، بەڵام سەرچاوەی هێز دەگوازرێتەوە بۆ گروپە تیرۆریستیەکان و تاوانباران بەبێ ئەوەی هێزی دەوڵەت بتوانێت ئەو ئیمکانییەتەی لەبەر دەستیەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی بەکاریان بهێنێت، ئەو دەپرسێت ئەگەر هێرشێکی ئەلکترۆنی بکرێتە سەر کارەبای لەندەن و نیویۆرك و ئەم هێرشە ببێتە هۆکاری ئەوەی ژیان لەو دوو شارە پەکی بکەوێت، ئایا کێ دەتوانێت سەرچاوەی ئەم هێرشە دیاری بکات، دەکرێت دەوڵەتێك ئەمەی کردبێت، دەشێت رێکخراوێکی تیرۆریستی بێت، هەروەها دەشێت گرووپێکی تاوانکاربن، لەم حاڵەتەدا بە ئەمەریکا بە هەزاران رۆکێتی کرۆزی هەبێت، ئایا ئەم رۆکێتانە ئاڕاستەی کوێ دەکات بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئەو مەترسیە دووربخاتەوە.

ئەم چەند دێڕە کە تۆزێك لەبابەتی سەرەکی ئەم راپۆرتە دوورماندەخاتەوە، بەڵام گرنگە بۆ ئەوەی لەمانای چەمکی هێز لە ئێستای جیهاندا تێبگەین و چەمکی هێز تەنیا لە هێزی رەق یان هێزی نەرم بچووك نەکەینەوە، بەڵکو ئەوەی ئێستا جیهان بیری لێدەکاتەوە ئەوەیە کە (هێزی زیرەك ئایندەی هێز لە جیهاندا دیاری دەکات).



**((فاتیکان تەنیا هێزی نەرمی هەیە و سەرنجی هەموو جیهانیشی بۆ لای خۆی راکێشاوە، ئەمە وێڕای ئەو پرسیارە گاڵتەجاڕییەی ستالین کە دەیپرسی: فاتیکان چەند یەکەی زرێپۆشی هەیە؟))**
**جۆزیف نای**

## هێزی زیرەك (Smart Power)
## بەرهەمی کۆکردنەوەی کۆی سەرچاوەی هێزەکانە

ئاییندەی هێز شێوازێکە لە بەڕێوەبردنی گەمەی شەترەنج، ئەو هێزەی گەمەی شەترەنج بەرهەمی دەهێنێت، بەرهەمی خودی گەمەکە نییە، بەڵکو هزر و بیری ئەو گەمەکارەیە کە یارییەکە بەڕێوە دەبات و رایەڵەیەکی زۆر توند لەنێوان توخمە جیاوازەکانی هێزی گەمەکە دروست دەکات، کە بریتین لە (پادشا، وەزیر، فیل و ئەسپ و قەڵا و سەرباز)، ئەم توخمانە کە هەموویان دەبنە هێز بۆ پاراستنی پادشای شەترەنج، لەو کاتە هێزی زیرەك بەرهەم دەهێنن کە بتوانرێت سوود لەتوانای هێزە جیاوازەکان وەربگیرێت و لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێنرێت، راستە لەگەمەی شەترەنجدا، توخمی وەزیر لەهەموو توخمەکانی دیکە کاریگەرترە، بەڵام گەمەکاری لێهاتوو زۆر درەنگ پەنا بۆ ئەم توخمە گرنگە دەبات، بەڵکو بۆ پیشاندانی هێزی زیاتر یاری بە توخمەکانی دیکە دەکات و، توخمی وەزیر وەك باڵانسێك بۆ گەمەکە دەهێڵێتەوە، بۆیە ئەگەر لەم راستەوە ئەم گەمەیە بگوازینەوە بۆ گەمەی هێز لەواقیعی ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەوا دەکرێت توخمی وەزیری شەترەنجی هێزی نێودەوڵەتی هێزی سەربازی و سوپایە، بەڵام لەناو گەمەی هێزدا، راستە توخمی سوپا توخمێکی گرنگە، بەڵام چۆن لە شەترەنجدا بەکارهێنانی زۆری وەزیر کاریگەری خراپی بۆسەر گەمەکە هەیە و گەمەکاری لێهاتوو ناچارە بەدوای سەرچاوەی هێزەکانی دیکە بگەڕێت، بەهەمان شێوە لە هاوکێشەی هێزی نێودەوڵەتیشدا، راستە هێزی سەربازی و هێزی ئابووری گرنگە، بەڵام لەدەرەوەی ئەم هێزانە، سەرچاوەی دیکەی هێز هەن کە دەتوانرێت سەرنجی بەرامبەری پێ رابکێشرێت و بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەو مەبەستەی هەتە بۆت بەدی بێت، بۆیە لەم راستەوە ئەگەر هێز میکانیزمێك بێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی هەتە، ئەوا هێزی سەرنجڕاکێشان و قەناعەت پێهێنانی بەرامبەریش، سەرچاوەیەکی دیکەی هێزە و زۆر جار ئەوەی بە هێزی نەرم دەکرێت بە هێزی سەربازی و ئابووری نەکراوە، بەڵام گرنگیدان بەهێزی نەرم، واتای دەستبەرداربوون یان بێ بایەخکردنی هێزی سەربازی و هێزی ئابووری نییە، بەڵکو پێکەوە گرێدانەوەی کۆی سەرچاوەکانی هێزە بۆ ئەوەی هێزی زیرەك بەرهەم بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجی نەتەوەکەت و نیشتمانەکەت بە دیبهێنیت و ئەو مەترسی و هەڕەشانەی رووبەڕووی دەبنەوە دووریان بخەینەوە. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر نموونەی دەوڵەتان وەربگرین، بۆ نموونە زۆربەی دەوڵەتانی کەنداو، هێزەکەیان کە سەرنجی جیهانیان پێ راکێشاوە بوونی سەرچاوەیەکی گەورەی نەوتە، زۆر کەس لەوانەیە پێیان وابێت، ئەگەر وڵاتێك خاوەنی نەوت بێت، بەسە بۆ ئەوەی سەرنجی دنیا بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەڵام نموونەی گرنگ کە ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوە، وڵاتی نەرویژە کە ئەویش وەك دەوڵەتانی کەنداو خاوەنی پەترۆڵە، بەڵام سەرنجی جیهان لەسەر نەرویژ هۆکاری بوونی پەترۆڵ نییە، بەڵکو هۆکاری سیستمە دیموکراتیەکەی و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتەیە، کە جیهان ئەم وڵاتە بچووکەی دەسنیشانکرد بۆ ئەوەی کۆنگرەی گەورەترین پرۆسەی ئاشتی لە جیهاندا کە کۆنگرەی ئۆسلۆ بۆ پرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل لەو وڵاتە بەڕێوە بچێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر هۆکارەکە بوونی پەترۆڵ بوایە، دەبوو کۆنگرەی ئاشتی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لەبری ئەوەی لە نەرویژ بەڕێوە بچێت، دەبوو لە فەنزویلا بەڕێوە بچوایە، لەبەر ئەوەی ئاستی بەرهەمی پەترۆڵی فەنزویلا لە نەرویژ زیاترە. لەلایەکی دیکە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نموونە بهێنینەوە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە وەك گەلی کوردستان هێزە رەقەکەی ئەمریکا بۆ رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، بە هێزێکی باش دەزانین و لەبەر ئەوەی جۆرج دەبلیو بوش ئەو بڕیارەیدا بۆ ئەوەی هێزی سەربازی رژێمی بەعس بڕووخێت، ئێمە ئەمریکا بەگەورەترین دۆستی خۆمان دەزانین، بەڵام دوای ١٠ ساڵ بەسەر ئەم پرۆسەیە و کە ئێستا بارودۆخی عێراق دەبینین، هەست دەکەین تەنیا هێزی سەربازی نەیتوانی عێراق لە دیکتاتۆرییەوە بگۆڕێت بۆ دیموکراتی، ئەمەش مانای ئەوەیە راستە ئەمریکا توانی بەهێزی سەربازی رژێمی بەعس بڕووخێنێت بەڵام نەیتوانی بە هێزی نەرم عێراق وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی بونیاد بنێتەوە، بۆیە لەم خاڵەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی لە جیهانی تاکجەمسەری دوای شەڕی سارد، لەگەڵ تەنیا سۆپەر پاوەربوو لەڕووی سەربازییەوە لە جیهاندا، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەمریکا پێیوابوو ئەم بەم هێزەوە دەتوانێت کۆنترۆلی هەمووجیهان بکات و هەموو جیهانیش پێشوازی لێدەکات، بەڵام لە چەند ساڵی رابردوو وەك ئاکامی راپرسیەکان دەریانخستووە، ئاستی پێشوازی کردنی جیهان لە ئەمریکای سەردەمی جۆرج دەبلیو بوش لە داشکاندابووە، بە هاتنی باراك ئۆباما لەگەڵ ئەوەی ئۆباما کەوتە بەکارهێنانی هێزی نەرم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەرنجی جیهان بۆ ئەمریکا رابکێشێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی ئۆباما بۆ جاری دووەم

> **گرنگیدان بەهێزی نەرم، واتای دەستبەرداربوون یان بێ بایەخکردنی هێزی سەربازی و هێزی ئابووری نییە، بەڵکو پێکەوە گرێدانەوەی کۆی سەرچاوەکانی هێزە بۆ ئەوەی هێزی زیرەک بەرهەم بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجی نەتەوەکەت و نیشتمانەکەت بەدیبهێنیت**

> **راستە ئەمریکا توانی بەهێزی سەربازی رژێمی بەعس برووخێنێت بەڵام نەیتوانی بە هێزی نەرم عێراق وەک دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی بونیاد بنێتەوە**

بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکاش هەڵبژێردرایەوە، بەڵام سیاسەتەکانی ئۆباماش دەریانخستووە کە ئەم هێزەش بە تەنیا نەك هەر نەیتوانیووە سەرنجی جیهان بۆ ئەمریکا رابکێشێتەوە، بەڵکو لەزۆر بواردا ئاستی پێگەی ئەمریکی هاتۆتە خوارەوە لە زۆربەی کێشەکاندا رۆڵی ئەمریکا سنورداربووە، هەروەك لەدوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبییەوە ئەوەی رۆژئاوا ناوی لێنا (بەهاری عەرەبی)، ئەوا وەك دەبینین پێشتر ئەمریکا خۆشەویستتربووە نەك ئێستا، هەر بۆ نموونە ئەمریکا لە مەسەلەی لیبیادا نەیتوانی سەرکردایەتی ناتۆ بکات بۆ رووخانی رژێمی معەمەر قەزافی، راستە ئەمریکا لەگەڵ دەستێوەردانی سەربازی ناتۆ بوو بۆ لیبیا، بەڵام سەرکردایەتی هێرشەکەی نەکرد و پاشانیش وەك لە ئیدارەی یەکەمی ئۆباما بینیمان، دوای رووخانی رژێمی قەزافی، باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەو وڵاتە داگیرکرا، لەسەر مەسەلەی سوریاش، هەتا ئێستا ئۆباما نەیتوانیووە هەموو سەرچاوەی هێزەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ هێزێکی زیرەکی ئەوتۆ کە بتوانێت گەلی سوریا لەو نەهامەتیە رزگار بکات، بەپێچەوانەوە چین و روسیا بوونە هۆکارێك بۆ بەهێزتر بوونی رژێمی ئەسەد زۆربەی ئەو ناوچانەی کە پێشتر رژێمی سوریا لێی کشابۆوە، ئێستا ئەسەد جارێکی دیکە خەریکە سەرلەنوێ داگیریان بکاتەوە، ئەمریکاش بێجگە لەسەیرکردنی بارودۆخەکە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نییە، لەمەش سەیرتر هەڵوێستەکانی ئیدارەی ئەمریکایە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی میسر، کە لەیەکەم رۆژی لابردنی مورسی باڵیۆزی ئەمریکا لە قاهیرە هەڵوێستێکی هەبوو، لە هەفتەی رابردووش یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە قاهیرە هەڵوێستێکی دیکەی هەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ئێستادا هەست دەکرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا جۆرە راڕاییەك هەیە و تەنانەت لە ئاستی بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپیشدا ناتوانن راشکاوانە بڕیاری راشکاوانە لەسەر پرسە جیهانییەکان پیشان بدەن، کەواتە ئەمەش ئەو راستیەمان پێدەڵێت، کە پەنابردن بۆ هیچ هێزێك بە تەنیا ناتوانێت ئەو مەبەستە بەدی بهێنێت کە ئاواتی بۆ دەخوازن، بەڵکو پێویستە هەموو سەرچاوەی هێزەکان پێکەوە رێکبخرێن و هێزێکی زیرەکی لێ بەرهەم بێت و ئایندەی هێزیش لەسەدەی بیست و یەکەمدا تەنیا بۆ هێزی زیرەك دەبێت.

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هێزی زیرەك

ئەگەر لەو راستیەوە سەرنج لە گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بدەین، کە بڕیارە لەم مانگە گرێبدرێت و لە ئێستاوە ئامادەسازی بۆ دەکرێت، ئەوا دەگەینە ئەو راستیەی کە کورد لەم ساتەوە دەکەوێتە قۆناخێکی نوێ، ئەویش بوونی کاراکتەرێکی خاوەن هێزە کە هێشتا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی نییە، ئەمەش لایەنێکی دیکەیە لە چۆنییەتی وەرچەرخان و گواستنەوەی هێز لەسەدەی بیست و یەکەمدا، بەوەی هێز دەگوازرێتەوە بۆ کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی، ئەم کاراکتەر چالاکە کە لەم ناوچەیە دەبێتە خاوەنی هێز، سەرەتا ئەوەی بونیادناوە کە ئەم هێزە، هێزێکی سەرنج راکێشە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و دەتوانێت ببێتە فاکتەرێك بۆ بونیادی دیموکراتی و سەقامگیری و یارمەتیدەرێك بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەم هێزە گرنگە کە هێزی کوردە لە هاوکێشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنیا هێزە کە نەبۆتە بەشێك لە کێشمەکێشی مەزهەبی و شێوازی خەباتکردنی بۆ دیموکراتی نەگۆڕیوە بۆ دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکانی (کورد و عەرەب، کورد و تورك، کوردو فارس)، لەمەش گرنگتر ئەزموونێکی زیاتر لە ٢٢ ساڵ لە باشوری کوردستان بوونی هەیە، ئەم ئەزموونەش لەماوەی ٢٢ ساڵی رابردوو بەشێوەیەك سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، کە ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی دەوڵەتانی ئیقلیمی نەك ئەم کیانە کوردستانییە بە هەڕەشە بۆسەر خۆیان نازانن، بەڵکو وەك شەریکی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی ئابووری و بازرگانی سەیری دەکەن و بەهاوتای سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی خۆیان پێشوازی لەسەرۆك و سەرۆك وەزیرانی کوردستان دەکەن.

بۆیە لەم خاڵەوە دەکرێت ئاماژە بەچەند لایەنێکی زۆر ئەرێنی گرێدانی ئەم کۆنگرەیە بکەین و هەنگاوەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم کۆنگرەیە لەو چوارچێوەیەدا بخوێنینەوە کە چۆن بە ئاشکرا و بە بەشداری حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە باشوری کوردستان ئامادەسازی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەکرێت و بڕیاریشە بۆ ئەم کۆنگرەیە شاندی هەر چوار دەوڵەتی (عێراق و ئێران و تورکیا، لایەنی سوریا کە لەوانەیە ئۆپۆزسیۆنی سوریا بێت)، شاندی یەکێتی ئەوروپا و کۆمکاری عەرەبی و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسوڵی تەواوی ئەو وڵاتانەی کە لەهەرێمی کوردستان کونسوڵخانەیان هەیە، داوەت بکرێن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کورد خەریکە دەبێتە کاراکتەرێك بۆ هێزی زیرەك لەناوچەکەدا، دەتوانێت بەلایەنە جوانەکانی سیاسەت و کلتور و شێوازی حکومڕانی باش و لێبووردەیی سەرنجی جیهان بەلای

خۆیدا ڕابکێشێت و لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەم هێزە ڕێزی لێ بگیرێت و پەسەند بکرێت، ئەمەش وەك چۆن وڵاتانی باکوری ئەوروپا وەك سوید و فنلەندا و نەرویژ، بوونە ئەو هێزە زیرەکەی کە سەرنجی هەموو جیهانیان بۆ حکومڕانی باش و دیموکراتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ ڕاکێشاوە، ئەوان بە پێوەری هێزی زیرەك ئێستا گەورەترین سۆپەر سمارت پاوەرن لەم جیهانەدا، هەروەها چۆن تایوان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بتسوانا لە ئەفریقیا و چیلی و مەکسیك لە ئەمریکای لاتینی وەك هێزی زیرەك لە بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە ئاماژەیان پێدەکرێت، گرێدانی ئەم کۆنگرە نەتەوەییەی کوردیش، دانپێدانێکە بەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك سۆپەر سمارت پاوەری ناوچەکە سەیر دەکرێت، دەبێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو هێزە زیرەکە ڕێکبخرێتەوە کە ئێستا کورد پیادەی دەکات.

لەوانەیە ئەم خوێندنەوەیە بۆ گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەی ئاییندەی هێزەوە لەسەدەی بیست و یەکەم، لەسەرەتاوە جۆرێك لە دڕدۆنگی لای خوێنەر دروست بکات و ئەو پرسیارەی لا دروست بێت، چۆن کوردستانێکی بێ دەوڵەت دەبێتە سۆپەر سمارت پاوەر لەناوچەیەکی زۆر ئاڵۆزی وەك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئەمە لە کاتێکدا لەهەموو پارچەکانی کوردستان، بە کوردستانی باشوریشەوە هێشتا مەترسی هێرشی سەربازیمان لەلایەن بەرامبەرەکانمانەوە لەسەرە، نموونەش لەمبارەوە زۆرن، سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆماناو دەلالەتی هێزی زیرەك، لەبەر ئەوەی لەم قۆناخەی ئێستای هاوکێشەی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، بەشی زۆری کێشەکان بە هێزی سەربازی و جبەخانە چارەسەر ناکرێت و پێویستی بەوەیە کۆی سەرچاوەکانی هێزەکانیان لە چوارچێوەی هێزی زیرەکدا ڕێکبخەن بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، هەر بۆ نموونە ئەم حاڵەتە لە تورکیا باشتر لە سێ وڵاتەکەی دیکە(عێراق و ئێران و سوریا) هەستی پێدەکرێت، ئەمەش بەو مانایەی تورکیا لەڕووی سەربازی و ئابووری و بازرگانییەوە، لەهەرسێ دەوڵەتەکەی دیکە بەهێزترە، لەمەش گرنگتر تورکیا ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسییەوە و کاندیدی یەکێتی ئەوروپایە، بەڵام وێڕای هەموو ئەم باڵادەستیەی هێزی تورکیا لەهەموو بوارەکانەوە لەچاو ئێران و سوریاو عێراقدا، بەڵام تورکیا پێش هەموان بۆی دەرکەوت کە بەهیچ کام لەم هێزانە ناتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات بۆیە پەنای بۆ هێزی زیرەك برد، لەسەرەتا تورکیا پێی وابوو ئەگەر سیاسەتی سفر کێشە(وەك هێزێکی زیرەك) لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی پیادە بکات و هیچ کێشەیەك لەگەڵ دراوسێکانی نەهێڵێت ئەوا ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی تورکیا لەڕووی ئابورییەوە هەڵبستێتەوە و هەستانەوەی ئابووریش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کێشەناوخۆییەکانی نەهێڵێت بە تایبەتی کێشەی کورد، لەم قۆناخەدا تورکیا سیاسەتی سفر کێشەی تەنیا لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی پیادەکرد، بەڵام گرنگترین دراوسێی تورکیا هەرێمی کوردستان بوو کە دەوڵەت نەبوو، بۆیە لەسەرەتاوە زۆر لەوە دەترسا کە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەت و ئەم دەوڵەتەش ببێتە هۆکارێك بۆ ناسەقامگیری وڵاتەکەی، بەڵام پێداگیری سەرۆك بارزانی و سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی لەسەر پیادەکردنی هێزی زیرەك و سەرنج ڕاکێشانی هەموو جیهان بۆ شێوازی ئاشتیانەی حکومڕانی لەهەرێمی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی تورکیا چاو بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بخشێنێتەوە، لایەنی ئەرێنی لەم چاوپێداخشاندنەوەی تورکیا بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، تورکیا پێش هەموان لەسەر ئاستی ناوچەکە لە بایەخی هێزی زیرەك تێگەیشت، بۆیە لەگەڵ هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا و هەڵکشانی پەیوەندییەکانی هەردوولا لە بازرگانی و ئابوورییەوە بۆ سیاسیی و دیپلۆماتی، ئەوا توانرا ئەو دەرگایە بکرێتەوە چۆن دوو هێزی زیرەك ئەگەر ببنە شەریکی ستراتیژی دەتوانن سەقامگیر و ئاشتی لە ناوچەکە بێننە ئاراوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و بە هاندانی هەرێمی کوردستان، تورکیا گەیشتە ئەو قەناعەتەی سیاسەتی سفر کێشە، ئەگەر پیادە بکرێت وەك هێزێکی زیرەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕەخساندنی زەمینەیەك بۆ بوژاندنەوەی ئابووری و بونیادنانی دیموکراتی، ئەوا دەبێت لەسەر ئاستی دەوڵەتی و لەسەر ئاستی کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی و هەروەها دەبێت کێشە ناوخۆییەکانیش سفر بکرێنەوە، بۆ ئەمەش تورکیا هەنگاوی بۆ سیاسەتی کرانەوە هەڵگرت و بە ئاشکرا ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا کاتێك لە هەولێر بە ئاڵای تورکیا و کوردستان پێشوازی لێکرا بوێرانە بە جیهانی ڕاگەیاند، ئەو سەردەمە بەسەر چوو نکۆڵی لەبوونی کورد بکرێت، لەمەش گرنگتر بەشداری بەڕێز مسعود

**پەنابردن بۆ هیچ هێزێک بە تەنیا ناتوانێت ئەو مەبەستە بەدی بهێنێت کە ئاواتی بۆ دەخوازن، بەڵکو پێویستە هەموو سەرچاوەی هێزەکان پێکەوە ڕێکبخرێن و هێزێکی زیرەکی لێ بەرهەم بێت و ئاییندەی هێزیش لەسەدەی بیست و یەکەمدا تەنیا بۆ هێزی زیرەک دەبێت**

**ئەزموونی زیاتر لە ٢٢ ساڵ لە باشوری کوردستان بەشێوەیەک سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، کە ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی دەوڵەتانی ئیقلیمی نەک ئەم کیانە کوردستانییە بە هەڕەشە بۆسەر خۆیان نازانن، بەڵکو وەک شەریکی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی ئابووری و بازرگانی سەیری دەکەن و بەهاوتای سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی خۆیان پێشوازی لەسەرۆک و سەرۆک وەزیرانی کوردستان دەکەن**




**کورد خەریکە دەبێتە کاراکتەرێک بۆ هێزی زیرەک لەناوچەکەدا، دەتوانێت بەلایەنە جوانەکانی سیاسەت و کلتور و شێوازی حکومڕانی باش و لێبوردەیی سەرنجی جیهان بەلای خۆیدا رابکێشێت و لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەم هێزە ڕێزی لێ بگیرێت و پەسەند بکرێت**

**چۆن تایوان لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و بتسوانا لە ئەفریقیا و چیلی و مەکسیک لە ئەمریکای لاتینی وەک هێزی زیرەک لە بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە ئاماژەیان پێدەکرێت، گرێدانی ئەم کۆنگرە نەتەوەییەی کوردیش، دانپێدانێکە بەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک سۆپەر سمارت پاوەری ناوچەکە سەیر دەکرێت، دەبێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو هێزە زیرەکە ڕێکبخرێتەوە کە ئێستا کورد پیادەی دەکات**

بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی پارتی دادوگەشەپێدان و خوێندنەوەی وتارەکەی بەزمانی کوردی، ئەوەی بە هاووڵاتیانی تورکیا ڕاگەیاند، کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بە جیاوازییە نەتەوەییەکانمانەوە هاوبەش بین بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بژین.

ئەم ئاماژەکردنە بۆ وەرچەرخان لە سیاسەتی تورکیا و پشت بەستنی دەوڵەتی تورکیا لە هێزی ناتۆوەوە بۆ هێزی زیرەك، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هێزی زیرەك لەو رۆکێتە پەتریۆتانە کاریگەرترە، کە تورکیا لەسنورەکانی تورکیا بڵاوی کردەوە بۆ ئەوەی پریشکی ئاژاوەکانی سوریا نەگاتە تورکیا، بۆ ئەمەش بینیمان ئەو رۆکێتانە نەیانتوانی ڕێگە لەو ئاژاوەیە بگرن، هەروەها ئەوەی هێزی زیرەك لە هێزی سوپای تورکیا کاریگەرترە، لەبەر ئەوەی لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو زیاتر لە ٤٠ هەزار هاووڵاتی تورك و کورد بە کوشتن دران، بەڵام کێشەی کوردی لەو وڵاتە نەك هەر سەرکوت نەکرد، بەڵکو ئێستا لە ٣٠ساڵ لەمەوپێش خوێناوی تر دەبوو، بەڵام بە هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیالۆگ و شێوازی ئاشتیانە، ئەگەر وەك بەڕێز مسعود بارزانی لە پەیامێکدا بۆ دەستخۆشی لە حکومەتی تورکیاو پەکەکە، ئاماژەی پێکردووە، ئەگەر هەردوولا پەکەکە و حکومەتی تورکیا وەك ستراتیژ سەیری ئەم پرۆسەیە بکەن، ئەوا دەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

ئەم حاڵەتە چۆن بۆ تورکیا ڕاستە، بەهەمان شێوە بۆ دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکەش ڕاستە کە هەریەکەیان بەشێکی کوردستانی پێوە لکێنراوە، بەڵام جیاوازی تورکیا لەگەڵ وڵاتەکانی دیکە ئەوەیە، تورکیا هەنگاوێك لەپێشترە بۆ تێگەیشتنی لەهێزی زیرەك، وڵاتەکانی دیکە لەدواترن، هەر بۆ نموونە عێراقی دوای ٢٠٠٣ کە پێویستە عێراقێکی تازە بێت و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی بونیادبنرێتەوە، بەڵام هێشتا بەرپرسانی بەغدا، بەترسەوە سەیری چەمکی فیدرالی و دیموکراتی دەکەن و بەوجۆرە سەیری ئەو دەستوورە دەکەن کە ئەگەر جێبەجێ بکرێت دەوڵەتی عێراق دابەش دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە هێزێك دەبێت بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی و جێبەجێ نەکردنی دەبێتە هۆکارێك بۆ دابەشکردنی، حکومەتی بەغدا هەتا ماوەیەك پێش ئێستا هەوڵیدەدا بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق وەك یاسایەکی سزادان دژی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنێت، ئەو دەیویست هەرێمی کوردستان نەتوانێت نەوت بفرۆشێت و نەبێتە خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆی، بۆ ئەوەی نەتوانێت بێ فەرمانی بەغدا بکات،



**پێداگیری سەرۆک بارزانی و سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی لەسەر پیادەکردنی هێزی زیرەک و سەرنج راکێشانی هەموو جیهان بۆ شێوازی ئاشتیانەی حکومڕانی لەهەرێمی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی تورکیا چاو بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بخشێنێتەوە**

بەڵام کاتێك بۆی دەرکەوت هێزێکی زیرەك سیاسەتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی داڕشتووە و ئەو نەوت و گازە هەر دەفرۆشرێت بەغدا رازی بێت یان رازی نەبێت لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە، لەمەش گرنگتر هەرێمی کوردستان ئامادەیە داهاتی نەوتەکەی لەگەڵ هەموو عێراقیەکان بەش بکات، ئەوا دوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کردوو و راشکاوانە لەگەڵ بەغدا وتووێژی کرد، دەروازەیەك کرایەوە بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرێت، بۆیە ئەگەر حکومەتی بەغدا لەم بارودۆخە هەستیارەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پیا تێدەپەڕێت، بەتەواوەتی بگاتە ئەو قەناعەتەی بەکڕینی چەك عێراق بەهێز نابێت، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ هێزی زیرەك عێراق بەهێز دەبێت، ئەوا لەم قۆناخە کە ناسکترین و دژوارترین بارودۆخی عێراقە و عێراق خەریکە دەخزێتە نێو شەڕێکی گەورەی مەزهەبی خوێناوییە، دەروازەیەکی لێ دەکرێتەوە کە بتوانێت لەسەر پێی خۆی رابوەستێتەو، سەبارەت بە سوریا کە پێدەچێت کاتەکە درەنگ بێت رژێمی ئەسەد ببێتە بەشێك لە هاوکێشەی ناوچەکە، ئەوا گرنگە ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەڵەکانی ئەسەد دووبارە نەکەنەوە، ئەمجارە بەهێزی زیرەك مامەڵە لەگەڵ کوردانی رۆژئاوای کوردستان بکەن و، هەروەها بۆ ئێرانیش لەم کاتەدا کە سەرۆك کۆماری نوێ دەست بەکاردەبێت و جیهان بەجۆرێك لە ئومێدەوە لەم سەرۆك کۆمارە نوێیە دەڕوانێت، گرنگە کۆماری ئیسلامی پرۆسەی کرانەوە تەنیا لە چوارچێوەی پرۆسەی کرانەوەی ئێران وەك دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوا بچووك نەکاتەوە، راشکاوانەتر تەنیا هەوڵی کرانەوەی نەبێت لەسەر ئاستی دەرەوە، بەڵکو ئەم پرۆسەیە فراوانتر بێت و سیاسەتی ناوخۆشی بگرێتەوە، ئەوا ئێرانیش لەم بارودۆخە کە کەوتۆتە ژێر گەمارۆیەکی گەورەی نێودەوڵەتی، ئەوا دەروازەیەکی گەورەی لێدەکرێتەوە و هەتا ئەگەر گەمارۆکانیش بەزوویی هەڵنەگیرێن ئەوا دەتوانێت هەندێك باری ئابووری خۆی راست بکاتەوە.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەمرۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و زەمینە رەخساندن بۆ پێکەوەژیان تەنیا بە هێزی زیرەك دەکرێت و ئەوەی دوابکەوێت پاشان کێشەکانی ئاڵۆزتر دەبن.

### کوردستانی باشور و بونیادنانی هێزی زیرەك

مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمێکە، کە پێش تەنیا ٢٠ ساڵ وڵاتی سوتماکی دوای شەڕ و بەئەنقەست کاولکراو بووە، بەڵام ئێستا ئەم هەرێمە وەك رۆژنامەکانی فەرەنسا ئاماژەی پێدەکەن، هەڵمەتی

**بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق زۆر هەوڵیدا لایەنە عێراقیەکان بگەیەنێتە قەناعەت، کە عێراقی دوای سەدام حوسێن بە هێزی زیرەک بونیاد دەنرێتەوە نەک بە تۆڵە سەندنەوە**

**هێزی زیرەکی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەزۆر بواردا لەهێزی ناتۆ و ئەمریکا گرنگترە**

پەرەپێدان، هەرێمی کوردستانی کردۆتە بەچکە پڵنگێك لە چیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام پرسیاری گرنگ کە پێویستە لە خۆمانی بکەین ئەوەیە: ئایا چۆن ئەم بەچکە پڵنگە لەدایك بوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی بەڕێز مسعود بارزانی کە لەساڵی **١٩٩٢-١٩٩٣** وەڵامی گۆڤاری هارڤارد ریڤییو داوەتەوە، کە راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە، ئێمە وڵاتێکی کاولکراوین، هەژار نین، هێندە هاوکاریمان بکەن تا دەکەوینەوە سەرپێی خۆمان، ئێمە خۆمان دەتوانین خۆمان بەڕێوەبەرین، ئەم قسەیە مانای ئەوەیە بەڕێز مسعود بارزانی لە دەسپێکی پرۆسەی بونیادنانەوەی هەرێمی کوردستان، هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زیرەکانە سەرچاوەی هێزەکانی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە و ئەم هێزە بکاتە هەوێنی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم قسەیەی ئێمە دەیکەین تەنیا لەڕووی سۆزەوەیەو لە روانگەی خۆشەویستیمان بۆ مسعود بارزانی ئەیهۆنینەوە، یان قسەیەکە ئێستا تۆژەران و پسپۆران و دیپلۆماتکار و سیاسەتوانان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن چۆن ئەم هێزە زیرەکە بەرهەمهاتووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکرێت بگەڕێینەوە تەنیا بۆ ١٠ ساڵی رابردوو کە نەك کوردستان بەڵکو عێراقیش وەرچەرخانی گەورەی بەسەردا هاتووە لەوانە:

١. بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق زۆر هەوڵیدا لایەنە عێراقیەکان بگەیەنێتە قەناعەت، کە عێراقی دوای سەدام حوسێن بە هێزی زیرەك بونیاد دەنرێتەوە نەك بە تۆڵە سەندنەوە، ئەو بەراشکاوی رایگەیاند، هیچ کەسێك وەك ئەو نەهامەتی بەدەستی رژێمی بەعسەوە نەچەشتووە، تەنیا لە پرۆسەی ئەنفالی بارزانییەکان زیاتر لە **٣٠** کەسی نزیکی خۆی بێ سەروشوێنکراون، بەڵام مافەکانی میللەتی کوردستان لەوە گرنگترە کە لەروانگەی تۆڵە سەندنەوەی کەسیەوە هاوکێشەکان بخوێنرێتەوە، ئەمەش وایکرد کە ئەوکات بەڕێزی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، بەرەی کوردستانی لێبوردنی گشتی دەربکات و رێگە نەدات یەکریزی نێومالی کورد تێکبچێت، ئەوکات لەو کۆنگرەیەدا جۆرە رێککەوتنێك دروست بوو، بەڵام دوای رووخانی رژێمی پێشوو نەیانتوانی بەکردەیی پیادەی بکەن، بۆیە ئەوە عێراق گەیشتە ئەو ئاکامەی ئێستا دەیبینین.

٢. لەسەروبەندی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، مسعود بارزانی بەهەموو جیهانی راگەیاند ئەگەر لە باکورەوە تورکیا بێتە ناو خاکی کوردستان، ئەوا دەبێت زرێپۆشەکانی تورکیا بەسەر لاشەی ئەودا بێن، ئەمەش مانای ئەوەیە مسعود بارزانی کە خاوەنی ئەوپەڕی پەیامی ئاشتی و لێبوردەییە، کە کار گەیشتە ئەوەی بەرامبەر لەو زمانە نەگەیشت، ئەوا ناچار دەبێت پەنا بۆ هێزی دیکە بەرێت، ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە بەکارهێنانی هێزی زیرەك لەکاتی خۆیدا.

٣. لەدوای پرۆسەی رووخانی رژێمی پێشوو، هەرێمی کوردستان زیاتر لە پێشان کەوتە بەر مەترسی دەرەکی، زۆر گوشاری دەخرایە سەر بۆ ئەوەی شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی رێکخراوی پەکەکە وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی وەسف بکات، بەڵام بارزانی ئەمجارەش زیرەکی خۆی سەلماندنەوە نەك هەر پەکەکەی بە تیرۆریست وەسف نەکرد، بەڵکو هەنگاوەکانی بوونە هۆکاری ئەوەی کە پەکەکە ببێتە بەشێك لە پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا، ئەمەش سەرەتای رێگەکەیە بۆ ئەوەی پەکەکە لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستیەکان لەسەر ئاستی جیهان دەربهێنرێت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو سوپا گەورەیەی کە ئەندامی ناتۆ بوو، نەیتوانی مسعود بارزانی ناچار بکات هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، بەڵام هێزی زیرەکی بارزانی توانی رێگەی راست بۆ هەموو لایەك فەراهەم بکات و شەڕ و ئاژاوە دوور بخاتەوە.

**ئەو هێزە زیرەکەی بارزانی مەبەستیەتی لەم قۆناخە کورد ببێتە خاوەنی، تەنیا تێروانینێکی یەکلایەنە نییە، راشکاوانەتر هێزی زیرەک ئەو هێزە نییە کە تەنیا لایەنێک پێی رازی بێت، بەڵکو پێویستە لایەنی بەرامبەر پێی بگاتە قەناعەت و پێکەوە لەگەڵ لایەنی بەرامبەری پەیوەندار کێشەکان چارەسەر بکەن**

٤. لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەوە هەموو جیهان شاهیدی بۆ کورد دەدەن، کە کورد بەشێکە لەپرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و هەتا ئێستا کورد نەبۆتە بەشێك لە کێشەکان، هەر بۆ بیرهێنانەوە، دوای ئەوەی بە هەوڵەکانی مسعود بارزانی توانرا رێککەوتننامەی هەولێر گرێبدرێت و حکومەت پێکبهێنرێت، شەقامەکانی بەسرا بە ئاڵای کوردستان برازێنرێتەوە، با لەخۆمان بپرسین ئەگەر هێزی کوردستان هێندەی هێزی ئێستای ئەمریکا بوایە و لە تواناماندا بوایە بەسرا داگیر بکەین، ئایا دەتوانرا شەقامەکانی بەسرا بە ئاڵای کوردستان برازێنینەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە، چەند بە ئاڵای ئەمریکی شەقامەکانی بەسرا رازێنرانەوە هەر هێندەش بە ئاڵای کوردستان دەرازێنرایەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هێزی زیرەکی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەزۆر بواردا لەهێزی ناتۆ و ئەمریکا گرنگترە.

٥. رەنگدانەوەی ئەم هێزە زیرەکە لەناوەندەکانی توێژینەوە و لەو کۆڕ و کۆبوونەوە زیاتر بەدیار دەکەوێت، کە لەناوەندەکانی توێژینەوە جیهانییەکان بۆ بەڕێز مسعود بارزانی رێکدەخرێ، هەر بۆ نموونە لە کۆڕێکدا کە لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ بارزانی

ڕێکخرابوو، کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەری سابان لەو ئامۆژگایە بە ئامادەبوانی ڕاگەیاند، بۆ ئەو کەسانەی بەڕێز بارزانی ناناسن، ئەم پێشمەرگەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا و هەموو ڕێگەکان دەچنەوە لای ئەو، مارتن ئەندیك کە یەکێکە لە دیپلۆماتکارە بە ئەزموونەکانی ئەمریکا و ماوەیەك باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە ئیسرائیل، لەو کۆڕەدا بەمجۆرە پرسیاری لێکرد: جەنابی سەرۆك دەمانەوێت ئەزموونی خۆتانمان بۆ باسبکەن بەوەی چۆن توانیوتانە پەیوەندیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ئێرانی دراوسێتان دروست بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش سوودی لێوەربگرین؟ پرسیار لەوەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوەیە، ئایا هەرێمەکەی مسعود بارزانی بۆ ئەوەندە گرنگە کە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پاریس بێت بۆ فەرەنسا، ئایا مسعود بارزانی کام هێزی سەربازی و کام سەنتەری بازرگانی جیهانی لەبەردەستە کە توانیوویەتی هاوسەنگی لەگەڵ دراوسێکانی دروست بکات؟ بێگومان بارزانی بێجگە لەو هێزە زیرەکەی کە لەسەرچاوەی هێزە لۆکاڵیەکانی وڵاتی خۆی دروستکردووە.

### مسعود بارزانی و بەرپرسیاریەتی گەورەی نەتەوەیی

لەم قۆناخەدا بەڕێز مسعود بارزانی شانی داوەتە بەر بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی مێژوویی، وەك لە پەیامەکەی ڕۆژی ١٦ی تەمموز و هەروەها لە وتەکەی لەکردنەوەی کۆبوونەوەی ئامادەسازی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی ئاماژەی پێکرد، ئەو ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێت ئەرکەکانی جەنابی مام جەلال (کە ئێستا نەخۆشە و هیواداریین زوو بگەڕێتەوە بۆ لامان) بگرێتە ئەستۆ و هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی و یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان بپارێزێت، لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستانیش دیسان جارێکی دیکە بەرپرسیاریەتی جەنابی مام جەلال و بەڕێز عەبدوڵا ئوجەلانیش (کە هیواداریین بەزوویی ئازاد بکرێت) کەوتۆتە سەرشانی، بۆیە ڕاستە لەم قۆناخە بەڕێزی سەرپەرشتی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات، بەڵام ئەم سەرپەرشتیە بە نوێنەرایەتی دوو سەرۆکی دیکەیە کە بەڕێزان تاڵەبانی و ئۆجەلانە، ئەم هەڵوێستەی بەڕێز مسعود بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت، بۆ ئەوەی بتوانین تەواوی سەرچاوەکانی هێز لە هەر چوار پارچەی کوردستان یەك بخەین و هێزێکی زیرەکی لێ دروست بکەین، ئەوا گرنگە هەموو پێکەوە شانبدەینە بەر ئەم ئەرکە مێژووییەو هەموومان لەدەسکەوت و شکستی ئەم قۆناخە شەریك و هاوبەش بین، لەمەش گرنگتر ئەو هێزە زیرەکەی بارزانی مەبەستیەتی لەم قۆناخە کورد ببێتە خاوەنی، تەنیا تێڕوانینێکی یەکلایەنە نییە، ڕاشکاوانەتر هێزی زیرەك ئەو هێزە نییە کە تەنیا لایەنێك پێی ڕازی بێت، بەڵکو پێویستە لایەنی بەرامبەر پێی بگاتە قەناعەت و پێکەوە لەگەڵ لایەنی بەرامبەری پەیوەندار کێشەکان چارەسەر بکەن، بۆیە لەم لایەنەوە، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیە ئەوەیە کێشەی کورد بە شێوازی ئاشتی و دیالۆگ لەهەر چوار پارچەکە چارەسەر بکرێت، مانای ئەمەیە ئەم هێزە بە زمانی دیالۆگ ڕووبەڕووی بەرامبەر دەبێتەوە و پێویستی بەوەیە هەم کاریگەر بێت هەمیش کارلێك لەگەڵ بەرامبەر دروست بکات، هێزێك بێت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بپارێزێت و ڕێز لە بەرژەوەندییەکانی بەرامبەریش بگرێت، بۆیە لەگەڵ بیرۆکەی گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی، بیرۆکەیەکی کۆنە و دەمێك ساڵە بیری لێکراوەتەوە، بەڵام بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەم ساتە وەختەدا، بیرکردنەوەیەکی نوێی دەوێت، ئەم بیرکردنەوە نوێیە نەك هەر سنوری هەموو ئایدۆلۆژیەتە حزبیەکان دەبەزێنێت، بەڵکو پێویستە ئەم بیرکردنەوەیە بەرژەوەندی کورد لەناو کۆی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە و بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەش بدۆزێتەوە کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە، ئەمەش فێری ئەوەمان دەکات، چۆن کۆی هاوکێشەکە لەسەر جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە سەیر بکەین، نەك تەنیا سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆمان بکەین، ڕاستە ئێستا ئێمەی کورد بوینە کاراکتەرێکی سەرەکی ناو گەمەیەکی سیاسیی ئاڵۆز، بەڵام پێویستە گەمەکارێکی لێهاتووبین بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەر بۆ خۆمان ڕابکێشین، ئەمەش دروست ئەو حاڵەتەیە کە محەمەد حەسەنین هەیکەل گلەیی لە فرانسۆ میتران کردبوو سەبارەت بە هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر بە میسر دوای کارەساتی ١٩٦٧، لەوەڵامدا میتران بە هەیکەلی وتبوو، تۆ هەقی خۆتە گلەیی بکەیت، لەبەر ئەوەی تۆ لەمیسرەوە بەس ئیسرائیل دەبینی، بەڵام من لە پاریسەوە میسر و ئیسرائیل پێکەوە دەبینم، ئەوەش هۆکاری ئەو هەڵوێستەی فەرەنسایە کە تۆ گلەیی لێدەکەی، ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی لەم قۆناخە ئێمەش لەبەر چاوی بگرین، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە، تەنیا ئەو وڵاتانە دەبینین کە پێوەی لکێنراوین، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تەواوی ناوچەکە ببینین بە خۆمان و ئەو وڵاتانەشی کوردستانی پێوە لکێنراوە. ئەم بیرکردنەوە تازەیەش ئەرکێکی قورسە لەسەر شانی مسعود بارزانی و پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاری هەموو هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پسپۆڕانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە.

**بەستنی ئەم کۆنگرەی نەتەوەیی لەم ساتە وەختەدا، بیرکردنەوەیەکی نوێی دەوێت، ئەم بیرکردنەوە نوێیە نەک هەر سنوری هەموو ئایدۆلۆژیەتە حزبیەکان دەبەزێنێت، بەڵکو پێویستە ئەم بیرکردنەوەیە بەرژەوەندی کورد لەناو کۆی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە و بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەش بدۆزێتەوە کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە**

عەلی حوسێن
ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەم کۆنگرەیە خەونی بەدیهاتنی دەیان ساڵەیە بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە کاربکەن

**عەلی حوسێن بەرپرسی لقی دوو و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە بایەخ و گرنگی گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

هەروەك ئاشکرایە کورد بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەشکراوە، بە درێژایی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان هەوڵی ئەوەیان داوە کە کورد نەبێتە کێشە لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە لەگەڵیدا دەژین، بەڵکو کێشەی کورد یان کێشەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لەگەڵ حوکمڕانەکان بووە، کە دانیان بە مافەکانی کورد نەناوە، رەنگە ئەو دەرفەت و هەلومەرجەی ئێستا بۆ کورد رەخساوە لە ساڵانی رابردوودا بە درێژایی مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان نە هەلومەرجی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ کورد نەڕەخساوە و لەبارنەبووە، دیارە ئەمە خەونی لە مێژینەی سەرکردە گەورەو دیارەکانی ئێمە بووە، هەر لە بارزانیی نەمرەوە بگرە تا دەگاتە حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش، لە ماوەی سی بۆ چل ساڵی رابردووشدا لە کۆبوونەوەکانی لایەنە سیاسییەکان لەسەر مەسەلەی لێك نزیکبوونەوەو پێکەوە کارکردن و هەماهەنگیی ئەو مەسەلەیە باسکراوە، بەڵام نە هەلومەرجی نێوخۆیی کورد و نە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەبارنەبووە، ئەوەی گرنگە کە ئەو کۆنگرەیە ئەمڕۆ لەسەر خاکی کوردستان دەبەسترێ ئەگەر لە وڵاتێکی ئەورووپی بەسترابایە ئەو ماناو مەغزایەی نەدەبوو، چونکە ئێرە هەرێمێکی دانپێدانراوە بە پێی دەستووری عێراق، ماناکەشی هەم بۆ کوردە و هەمیش گەیشتینە ئەو ئاستەی کە ئەو میللەتانەی کە لێرە دەژین چ عەرەب یان تورك تەفەهومی تەواو بکەن لەو شوێنەی کە دانی پێنراوە کە کۆنگرەیەك بۆ نەتەوەی کوردی لێ دەبەسترێ، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتە ئیقلیمییەکان کە رەنگە قۆناغەکانی پێشتر یان ئەو بارودۆخەی لەبار نەبووە رەنگە سوودیان هەبووایە بەڵام ئێستا هەست دەکەین ئەنجامی سیاسەتی دروستی سەرکردایەتی کورد بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە دیالۆگ و تێگەیشتن و دیموکراسیانە خەریکە ئەوانیش لەمە دەگەن، هەروەها پەیامێکیشە بۆ ئەو میللەتانەی کە لەگەڵیاندا دەژین، کە پەیامی کورد پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و دیالۆگە، هەروەها لەهەمان کاتیشدا پەیامێك بێت بۆ دەوڵەتە ئیقلیمییەکان ئەوانەی کوردیان بەسەر دابەشکراوە، کە ئێمە دەمانەوێت بە پێی تایبەتمەندیی هەر پارچەیەك کێشەکانی کورد چارەسەربکرێت و پەیامێکیش بێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەم لەڕووی سیاسی و هەمیش لە رووی مرۆڤایەتی، ئێستا میللەت مابێت بەو ژمارە زۆرە لەسەر ئەم زەوییە کە خاوەن قەوارەو دەوڵەتی خۆی نەبێت تەنیا کوردە، بۆیە دەبێ بە ئاسایی وەربگرن کە ئەو میللەتە مافی خۆیەتی بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە بەڵام بە تەئکید نەك بە توندوتیژی و رەتکردنەوەی بەرامبەر بەڵکو بە دیالۆگ و لێکگەیشتن چ لەڕووی نەتەوەیی و چ لەڕووی ئایینی و پێکەوە ژیان، ئەمانە کۆمەڵێك فاکتەری گرنگن کە ئەمڕۆ لەوبڕوایەدام پەیامی کۆنگرەش بەو ئاراستەیە دەبێت.

سەعدی ئەحمەد پیرە

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ (گوڵان):

# کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پەیامی یەکگرتوویی و کۆدەنگی کورد و ئاشتییە بۆ هەموو لایەنەکان

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە سەبارەت بە بایەخی ئەم کۆنگرەیە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((کۆنگرەی نەتەوەیی بەیەکێك لەخەونە دێرینەکانی هەموو لایەنە سیاسییەکان دادەنرێت، بەتایبەتی لەناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو کە بە بەردەوام هەوڵی ئەوە درابوو جۆرێك لە هەماهەنگی لەنێوان پارتە سیاسییەکان دروست بکرێت، ئەوکات جەنابی مام جەلال و کاك مسعود بارزانی و دکتۆر قاسملۆ و ئۆجەلان کاك کەمال موخائیل و لە کوردی کوردستانی سوریاش کاك حەمید دەروێش بوو کە رۆڵی چالاکانەیان لەمبوارەدا هەبوو بەرادەیەك جۆرێك لەهەماهەنگی هەبوو کە چۆن ئیدارەی ئەو ناکۆکیانە لەم ناوچەیە بکەن، بەڵام بارودۆخی بابەتیانەی ئەوکات لەبار نەبوو بۆ گرێدانی ئەو کۆنگرەیە. ئەمڕۆ گۆڕانکاری گەورە بەسەر ناوچەکەدا هاتووەو و لەسوریا رژێمی بەعس لەئەگەری مان و نەمانەو کورد تاڕادەیەك ئازادی رادەربڕین و خۆساخکردنەوەی هەیە و هەروەها لە تورکیاش هەیە لەبری ئەوەی ناوی کوردستانی لە کورد هێرشی بکرێتە سەری، ئێستا ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی لەو وڵاتە ببینین و هەیە تەنانەت گفتوگۆیەکی ئاشتیانەش لەنێوان کورد و حکومەتی تورکیا هەیەو پرۆسەی بەرەو ئاشتی لەگەڵ PKK هەیە؛ لەئێرانیش دوای ئەوەی دکتۆر حەسەن رۆحانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە سەرکەوتنی بەدەستهێناو بەیەکێك لەو کەسایەتیانە دادەنرێت کە لەبەرنامەی هەڵبژاردنەکەی خۆی داوای خاوکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات، لەناوخۆی کوردستانی عێراقیش دا کە پێشتر رووبەڕووی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و راگواستن ببۆوە ئەمڕۆ لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکاری هەموو لایەنە سیاسییەکان، لەقۆناغی پێشکەوتن و گەشەپێداندایە، بەرادەیەك ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان کەوتۆتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی، ئەم فاکتەرانە هەمووی لەبارە بۆ گرێدانی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد. جێگەی ئاماژە پێکردنە پێشتریش لەو دوو قۆناخەدا بەرنامەی کاری هاوبەش لەنێوان پارچەکانی کوردستان هەبووە، ئەویش خەباتکردن بووە لەچوارچێوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو، کە کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی تێدابووە و رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە بۆ ناساندنی کورد بە ئەوروپا، کۆمەڵێك خەڵکی چالاك رۆڵیان تێدا گێڕاوە وەك د.کەمال فوئاد، عیسمەت شەریف وایلی، بەدرخان، د.وریا رواندزی. قۆناخی دووەمی پێکەوە خەباتکردن بووە لەچوارچێوەی کۆنگرەی (KNC) ئەم کارکردنە هەرچەندە سنورداریش بووە، بەڵام توانیبوویان لە ئەمریکا کوردی هەموو پارچەکان لەخۆ بگرێت، هەروەها KNKکە بارەگاکەی لە ئەڵمانیا بووە ئەوانیش هەموو پارچەکان پێکەوە خەباتیان کردووە، بۆیە ئەمە هەموو هەوڵدان بوون بۆ پێکەوە خەباتکردن، بەڵام هیچ کام لەمانە وەك ئەم کۆنگرەیە نییە لەبەرئەوەی سەردەمی ئەم کۆنگرەیە جیاوازە و لەمەش گرنگتر لەسەر خاکی کوردستانیش گرێدەدرێت. لەم کۆنگرەیەدا هەوڵی ئەوە دەدرێت کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ببێتە فاکتەرێکی گرنگی خاوکردنەوەی گرژییەکان کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکان هەیە. هەربۆیە ئەم کۆنگرەیە جگە لەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەهەرچوار پارچە لەخۆدەگرێت و ئەو لایەنە سیاسییانەش بەهەموو توێژ و چینەکانی گەنج و ئافرەت و رۆشنبیر و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی گەلی کوردستانی تێدا دەبینرێت، هاوکات ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدارە بیانییەکانیش میوانداریێتی دەکرێن کە گرنگیان بەکورد داوە، هەروەها دامەزراوە جیهانییەکانیش وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپاو کۆنفرانسی ئیسلامی و نوێنەرانی جامیعەی وڵاتانی عەرەبی و کۆمکاری هاریکاری کەنداو و نوێنەری ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. بەمشێوەیە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پەیامێکی یەکگرتوویی و کۆدەنگی کورد و ئاشتییە بۆ هەموو لایەنەکان، هەربۆیە پێموایە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەگەیاندنی پەیامی کۆدەنگی کورد و ئاشتی سەرکەوتوو دەبێت.))

# گرێدانی ئەم کۆنگرەیە ئاماژەیە بۆ ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا

**ئەبوبەکر عەلی**
**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:**

ئەبوبەکر عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، گرێدانی ئەم کۆنگرەیە بە ئاستی هۆشیاری هێزەکانی کوردستان دەزانێت، سەبارەت بەگرنگی ئەم کۆنگرەیە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

بێگومان لەڕووی نەتەوایەتییەوە کاریگەریی زۆری هەیە، بەڵام بەستنی کۆنگرەکە ئاماژەیەکی خێرە لەسەرەڕێی بەرەوپێشچوونی بزاڤی نیشتمانی خەڵکی کوردستان، بەڵکو بەشێك لەو ئامانجانەی کە لەپشت کۆنگرەکەیەوە و هیواداریین بێتەدی بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە کە هیواداریین سەرکەوتووبێت، ئاماژەشە بە تێپەڕاندنی کۆمەڵێك ژان و ژوار و ناکۆکی یەکدی قبوڵ نەکردن لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و باڵەکانی کوردایەتی لەسەر ئاستی هەر پارچەیەك و لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەکانی کوردستان، ئەگەر بەتەواوەتیش پەیڕەو نابێت ئاماژەیە بۆ تێپەڕاندنی، کە بەلانی کەمەوە تێپەڕێنراوە، دووەم ئاماژەیە بە هۆشیاریی گرنگی لانی کەمی بوونی یەکێتیی نەتەوایەتی لە نێوان هێزەکانی کوردستان و بوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش و هەماهەنگی بۆ بەرەوپێش بردنی دۆزی نەتەوایەتی، سێیەمیان تێگەیشتنە لەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە جیهان و ناوچەکە هاتۆتە پێشەوەو قۆستنەوەی دەرفەتەکان بە قازانجی بەرەوپێشبردنی ئامانجە نەتەوەییەکان لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان و وەلانانی دژبەیەکی هێزەکان لەگەڵ یەکترداو کۆکردنەوەی تواناکان بە ئاراستەی بەدیهێنانی زۆرترین هێڵ بەزاندنە لەو واقیعەی کە سەد ساڵە لەدوای سایکس بیکۆوە بەسەر کوردا سەپاوە، خاڵی چوارەم ئاماژەیە بە تێپەڕاندنی ئایدیۆلۆجیا کە ئێستا کۆبوونەوە بەدەوری ئامانجە نەتەوەییەکاندا جارێکی دیکە ئەوەمان بیردەخاتەوە کە خەمە نەتەوەییەکان دەچنە پلەی یەکەم و خەمە ئایدیۆلۆجیەکان دەچنە پلەی دووەم، خاڵی پێنجەم نیشاندانی سیمایەکی نوێ لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان کە سیمایەکی ئاشتیخواز و دادخوازانەیە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەم خاڵانە بایەخی کۆنگرەکە دەسەلمێنن، کە هیواداریین کۆنگرەکە سەرکەوتووبێت و بتوانێت ئامانجی یەکتر تەواوکردنی هێزەکان بێت لەسەر ئاستی هەر پارچەیەکدا و لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان، هەروەها چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ململانێیەتی کردنی کورد لەسەر ئاستی جیهاندا لانی کەم سەرەتاکەی دەست پێبکات.

## مەڕوان گەلاڵەیی

## ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان:

# ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی ئەم کۆنگرەیە بەپێویست دەزانین و ئومێدەوارین هەر چوار پارچەی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە

مەڕوان گەلاڵەیی ئەندامی مەکتەبی سسیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، وێڕای ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لەسەرەتا و سەبارەت بە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە هەندێك ڕەخنەیان هەبوو، بەڵام لە لێدوانێکی تایبەت بە گولان بەمجۆرە باسی گرنگی ئەم کۆنگرەی کرد:

((ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان بەستنی کۆنگرەیەکی ئاوا بە پێویست دەزانین، بۆ یەکخستنی دەنگی کورد، ئەو کۆنگرەیە هەنگاوێك و سەرەتایەکە بۆ کۆکردنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و یەکخستنی هەموو ئەو دەنگە نارەزاییانە کە تا ئێستا لەنزیکەوە لێك حاڵی نەبوونە، ئێمەش وەکو کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان دیارە تێبینیمان هەبوو لەسەر شێوازی بەستنەکەی و بەشداریپێکردنی ئەو خەڵکەی، بەڵام بەڕاستی ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی قوربانیمان بەخۆمان داوە لەپێناو میللەتەکەمان، هیواداریشین کە سەرکەوتووبێت و ئامانجەکانی خۆیشی بێنێتەدی، لیژنەیەکی پسپۆریش پێك بێت کە گفتوگۆ لەسەر ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیە بکات، خاڵە ئیجابییەکانی دەست نیشان بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەری و خاڵە سلبییەکانیش دەست نیشان بکات بۆ ئەوەی چارەسەریان بکات، چونکە هەر کۆنگرەیەك کە دەبەسترێت ئەگەر ئامانجەکان بەجێ نەهێنێت خەڵك لێی بێزار دەبێت بۆیە هیواداریین ئەم کۆنگرەیە کۆکردنەوەی کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان بێت، دەبێ ئەوەش بڵێین میللەتی کورد ستەملێکراوە پێش سیساڵیش هەر ستەمی لێکراوە، کاتی بەستنی کۆنگرەکە بە درەنگی دەزانین، دەبووایە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی ئازادبوونی کوردستان ببەسترایە، بەڵام دیارە زەمینەسازی بۆ نەکراوە، هیوادارین یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بێت، تاکو میللەتی کوردیش وەکو میللەتانی دیکە خاوەنی دەوڵەت و ئاڵاو بڕیاری تایبەتی خۆی بێت)).

غەفور مەخموری
سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان- ئەندامی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە:

# لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بڕیاریداوە نوێنەرانی کوردی کازاخستان و ئەرمەنستان و ئۆزپاکستانیش بەشدار بن

لە رۆژانی رابردوودا کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئامادەکاریمان بەردەوام بووە، تێیدا کۆمەڵێك کار ئەنجامدراوە، بۆ نموونە توانیمان کات و شوێنی بەستنی کۆنگرەکە دیاری بکەین و هەموولایەك رێککەوتووین کە لە ٢٤ و ٢٥ و ٢٦ی مانگی ئاب کۆنگرەکە لە هەولێر ببەسترێت و ٦٠٠ ئەندام لە کۆنگرە بەشدار دەبن، دەبێ لەو ٦٠٠ ئەندامەش ٤٠٪ی ئافرەت بێت، هەروەها بەپێی وردەکاری دیکەش بۆ ئەو دابەشکردنە ٣٥٪ی بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە،٤٥٪ی بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستانی گەورەیە ١٠٪ی بۆ کەسایەتییە ناسراوەکانە، ئەوانە هەمووی بەو شێوەیە دابەش دەکرێت، دێنە ناو کۆنگرەکە دواتر ئەو ٦٠٠ ئەندامە بەسەر بەشی پارچەکانی کوردستان دابەش دەکرێتەوە، لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢٠١٣/٨/٣) بڕیارمان لەسەر کۆمسیۆنەکان دا، هەشت کۆمسیۆن پێکهاتووە، کۆمسیۆنی پرەنسیبە هاوبەشەکان، کە ئەو کۆمسیۆنە پرۆژەیەك ئامادە دەکات بۆ کۆنگرە سەبارەت بەو خاڵە هاوبەشانەی لەنێوان پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەن، کۆمسیۆنی سیاسی کە ئەویش بەرنامەیەکی سیاسی ئامادەدەکات و وەك پرۆژەیەك دەیخاتە بەردەم کۆنگرە، کۆمسیۆنی ئیکۆنۆمی و ئیرکۆلۆژی واتا ئابووری و ژینگە ئەویش راپۆرتێك ئامادە دەکات لەڕووی ئابووری و پاراستنی ژینگە لە کوردستانی گەورە، کۆمسیۆنی کۆمەڵگای ئازاد راپۆرتێکی شیکاری دەکات لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستانی گەورە، کە دەبێتە سێ بەش: بەشی کۆمەڵگای سڤیل و بەشی ئافرەتان و بەشی لاوان، کۆمسیۆنی راگەیاندن کە بتوانێت یەك وتاری هەبێت لەڕووی راگەیاندنەوەو بتوانین کە دەنگی خۆمان بگەیەنینە کەناڵەکانی دیکەی نێو دەوڵەتی، کۆمسیۆنی پاراستنی مافی رەوا کە باس لەو هەڕەشانە دەکات کە لە باکوور و رۆژهەڵات و لە رۆژئاوا لە باشووریش هەیە لە کاتی پێویستدا، راستە ئێمە پەیامی ئاشتیمان هەیە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەو میللەتانەی لەگەڵیان دەژین، بەڵام لە کاتێکدا هەڕەشەمان لێکرا ئەو مافەمان هەبێت بەرگری لە خۆمان بکەین، ئەو کۆمسیۆنانە لە رۆژانی داهاتوودا دەست بەکاردەبن و راپۆرتەکانیان ئامادە دەکەن بۆ کۆنگرە، هەروەها بڕیاردراوە لە کۆنگرەکە کوردی ئاسیای ناوەڕاست واتا کوردی کازاغستان و ئۆزبەگستان و ئەرمەنستان ئەوانەش وەك ئەندام بەشداربن، هەروەها کوردی ئەردەن و لوبنانیش بەشداربن، کۆمیتەی ئامادەکاریش وەکو یەك تیم و وەك کورد کاردەکات دوور لە حزبایەتی و لێکگەیشتنێکی باش لە نێویاندا هەیە، ئەوەی تێبینی دەکەین بەستنی کۆنگرەکە لەو کاتەدا گرنگە، هەوڵێکیشە بۆ رێکخستنەوەی نێوماڵی گەورەی کورد و گوتاری سیاسیی کورد و هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەموو هێز و لایەنکانی کوردستان بە شێوازێکی دیکە پەرە بە خەباتی سیاسی خۆیان بدەن، لەرووی دەروونیشەوە بەستنی ئەم کۆنگرەیە کاریگەریی دەبێت بۆ سەر دەروونی تاکەکانی کورد، هەست بەوەدەکەن کە ئەمڕۆ رێبەرایەتی سیاسی کورد هەوڵی رێکخستنەوەی نێوماڵی کورد دەدات، هەست دەکەن کورد یەك میللەتەو ئەم کۆنگرەیە تێکشکاندنی ئەو سنوورە دەستکردانەی نێوان پارچەکانی کوردستانە و بەرزکردنەوەی گیانی بەرگرییە و بۆ ئەوەی هەست بکەن ئەگەر لە ئامەد یان قامشلی یان مەهاباد یان هەولێر بن، هەمووی بە کوردستان بزانن.

**شەماڵ پیرە**

**بەرپرسی کۆمیتەی ناوەندی پارتی ئازادیی کوردستان بۆ گوڵان:**

# هیوادارین کۆنگرەی نەتەوەیی یەکڕیزی و یەک وتاری لەنێوان هەر چوار پارچەکە دروست بکات

**شەماڵ پیرە بەرپرسی کۆمیتەی ناوەندی پارتی ئازادی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر گرنگی کۆنگرەی نەتەوەیی هاتە ئاخاوتن:**

((کۆبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد یەکێك بوو لەو ئاواتانەی کە ئێمە وەکو پارتی ئازادیی کوردستان و هەموو نەتەوەی کورد بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە کۆمەڵگەی کوردستان کە ساڵەهای ساڵە چاوەڕوانی دەکەن، ئێمەش وەکو پارتی ئازادیی کوردستان کە یەکێکە لە پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەو ڕۆژەوەی دامەزراوین باس لە کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەین، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەتوانێ لە نێوان کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی، لەنێوان بزووتنەوەی کوردو نێوماڵی کورددا یەك وتاریی و یەکڕیزیی دروست بکات، ئێمە چاوەڕوانیمان لەو کۆنگرەیە ئەوەیە لانی کەم پرەنسیبی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی بۆ کورد بچەسپێنێت، لەگەڵ ئەوەی کە هەر پارچەیەك لە کوردستان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی چارەنووسی سیاسی لە ڕێگەی ریفراندۆمێکەوە دەتوانێ هەنگاوێکی گرنگ بێت بۆ چارەنووسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هیوادارین ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتووبێت، داواش دەکەین لە هەموو خەڵك و هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە پشتگیریی بکەن لە هەمان کاتیشدا مەسەلە نەتەوەییەکان و پرس و بابەتە دیموکراسییەکان و مافی ژنان و لاوان و منداڵان و ئەو پرس و بابەتانەی کە لە کۆمەڵگەیەکدا لەسەر بنەمای دیموکراسی دابمەزرێنین، نابێ لەبیر بکرێن.



# حکومەتی عێراق و جینۆسایدی بارزانییەکان

## کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگەی بۆ ئەنفالی گەرمیان و کیمیاباران خۆشکرد



پرۆفیسۆری هاریکار عەلی تەتەر

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، تاوانێکی گەورەی حکومەتی بەعسی عێراقە بەرانبەر بە مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی و بەرانبەر بە گەلی کوردستان بە تایبەتی. حکومەتی عێراق بەم کارە نامرۆڤانەو بە بێسەروشوێن کردنی کوردانی فەیلی و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال، بۆ جیهانی سەلماند کە ئەوان شایستەی ئەوە نین کە لە جیهانی مرۆڤایەتی و شارستانیدا بژین.

پاش رێککەوتنی جەزائیر، ١٠ گوندی ناوچەی مزووری لە ٢٩ی ئەیلوول ١٩٧٥ بە فرۆکە راگوێزرانە بارزان و لەوێش رەوانەی پارێزگای دیوانیە لە باشووری عێراق لە قەزای عەفەك لە بیابانەکانی شافعیە، ئەلفدێر، فەوارە جەحێش و مەرەجویجە کران، ئەم گواستنەوەیان ئەوەندە خێرا بوو کە لێ نەگەڕابوون هیچ شتێك لەگەڵ خۆیاندا ببەن. چواردە گوندی دیکەیش لە بەرۆژی بارزان هەمان رۆژ بە سەڵتی بۆ باشوور گوێزرانەوە. هەروەها ١٠ گوندی نزاری بارزانیش بە هەمان شێوە راگوێزرانە باشوور و خانووبەرەکانیان بە T.N.T تەقێندرانەوە. بارزانیەکان لە چوار کومەڵگا بە ناوی کومەڵگەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٤) نیشتەجێکران. ئەم شوێنە ناخۆشەو بێکار و دەرامەتە لە باشوور و ناوەڕاست، بۆ بارزانیەکان وەکو دۆزەخ وابوو، تا ساڵی ١٩٨٠ لەوێ مانەوەو ئینجا راگوێزران بۆ کۆمەڵگای قوشتەپە لە باشووری هەولێر.

نزیکەی ٧٧ گوندی دەڤەری مزووری و شێروان، لە مانگەکانی حوزەیران و تەمموزی ١٩٧٨ بۆ کۆمەڵگەکانی گۆڕەتوو و دیاناو حەریر و بەحرکەو قوشتەپە راگوێزرابوون. دووبارە ئەوانەی لە گۆڕەتوو لە باکووری مێرگەسۆر نیشتەجێ ببوون، بۆ شاخۆڵان راگوێزران و ئەوانی دیکەش لە شوێنی خۆیان مانەوە. حکومەتی عێراق زۆر بە وردی چاودێری جموجۆڵی ئەم بارزانییانەی دەکرد، دەنگ و رێوشوێنی رێبازی سۆفیگەرییان لەلایەن ئەمنەوە تۆمار دەکرا. پێوەندییەکانی ئەم خەڵکە لەگەڵ شێخ عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەد بارزانی لە بەغدا و خورشیدی خوارزای شێخ ئەحمەد لە باشوور لە ژێر چاودێری و بەدواداچوونی حکومەت بوو، بە تایبەتی ئەو بارزانییانەی لە دیانا نیشتەجێ ببوون و پێوەندییەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی هەبوو، ئەمەش بۆ حکومەتی عێراق جێی مەترسی و نیگەرانی بوو؛ چونکە بەردەوام ئەو کەسانە هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو دوپاتدەکردەوە.

حکومەتی عێراق لەو ماوەیەدا، بە تایبەتی پاش هەڵگیرسانی جەنگی ئێران و عێراق، نالۆژیکانە رەفتاری لەگەڵ بارزانییەکان دەکردو بە چاوی شکست خواردوو و تۆڵەسەندنەوە تەماشایانی دەکرد؛ چونکە حکومەتی عێراقیش ناچار ببوو لەسەر شۆڕشی کورد، بە تایبەتی رۆڵی دیاری بارزانییەکان، چاوپۆشی لە بەشێك لە خاك و ئاوەکەی بکات و تووشی سەرشۆڕی و شەرمەزاری ببێت؛ بۆیە هیچ کاتێك کورد بە قەد ئەو ماوەیە تووشی ئەشکەنجەی رەوانی و سووکایەتی پێکردن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نەبووە.

## ئەنفالی بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٨٣

دوای سێ ساڵ لەشەڕی نێوان عێراق و ئێران، ئاستی شەڕەکە لە نێوان هەردوو دەوڵەت هەموو لایەکی گرتبۆوە، ئێران هەوڵیدەدا ئەو گوشارەی لە بەرەکانی باشور لەسەری بوو کەمبکاتەوە و عێراق ناچار بکات بەشێك لە هێزەکانی بگێڕێتەوە بۆ باکور، بۆیە لە هاوینی ١٩٨٣ خۆی بۆ هێرشێکی فراوان بۆ سەر بەرەکانی باکووری جەنگ ئامادە کردبوو؛ بۆ ئەوەی بتوانن هێرشێکی فراوان بکەنە سەر بەرەکانی بەسرا لە رۆژهەڵاتی دیجلە، هێزەکانی ئێران لە ٢٢ی تەمموزی ١٩٨٣ هێرشێکی سەختیان بردە سەر حاجی ئۆمەران، سوپای ئێران تا قووڵایی ٢٠کم لە سەر جادەی هامیلتۆن چوونە پێشەوە و مەترسی پەیدا ببوو کە سەرانسەری ناوچەی رواندز بگرێت. لەم هێرشەی ئێراندا بۆسەر بەرەی باکور، ئەگەرچی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی لەم شەڕەدا بێدەنگ کردبوو، بەڵام حکومەتی عێراق، وای بۆ دەچوو کە ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی پارتی لەم شەڕەدا بەشدارن، سەدام و بەعس ئەو بۆچوونەیان کرد بە بیانوویەك، لەبەر ئەوەی سەدام حوسێن لە بیانوویەك دەگەڕا کە زەربەیەك لە بارزانیەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بدات؛ چونکە لە هەبوونیان ئاسوودە نەبوو. سەدام حوسێن بە چاوی دوژمن و تاوانبار تەماشای بارزانیەکانی دەکرد کە ملکەچییان بۆ حکومەتی عێراق و حزبی بەعس نەبووە. پارتی مەترسی ئەم هێرشەی دەزانی و هەتا فەرمانی دابوو کە هەموو کەمپەکانی جەماوەری پارتی و پەنابەرانی کورد لە ئێران چۆڵ بکرێن؛ چونکە چاوەڕوان دەکرا حکومەت هێرشێکی توند بکاتە سەریان.

مەسعوود بارزانی دەڵێت:

«ساڵی ١٩٨٣ ئێمە لە شەڕی حاجی ئۆمەران بەو شێوەیەی کە حکومەتی عێراق باسی لێدەکرد بەشداریمان لەو شەڕەدا نەکردبوو، هێزەکانمان لە ناوچەی (ناودەشت) بوون و بەرەی شەڕی ئێمە لەگەڵ ئەوان جیاواز بوو و ورژاندنی بەشداری پارتی دیموکراتی کوردستان لە جەنگدا، تەنیا بیانوویەك بوو بۆ لەناوبردنی بارزانییەکان».

هەتا حکومەتی ئێران بەڕێوەبردنی ئەم ناوچەیەی نەدابووە دەست پارتی، لە کاتێکدا کە ناوچە و دەوروبەری لە ژێر کاریگەری پارتیدا بوون، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتیەکەی دابووە دەست هێزەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی.

لە یەکەم خوتبەی نوێژی هەینی تاران پاش گرتنی حاجی ئۆمەران، کە گوزارشت لە هەڵوێستی فەرمی حکومەتی ئیسلامی ئێران دەکرد، عەلی ئەکبەری هاشمی رەفسنجانی سەرۆکی پەرلمانی ئێران وتی:

**پاش هەڵگیرسانی جەنگی ئێران و عێراق، حکومەتی عێراق نالۆژیکانە رەفتاری لەگەڵ بارزانییەکان دەکردو بە چاوی شکست خواردوو و تۆڵەسەندنەوە تەماشایانی دەکرد؛ چونکە حکومەتی عێراق ناچار ببوو لەسەر شۆڕشی کورد، بە تایبەتی رۆڵی دیاری بارزانییەکان، چاوپۆشی لە بەشێک لە خاک و ئاوەکەی بکات**

**بیانووی بەشداری کوردو بارزانییەکان لە هێرشی حاجی ئۆمەران نەببووە هۆی رق و کینەی سەدام بەرانبەر بە بارزانییەکان، بەڵکو رق و کینەی کۆنی سەدام بەرانبەر بە بارزانییەکان ببووە هۆی ئەو هەڵوێست وەرگرتنە، و دەیویست بێ توانایی سەربازەکانی پێ بشارێتەوە**

**بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق، لە ٣٠ی ئابی ١٩٨٣ سەرۆکایەتیی مەحکەمەی سەورەی بەعس بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ ئەو بارزانیانەی کە سەر بە بنەماڵەی شێخانی بارزان بوون، دەرکرد**

«ئێمـــە رێ نادەین ئەو گرووپـــە بچووکانەی عێراقی کە هەر یەك ناوێکی لەخۆ ناوە، دەســـت لە چارەنووســـی گەلی موسڵمانی عێراق وەربدات.»

ئەوەش سیاســـەتی ئێرانی بە راشـــکاوی دیار دەکرد، کە رێگای نەدەدا کە گرووپە سیاســـییەکانی کە ملکەچی ئێران و سیاســـەتەکەی نەبوون، لە ئایندەی عێراقدا بەشـــدار ببن. بێگومان ئەم سیاســـەتەی حکومەتی ئێران بەشـــێکی زۆری حزبە کوردستانیەکانیشی دەگرتەوە.

بەپێی راپۆرتی فەیلەقی یەکی سوپای عێراقیش هۆکاری ئەم شکستەیان، بۆ ئەوە بووە بارودۆخی ئامادەکاری و بەرگری هێزەکانیان بەرانبەر بـــە ئێران لە باڵەکایەتی باش نەبوو؛ بۆیە فەیلەقی یـــەك داوای کردبوو کە هەمـــوو گەلییەکان بگرن و پـــردەکان بڕووخێنن تا ســـوپای ئێـــران نەتوانێت بێتە پێش. بەڵام ئەوەی زیاتر حکومەتی عێراقی هەراسان کردبوو تەوەری ســـیدەکان- دیانا بوو، کـــە رێگایەکی کراوە بـــوو و ئێران بە ئاسانی دەیتوانی ناوچەی رواندز بگرێت و تەواوی هێزەکانی عێـــراق بکەوێتە دورپێچی هێزی دوژمنەوە، کە هەموو ناوچە ئیدارییـــەکان و چەك و جبەخانەی ســـەرەکی فیرقە لە دیانا بوو و ئەگەر هێرشـــی ئاسمانیشی کرابوایە سەر، ئەوە زیانی یەکجار زۆرتر دەبوو.

بەم شێوەیە ئەمنی فەیلەقی یەکی سوپای عێراق، کوردی بە مەترســـی گەورە لە پشـــت هێزی عێراق دانا بوو و ئەگەر ئێران هێرشی کردبا ســـەر ناوچەی دیانا، یان هێزەکانی کورد لە لای باکووری دیاناوە هێرشیان هێنابوایە سەر ئەو ناوچەیە، مەترســـی ئەوەش هەبوو کـــە هێزەکانی لایەنگیری پارتی کە بەشـــی زۆریان بارزانی بوون کە تا شارۆچکەی حەریر بڵاو ببـــوون، راپەڕینێکیان دژ بە حکومەت کردبا. ئەوەش ترســـی ســـەرەکی رژێمی بەعس بوو لە بارزانییەکان. سەدام حوسێن سەردانی رواندزی کردبوو بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دژە هێرشی ئێران بکات، تا هێزەکانیان دوور بکاتەوە. ســـەدام حوســـێن لە وتارێکی تەلەفیزیۆنیدا دانی بە ســـەرکەوتنی ســـوپای ئێران لـــە حاجی ئۆمەران دانـــا، بەڵام ســـەرکەوتنی ئێرانییەکانی بە هـــاوکاری بارزانییەکان ناو بردو بەڵێنـــی دا تۆڵەیان لێ بکاتەوە. بەڵام ئەوەی راســـتی بێ، تەنیا بیانووی بەشداری کوردو بارزانییەکان لە هێرشـــی حاجی ئۆمەران نەببووە هۆی رق و کینەی ســـەدام بەرانبەر بـــە بارزانییەکان، بەڵکو رق و کینەی کۆنی سەدام بەرانبەر بە بارزانییەکان ببووە هۆی ئەو هەڵوێست وەرگرتنە، و دەیویست بێ توانایی سەربازەکانی پێ بشارێتەوە.

مســـعود بارزانی لە پاییزی ١٩٨٤ لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤـــاری (ئەلحوریە) دا کە ئایا ئـــەوان لە گرتنی حاجی ئۆمەران هاوکاری ئێرانیان کردبوو؟ لە وەڵامدا وتبووی: ئێران هێزێکـــی زۆری مرۆڤی هەبوو و پێویســـتی بە هێزی ئەوان نەدەکردو ئەو قسانەی کە لەسەر زاری سەدام حوسێن بڵاوببووەوە تەنیا بیانوویەك بوو بۆ بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان.

کەواتە دروســـتکردنی بیانوو بۆ لەناوبردنی بارزانیەکان پیلانێکی پێشـــوەختەی چنـــراو بووە، هـــەر بۆیە فازڵ ئەلبەراك بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن لە کۆتایی تەمموزی ١٩٨٣ داوای لـــە لیوای ئەمن عەبدولموحســـین خەلیل موحەمەدی جێگری بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی گشـــتیی ناوچەی ئۆتۆنۆمـــی و خەیری چلمێـــران بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر کرد کە ســـەردانی بەغـــدا بکەن، لەوێ ئەلبەراك پێی راگەیاندبوون کە بارزانییەکان بۆ باشـــوور دوور دەخرێنـــەوە و هێزێکـــی گاردی کۆمـــاری بۆ ئەو مەبەســـتە دەچێتە هەولێر، پێویســـتە هەموو ئەندامانی ئەمـــن هاوکارییان بکەن، خەیـــری چلمێران پێی وت، کە ئەو وەکو بەڕێوەبەری ئەمنـــی هەولێر، هیچ تێبینیەکی ئەمنی نەرێنییان لەسەر ئەوان نییەو ماوەیەکی زۆر نییە کە لە باشـــوور گەڕاونەتەوە. بـــەڵام ئەلبەراك پێی وتبوو ئەمە بڕیاری سەرکردایەتییەو دەبێ جێبەجێ بکرێت. بۆیە پاش گەڕانەوەیان، هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی ئەمن، کە دەکەوتنە ئەو شـــوێنانەی کە بارزانیەکانی لێ بوون، زیاتر بەهێز کران.

حکومەتی عێراق، شێخ عوسمان بارزانی، نەزیری برای، عیمادی کوڕی، سابیری مەلا مستەفا بارزانی، هەڤاڵ شێخ سادق و شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی بارزانـــی، لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٨٣ دا گرت. هێزەکانی حکومەت کە لە گاردی کۆماری و ئەندامانی ئەمن پێك هاتبوون لە شـــەوی ٣١/٣٠ تەمموزی ١٩٨٣ ئۆردوگای قوشـــتەپەیان دەورپێچ دابوو، لە بەرەبەیانی دەستیان کرد بەدواداگەڕانی ماڵە بارزانییەکان و هەموو ئەو کەسانەی لە ســـەرووی ١٤ ســـاڵی و نێرینە بوون گیران. گاردی کۆمـــاری بـــە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان بـــەرەو بەغدایان گواستنەوە. پاش دوو رۆژ ئوردوگاکانی بەحرکە و حەریر و دیاناش بە هەمان چارەنووس گرفتار بوون. دیســـان لە گرتنیاندا گاردی کۆماری و هێزەکانی ئەمنی هەولێر و ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەشدار ببوون.

پاش گیرانی بارزانیەکان، راستەوخۆ بە رێگای کەرکوك بـــۆ بەغدا راپێـــچ کران، بەبێ ئەوەی کە هەتا لیســـتی ناوەکان، یان ژمارەی گیراوەکانیش بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنـــەکان و بـــە هەڕەمەکی دەگیـــران و دەگوێزرانەوە. لە نووســـینەکانی ئەمنـــدا تەنیا ئاماژە بـــەو بڕە پارەیە دراوە کـــە لەو بارزانیانە وەرگیـــراوە کە ئەویش مەبلەغی ١٩٤/٤٤٠,٦٤٨ ســـەدو نەوەدو چوار هەزارو چوار سەدو چـــل دینار بووە. لـــە بەغدا عەلی ئەلبـــرع بەڕێوەبەری ئەمنی بەغدا، ســـەرۆکی لیژنەیەك بـــوو بە ئەندامێتی عەقیـــد ئیبراهیم عەللاوی لە ئەمنـــی بەغدا و لیوای ئەمن سەعدون سەبری بەڕێوەبەری هۆبەی پێنجەم کە بە کاروباری بارزانییە گیراوەکان هەڵدەستان. ئەو گیراوانە لە کاتی بردنیان بۆ بەغدا، وەکو دیلی جەنگی بەرەی حاجی

ئۆمەران لە شەقامەکانی شاری بەغدادا سووڕاندیانەوەو زۆربەیان لە سنووری سعودیەو لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا زیندانی کران و ئینجا بێسەروشوێن کران.

جارێکیتر حکومەتی عێراق لە ١٠ی ئابی ١٩٨٣ بە هەمان شێوەی پێشوو، کومەڵگەکانی بەحرکە، هەریر و دیانا و لە ١ی تشرینی یەکەم کۆمەڵگای قوشتەپەی، پشکنینی ماڵ بە دوای ماڵ لەو مێردمنداڵانە دەگەڕا کە لە شاڵاوی یەکەمدا رزگار ببوون یان خۆیان شاردبووەوە، ئەوانەی بەردەستی حکومەت کەوتن راپێچی ناو پاسەکانی لەشکری کران و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزران.

سەدام حوسێن لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا، دانی بەو گرتنە بە کۆمەڵەی بارزانیەکان دا ناو لە ئەیلوولی ١٩٨٣دا وتی:

«ئەوانە خیانەتیان لە وڵات و خیانەتیشیان لە پەیمان کرد، بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخ رەوانە کران».

## لەناوبردنی بارزانیەکان بەپێی بەڵگەنامەکان

بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق، لە ٣٠ی ئابی ١٩٨٣ سەرۆکایەتیی مەحکەمەی سەورەی بەعس بە سەرۆکایەتی (عەواد حەمەد ئەلبەندەر) و ئەندامێتی (موقەدمی مافپەروەر تاریق هادی شوکر و عەقیدی مافپەروەر داود سەلمان شەهاب) بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ ئەو بارزانیانەی کە سەر بە بنەماڵەی شێخانی بارزان بوون، دەرکرد.

حکومەتی عێراق لە دەستپێکی مانگی ئابی ١٩٨٣ دا، ٢٢٢٥ لەو گیراوانە، لە پارێزگای ئەلموسەنا لە ناوچەی (بصیە)، بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەمن و بەڕێوەبەرەکەی فازڵ ئەلبەراك و بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا و بەڕێوەبەرەکەی عەلی عەبدوڵڵا ئەلبەرع و گاردی کۆماری و بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ئەلموسەنا لە سێدارەدران.

## کۆمەڵکوژی بارزانیەکان
## سەرەتایەك بۆ دەسپێکردنی ئەنفال

کۆمەڵکوژی بارزانیەکان کوشتارێکی گەورە بوو، کە هەزاران کەسی بارزانی بەرکەوتبوون. جیهان لە بەرانبەر ئەم کێشەو تراژیدیایە بێدەنگ ببوو، حکومەتی عێراق ئامادەکاری دەکرد تا کوشتارێکی گەورەتر بۆ لەناوبردنی کورد رێك بخات؛ چونکە سەرەڕای ئەو هەموو بزاڤ و فشارەی کە کورد دەیهێنایە سەر UN و وڵاتانی رۆژئاوا، بەڵام بەرانبەر بەم کۆمەڵکوژییە بێدەنگ مانەوەو بەغدا وا تێگەیشتبوو کە بەم شێوەیە دەتوانێت کردەوەی گەورەتر و کارەساتبارتر ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی سزا بدرێت و لێپێچینەوە هەبێت و لە ئەنفالیشدا وایکرد.

مسعود بارزانی لەو کاتەدا یادداشتێکی بۆ سەرۆکەکانی وڵاتانی ناوچەکە و، سکرتێری گشتیی UN، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، مافی مرۆڤ و هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان نارد بوو. داوای کردبوو کە بۆ دیارکردنی چارەنووسی ئەم بارزانییانە و بەردانیان هەوڵ بدەن. هەروەها لە هەڵمەتێکی تردا لە ١ی ئاداری ١٩٨٤ بە نامەیەك کە باکگراوەندی ئەم رووداوەی تێدا بوو لەگەڵ ناوی قوربانییان کە هاوپێچ بوو بۆ سکرتێری گشتیی UN و چەندین لایەنی جیهانی پەیوەندیدار رەوانە کردبوو. بەڵام زۆربەی زۆری بێ کاردانەوەی مرۆڤایەتی و جیهانی مایەوە.

لە بەرانبەر ئەو فشارەی کە مسعود بارزانی بۆ دیارکردنی چارەنووسی بارزانییەکان بە رێگای جۆراوجۆرەوە دەیهێنایە سەر حکومەتی عێراق، سکرتێری سەرۆك کۆمار بۆ عەلی حەسەن ئەلمەجید دەنووسێت:

«بە پێی بڕیاری سەرۆکی سەرکردە: دەبێ بەرپرسەکان و دامودەزگا ئەمنییەکانی بەرپرس بە کێشەی کورد رابگەیەندرێت ـ کە رەنگە بە رێگای لایەنی سێیەمەوە پێوەندییان پێوە بکرێت ـــ ئەبێ وەڵامەکە کورت و یەکگرتوو بێت کە: هیچ کەس هیچی لێ نازانێت، جگە لە سەرۆکایەتی دەوڵەت و کێشەی سەرەکی گەورەترە لە کێشەی ئەم بنەماڵانە.»

حکومەتی عێراق پاش ئەم تاوانە، لە ئابی ١٩٨٣، بە فەرمانی سەرکردەی فەیلەقی یەکی سوپای عێراق، لیوای روکن نەعمەت فارس حوسێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لقی باکووری لەشکری حزبی بەعس لیژنەیەکیان، بە سەرۆکایەتیی عەمیدی روکن ئیحسان کامل شەبیب پێکهێنا بوو، کە کارەکەیان بریتی بوو، لە ئەنجامدانی ئامارێکی ئەمنی لە سەر هەموو نیشتەجێبووانی قەزای سۆران و ناحیەی دیانا و گوندەکانی دەوروبەر، بۆ رێوشوێنی پێویست بۆ دانانی راددەیەك بۆ بزاڤی «خائین و بەکرێگیراوان» ـ بە پێی دەربڕینی ئەوان ـ و دۆزینەوەی جێگایەك، کە یەکەکانی لەشکری و ئیداری عێراق بۆی بگوازرێتەوە کە ئاسانتر بتوانن بیانپارێزین. هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر کردەوەیەکی نائاسایی، لە ٩ی ئابی ١٩٨٣ هێزێکی تەواویان پێکهێنا بوو، و پیلانێکی ئەمنییان دانابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پێشهاتێك.

بەم شێوەیە حکومەتی عێراق لاپەڕەیەکی نوێی لە سەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلی کورد لە بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تۆمار کرد کە تا ئێستاش شوێنەوارەکانی بەسەر کومەڵگای کوردیدا ماوە.

بەڵام دوای ئازادکردنی عێراق، لەسەر کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، هەر یەك لە عەلی حەسەن ئەلمەجید، تارق عەزیز عیسا، سەعدون شاکر مەحموود، سەفیان ماهر حەسەن، وەتبان ئیبراهیم حەسەن، حامد یوسف حەمادی و حکمەت مزبان ئیبراهیم لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە تاوانی کۆمەڵکوژی دادگایی کران.

**جیهان لە بەرانبەر ئەم تاوانە تراژیدیایە بێدەنگ ببوو، حکومەتی عێراق ئامادەکاری دەکرد تا کوشتارێکی گەورەتر بۆ لەناوبردنی کورد رێک بخات؛ چونکە سەرەڕای ئەو هەموو بزاڤ و فشارەی کە کورد دەیهێنایە سەر UN و وڵاتانی رۆژئاوا، بەڵام بەرانبەر بەم کۆمەڵکوژییە بێدەنگ مانەوە**

**حکومەتی عێراق لاپەڕەیەکی نوێی لە سەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلی کورد لە بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تۆمار کرد کە تا ئێستاش شوێنەوارەکانی بەسەر کومەڵگای کوردیدا ماوە**

## ماس میدیا و ئەنتەرنێت

# پێکهاتەکان دەوروژێنێ و یەکیان دەخات

٢-٢



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

ماس میدیا یان میدیای گەورەی ئەم زەمانە، جگە لەوەی تاك دەبووژێنێتەوە بەشداری پێدەكات لە دیموكراسی، تاوانیشی پێدەكات، كۆمەڵگاشی پێ دەهاروژێنی. یەك كەس دەتوانێ بە چاك و خراپ بكەوێتە گەڕ.

ماس میدیا وادەكات هەموو پێكهاتەكان بناسرێن. بۆ نموونە لە سەرەتای هەشتاكانەوە ئەو تەكان و هێزەی بە ناساندنی كێشەی كورد درا، هیچ بەراورد ناكرێ لەگەڵ مێژووی ئەوكاتی. ئەوكات بە هەندێك نوێنەری حزبەكانیان دەووت قارەمانی شاشەكانی ئەوروپا. ئەو كەسانە شارەزا بوون هەوڵیاندەدا لەهەر شوێنێك قسەیەك بكەن.. پارتی و یەكێتی و حزبی دیموكرات، هەریەكی یەك جیهازی سەتەلایتیان هەبووە كە لە كۆتایی هەشتاكان دەیانتوانی قسە لەگەڵ سەرانسەری جیهان بكەن. وەك مۆبایلی ئێستا، بەو جیهازی سەتەلایتە پێوەندییان بە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەكرد. كاتێك ئەنفال ساڵی ١٩٨٨ روویدا، ئیتر وەک ساڵی ١٩٧٥ نەبوو دەنگمان نەگاتە كەس. ئینجا لەگەڵ پەرەسەندنی تەلەفزیۆن چووینە قۆناغێك كە ئیتر بێ دەسەڵات نەبووین.ئەو قسەیەی سەرۆكی كوردستان بەرێز مسعود بارزانی سەرنجڕاكێشی كە دەڵێ ئەوەی كامیرای تەلەفزیۆن كردی نە نووسین و نە قسەو نە تێكۆشانی ئێمە نەیدەتوانی بیكات! ئەگەر كامیرایەكی ڤیدیۆ نەبایە ئێوە نەتاندەزانی بەرێز مسعود بارزانی لە كاتی شكاندا، لەساتە كۆتاییەكاندا لە قەبری زاهیر-خواكوڕك چی وتووە. ئەو پارچە فیدیۆیەی مێژوویەكی تۆمار كرد، چەند شانازی پێوە دەكەین. كەواتە میدیا نەك هەر مێژوو دەپارێزێ بەڵكو پێكهاتەكان زیندوو دەكاتەوە، هیچ شتێك بزرناكات، بۆیە سەرچاوەكانی زانیاری ئینسان هێندە زۆر دەكات كە دواناكەوی لەوەی كە شتێكت گوێ لێ نەبووە. دەتوانی لە ئەنتەرنێت بە كاوەخۆ بیزانی. بۆیە لەم رۆژگارەدا وشەی نەمدیوەو نەمبیستووە، نەمزانی لە ئینسانی داهێنەر قبووڵ ناكرێ. هەر كەسێك و هەر سیاسییەك و هەر خاوەن بیرێك و هەر كاربەدەستێک لەبواری خۆی بڵێ من نەمزانی، دەبێ بەرامبەری بوەستی و پێی بڵێی: كەواتە تۆ تەمبەڵی، بڕۆ تەماشاكە، یەك دوگمە لێبدە ئەوەی نەتزانیوە دەیزانی بڕۆ بیزانە.

هەموو میللەتان پێكدی ناسێندران، خەریكە پرۆسەی ئازادی میللەتان كۆتایی پێدی، لەنێو میللەتانیشدا پێكهاتەكان و ئایینەكان دەبووژێنێتەوە. هەندێك كەس دەڵێن میدیای ئەم زەمانە رەوتی دینی بەهێز كرد. وا نییە، بەهێزی نەكردووە، هەر ئەوەی كە هەیە دەرفەتی داوەتێ تەعبیر لەخۆی بكات. ئەدی دوای تەعبیر لەخۆكردن؟ ئینجا دەناسرێ، ئەی دوای ناسین؟ ئینجا هەڵدەسەنگێندرێ، ئەی دوای ئەو؟ ئینجا دەبێت بە فیكر، لە قۆناغی فیكردایە كە تەئسیر نەك هەر لە دنیاو

saro.qadir@gmail.com
www.seroqadir.com




**ڕۆژنامەکان پسپۆڕی و تایبەتین، واتە تەنیا بۆ سیاسەت و ڕۆشنبیریی کەڵکیان لێوەرناگیرێ، بۆ جیلەکانیش وەک لاوان و ژنان و قوتابیان، لە هەر بوارێکی تایبەتی دەکرێ ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان هەبێت**

لە خودی ئەو کۆمەڵگا دینییەش دەکات. حاڵەتی بنلادن وەک نموونە تەماشــاکەن: ســەرەتا چەند بە تەووژمەوە دنیای ئازاردا، ئێســتا وردە وردە لە عالەمی ئیســلامی هەڵدەســەنگێندرێ ئاخــۆ ئــەم وەحشــیەتە دینە؟ یان دیاردەیەکی دیکەیە؟ دیاردەی توندڕۆیی وای لە دینی ئیسلام کرد کە بەرەو چاکسازی پاشەکشێ بکات. دینێك کە دەیوت ئیســلاح قبووڵ ناکەم ئێستا وا قبوڵی دەکات. ســەرکردەکانیان دەیانوت پەرلەمان شــیرکە، ئێستا تێیدا ئەندامن. دەیانوت دیموکراسی کوفرە، ئێستا مومارەسەی دەکەن و مونافەســەش دەکەن. ژنیان وەک پیاو یەکسان قبووڵ نەبوو، ئێســتا کۆتای ژنیــش قبوڵی دەکەن. ئەوە گۆڕانی ئیتیجاهێکی توندی ئیسلامییە لە وڵاتی ئێمە. جا هەموو عالەمی ئیسلامی لە گۆڕاندایە. ئیخوان ئێستا وردە وردە بــەرەو دیموکراتبوون دێــن. ئەگەرڕۆژگارێك ئیخوان ببن بە دیموکرات، هەر وەك مەسیحیە توندڕەوەکانی ئەورووپا بوون بە دیموکرات- مەســیحی، ئەوە سەرکەوتنی حزبێکی ئیســلامی لــە ناوچەکەو وڵاتی ئیمەشــدا بۆ فەترەیەکــی دیاریکراو هیچ خەتــەر نییە. دەتوانین وای دابنێیــن کە ئیتیجاهێکــی محافیزەکار بــۆ ماوەیەکی دیاریکراو سەرکەوتووە، ناحەزەکانی پێویستە تێبکۆشن و لێی بهێنەوە وکۆتایی پێدێت.

لــە وڵاتی ئێمەدا دیاردەی میدیای فراوان چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟ بۆچی زمانەکەمان تووشی گرفت بووە، بۆ؟ چونکە هەموو کــەس و پێکهاتەکانمان دەرفەتیان هەیە تەعبیر لەخۆیان بکەن، دەرکەوت لێکدی باش حاڵی نابین و کێشەی زمانمان هەیە. پێش ئەم قۆناغە نەماندەزانی، بەڵام ئێستا شیوەزاری ناوچەکان بووژاوەنەتەوە. زۆر کەس پێیوایە ئەم ناوچەگەریەی لە کوردستان هەیە هەڵەیەکی مەترســیدارە. هەڵە نییە، زۆر ڕاستە، با خۆیان تێربکەن. ئێســتا خەریکن هۆزەکان و عەشــیرەتەکان، شارەکان و گەڕەکەکان پەیج دروست دەکەن و خۆیان دەناسێنن: ئێمە واین و واین، ئەها ئەو گۆرانییەمان هەیە، ئەو پیاوە گەورە یەمان هەیە. دەی با فلان عەشیرەت هەموو ئیمتیازاتی خۆی بناسێنێ. قەیدی ناکا، بۆ نموونە با بزانین بێجگە لە ســافی کێی دیکە لە هیران هەیە؟ خۆ دنیا خەراپ نابێت با ئەوانەی خەڵکی هیرانن تێر شانازی بەخۆیانەوە بکەن، با هەولێرچییەتی هەتا ســەرەوە بێ و پڕبێت، هەر کە پڕبوو ئەوکات دەڵێ: جا ئەمن بەشێکم لەم وڵاتە.
پرۆســەی خۆنیشــاندان و ناساندن و ســەرەنجام یەکتر تێگەیشــتنی پێکهاتەکان لــە تاکەوە تا نەتــەوەکان و پێکهاتەکانی دینی و مەزهەبەکان، ئەوجا بۆ عەشیرەتەکان و ســەرەنجام لە شــارەکاندا بــۆ گەڕەکەکانیش بێن. لە

**ڕاگەیاندن سیستەمە، ڕاگەیاندنی سیستەمی، نەک دەزگای سوکایەتی و جنێودان. هەر حزبێک دەیەوێ وڵات بەڕێوەبەرێ و دیموکراسی دروست بکات، دەیەوێت گەشەکردنی ئابوری هەبێت، نابێ ڕاگەیاندن تەنیا پەیامی سیاسی بێت**

فەیسبووکدا گەڕەکی بەختیاری لە هەولێر زۆر چالاکن، لە شـــارەکانی دیکەشـــدا هەروایە. ئەمە ڕێژەی بەیەکتر ناســـاندنی کۆمەڵگا زۆرتر دەکات، ئـــە لێرەوە دەمەوێ سەرنجتان ڕابکێشم؛ لە سەرەتادا وتم ڕاگەیاندن سیستەمە، ڕاگەیاندنی سیســـتەمی، نەك دەزگای ســـوکایەتی و جنێـــودان. هەر حزبێك دەیـــەوێ وڵات بەڕێوەبەرێ و دیموکراسی دروست بکات، دەیەوێ گەشەکردنی ئابوری هەبێت و کۆمەڵگایەکی پابەرجا پێشکەشی بکات، دەبێ ئاوها لە ڕاگەیاندن بگات: نابێ ڕاگەیاندن تەنیا پەیامی سیاسی بێت.

لەلایەکی دیکە نابێ لە پرۆســـەی بـــە جیهانیبوون بترسێین، بە جیهانیبوون مانای وایە بەشێکین لەو جیهانە و توانایی پێشـــکەوتنمان هەیە، لێی فێـــر دەبین و لێی وەردەگرین بەڵام لە هەمانکاتدا دەمێنین.

هەروەها کاریگەری میدیا لەســـەر سیستەمی ئابووری هەیە. ئابووری دنیا بەڕێوەناچێ ئەگەر ئیســـتیفادە لە سیستەمی میدیا نەکات: هەر لە سیستەمی بانکەکانەوە بگـــرە تا حکوومەت هەمووی. مۆدیلێک هەیە پێیدەڵێن حکوومەتـــی ئەلیکترۆنی. ئێســـتا لە وڵاتـــی ئێمەدا حکوومەت کامڵ نییە، سیســـتەمی ئێمـــە تەواو نییە و لە پێگەیشـــتندایە. دنیا گەیشتە قۆناغی حکوومەتی ئەلیکترۆنـــی. حکوومەت ســـەرکەوتوو نابـــێ ئەگەر ئەلیکترۆنی نەبێت، دەبێت هەموو کارمەندەکانی، هەموو دەوامەکانی،هەمـــوو ئیجازەکانـــی، هەمـــوو پەیامەکان لەجیاتی کاغەز لەسەر شـــەبەکەی ئینتەرنێت بێت. واتە لەسەر وێبسایتی گشـــتی خۆی بێت. دەبێ لەو ڕێگەوە تێکەڵی دنیا بێت. ئابووری ئێمە لەوێ باشتر دەگەڕێ. ئێمە بە شێوەی ڕاستەقینەی خۆی بانکمان نییە، لە دین و عـــادات و عورفی ئێمەدا بانك حەرامە. ئەوە حاڵمانە لە پڕێکا معاش ناگات، بۆ؟ چونکە سیولە نییە، پارەی نەقد نییە، بۆ پارە نییە؟ چونکە سیستەمی بانکی نییە، ئەگینـــا داهاتمان زۆرە. ئەی بـــۆ داهاتی ئێمە بەرهەم ناهێنێ؟ بۆ نازێتەوە؟ چونکە سیســـتەم نییە. ڕاگەیاندن ئا لەوێدایە کە ناهێڵێ یەك شت بشاردرێتەوە. ئەمە پێی دەگوترێ حکوومەتی بـــاش کە ئەمڕۆ لە دنیادا مۆدە، حکوومەتی باش دەبێ حکوومەتی ئەلیکترۆنی و پەیوەند بە ڕاگەیاندن بێت.

ئێســـتا لە دنیادا کارکردنی فەردی و کارمەندی ناتوانێ بـــاش بێت ئەگـــەر تێکەڵـــی میدیا نەبـــێ. خێزانەکان دابەشبوون، هەریەکە لە وڵاتێك یان لە شارێك کاردەکەن. نەك هەر سیستەمی گەیاندن ســـەریعە، جاری وا هەیە کارکردنەکە هەمووی لـــە ماڵەوەیە. کارمەند بە ڕێگادا دەڕوات و وەزیفەکانـــی بانك یان هـــەر کارێکی دیکەی ئەنجـــام دەدات، تا دەگاتە شـــوێنی کارەکەی کەڵك لە کات وەردەگرێ. ئێســـتا مۆدی نەماوە لەپشت مێزەکەت دانیشی ئینجا دەست بەکار بکەی. تەواسول(بەردەوامی) لە ڕێگایش دەکرێ، لە ماڵیش دەکرێ، شەویش بەشێك لە کارەکانی سبەینێی دەکات. ئەمە کاتێکە کە میدیا باش بەکاردێت، لێرەیە فەرهەنگ پێش دەکەوێ.

دێمـــەوە ســـەر ڕۆژنامەکان. ڕۆژنامەکان پســـپۆڕی و تایبەتین، واتە تەنیا بۆ سیاسەت و ڕۆشنبیریی کەڵکیان لێوەرناگیـــرێ، لە بۆ جیلەکانیـــش وەك لاوان و ژنان و قوتابیان، لە هـــەر بوارێکی تایبەتی دەکرێ ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان هەبێت. ڕۆژنامە تایبەتییەکان دیاردەیەکن لە دەرچوونی میدیایە لەدەســـت نوخبەی ڕۆژنامەنووس، واتە کەمبوونەوەی دەوری نوخبەیە لە ڕاگەیاندندا.

ریکلام بەشـــێکە لە فەرهەنگی گشتی. ئەمڕۆ ناکرێ تۆ بژیەی ئەگەر نەزانی چیت پێویســـتە،هەروەها وەخت بەشی ئەوە ناکات ئەگەر نەزانی ئەوەی پێویستتە لەکوێیە ، ئابووری تۆ بەشـــی ئەوە ناکا ئەگەر بە دائیم نەزانی لە کوێ چ هەیە تاکـــو بتوانی بەرژەوەندی خۆت دابین و ڕێکبخەیـــت. جاران زۆر زەحمەت بـــوو ئەمە بکەی، ئێستا دەتوانی ، ئەگەر کەمێك دیقەت بەکاربێنی لەسەر مۆبایلەکـــەت و ئەگەر سیســـتەم لـــە وڵاتەکەدا هەبێت دەتوانـــی بۆ کڕینی بلوزێـــك، ڕەنگەکەی، مۆدێلەکەی بەدائیل لە شارەکەت بدۆزییەوە.

بەشێکی تری ڕاگەیاندن تێکەڵبوونیەتی لەگەڵ ئامڕازی زۆر شەخســـی کە ڕۆژانە بەکاردێت. باسی مۆبایلم کرد کە هەموو ئەرکەکان ئەنجامدەدات: کامێرا و تەســـجیل و فیدیۆ و دەنگی تێدایە. ئەمساڵ لە فەرەنسا کۆمپانیاکانی دروستکردنی کامێرا بازاڕیان کەمبۆتەوە، بۆ؟ دیراسەیان کرد دەبینن لەپێشـــکەوتن نەکەوتوون، بەڵکو وەك هەموو بوارەکانی دیکە تەکنیکیان زۆر پێشـــکەوتووە، بەڵام یەك ئەرکی کەم بووە:ئێستا ئەو کەسەی کامێرا دەکڕێ دەبێ ئەگەر ڕۆژنامەنووس یان ئابووریزان، کارمەند، هاووڵاتی بوو، لەوانەیە تەنیا یەك کامێرای پێبێت و وێنەیەکی هەیە دەیەوێ بیدا بە دۆستەکەی، بە کوڕەکەی، دەیەوێ بیدا بە ماڵپەڕێك، بە ڕۆژنامەیـــەك، وێنەیەکی تەلەفزیۆنی پێیە دەیـــەوێ بیگەیەنێ.. دەبێ ئـــەو کامێرایە هەموو ئـــەو خزمەتانەی میدیایی تێدابێـــت. دەرکەوت مۆدیلە کۆنەکـــەی چونکە ئـــەو خزمەتگوزارییانەی تێدا نییە بازاڕی کەمبۆتەوە. ئێســـتا هەر کامێرا داهاتووە پێتدەڵێ وێبســـایت، فەیســـبووك، تویتەر، ئیمەیل، کوێت دەوێ هەیە. ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە میدیا بەڕاستی زمانحاڵ و تێلی پێوەندییە لەنێوان ئینســـان و ئینســـان، ئینسان و سیستەم، سیســـتەم و سیستەم و لە نێوان سیستەمەکانی کۆمەڵگا. مەبەســـتم لـــە سیســـتەمەکانی ئابووری، ڕاگەیاندن، پەروەردە و دین و بوارەکانی دیکەیە.

**دینێک کە دەیوت ئیسلاح قبووڵ ناکەم ئێستا وا قبوڵی دەکات. سەرکردەکانیان دەیانوت پەرلەمان شیرکە، ئێستا تێیدا ئەندامن. دەیانوت دیموکراسی کوفرە، ئێستا مومارەسەی دەکەن و مونافەسەش دەکەن. ژنیان وەک پیاو یەکسان قبووڵ نەبوو، ئێستا کۆتای ژنیش قبوڵ دەکەن. ئەوە گۆڕانی ئیتیجاهێکی توندی ئیسلامییە لە وڵاتی ئێمە**

**لەم ڕۆژگارەدا وشەی نەمدیوەو نەمبیستووە، نەمزانی لە ئینسانی داهێنەر قبووڵ ناکرێ. هەر کەسێک و هەر سیاسییەک و هەر خاوەن بیرێک و هەر کاربەدەستێک لەبواری خۆی بڵێ من نەمزانی، دەبێ بەرامبەری بوەستی و پێی بڵێی: کەواتە تۆ تەمبەڵی**

# ئیحسان باڵ و تێڕوانینی بۆ "مۆدێلی تورکیا"



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

لەوتارەکەیدا لەرۆژنامەی «تورکش دەیلی» ئیحسان باڵ، سەرۆکی کۆمیسیۆنی زانستەکان (یوساك)، ناوەڕۆکی «مۆدێلی تورکیا» شی دەکاتەوەو دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کەبەردەوامبوونی تورکیا لەسەر مۆدێلی حوکمڕانیی حزبێکی ئیسلامی لەسیستمێکی سکیولار زۆر تەگەرەی هاتۆتە بەر ڕێ و مۆدێلەکە باق و بریقی جارانی لەدەستداوە.

بۆ رۆژئاوا، پاش تلانەوە بەدەم رژێمی توندڕەوی تالیبان لەئەفغانستان و پەیدابوونی دیاردەی ئوسامە بن لادن و تەشەنە سەندنی هەڵسوڕانی ڕێکخراوی قاعیدە لەجیهانداو پاش ئەوەی کە جیهان خەریك بوو لەپەیدابوونی مۆدێلێکی میانڕەوو پەسەندی ئیسلامی بێئومێد دەبوو، هاتنە سەر کاری پارتی دادو پەرەپێدان لەڕێگەی سندوقی هەڵبژاردنەوەو بەبێ هانا بردن بۆ هیچ جۆرە توندوتیژییەك، ئەو ئومێدەی زیندوو کردەوە کەجیهانی ئیسلامیش مۆدێلی دیموکراتییانەی خۆی هەبێ. لەم سۆنگەیەوە، پێویستیی سەرکەوتنی ئەزموونی فەرمانڕەوایی پارتی دادو پەرەپێدان بایەخێکی زۆری پەیدا کرد، نەك هەر بۆ رۆژئاوا، بەڵکو بۆ هەموو جیهانی ئیسلام.

تورکیا لەمۆدێلەکەیدا توانی سەرنجی وڵاتانی جیهانی ئیسلام بەلای خۆیدا راکێشێ، بەتایبەتی کەهەڵکشانی کێرڤی ئابوریی تورکیا لەسەرەتای سەدەی بیست و یەك بەدواوە، هاوکات بوو لەگەڵ هاتنە سەر کاری گروپی ئەردۆغان- گول. لێرەش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بێ کە ئەم هەڵکشانی کێرڤی ئابورییە، لەبنەمادا پەیوەندیی بەپارتی دادو پەرەپێدانەوە نییەو تەنها رێکەوت وای کردووە هەڵکشانەکەو هاتنە سەر کاری گروپی ئەردۆغان- گول هاوکات بێ.

لەناوخۆی خودی تورکیا بەشێکی زۆری دەزگا ستراتیجی و ئەکادیمییەکان سەرقاڵی راڤەکردنی هۆی سەرسامبوونی رۆژهەڵات بوون بەمۆدێلی تورکیا، لەوانە دەزگاکانی تەسەڤ و بل گەسام و زانکۆی فاتیح. زۆربەشیان پاش لێکۆڵینەوەی زانستی و ورد، چونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕۆژهەڵات لەم مۆدێلەدا زۆرتر بەبوارەکانی دیموکراسی و سەروەریی یاساو مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان سەرسام بووە. لەم چوارچێوەیەدا سەرکەوتنی مۆدێلی تورکیا لەپێکەوە گونجاندنی ناسنامەی نیشتمانی و ئاینی، بەچاوی رێزو پێزانینەوە تەماشا کراوە، چونکە ئەم مەسەلەیە نە حزبی بەعس لەعیراق و سوریا تێیدا سەرکەوتوو بووە، نەئێرانییەکان لەسەردەمی شاهنشاهیدا و پاش سەردەمی شاهنشاهی، نە مسیرییەکان لەسەردەمی جەمال عەبدولناسرەوەو نە سعودییەکان لەچوارچێوەی مەزهەبی وەهابیدا.

مایەی تێڕامانیشە کەزۆربەی راپرسییەکان جەختیان کردۆتە سەر ئەوەی کە تورکیا بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپا، نزیکترین کۆمەڵگایە لە رۆژهەڵاتی موسڵمانەوەو زۆربەی بەشداربووانی راپرسییەکانیش بەم جۆرە سەیری تورکیایان کردوە کە «یەکێکە لەخۆمان».

بەڵام خۆپیشاندانەکانی تەقسیم، سەرەڕای ئەوەی کە ناکرێ لەگەڵ ڕووداوەکانی بەهاری تونس و میسر بەراورد بکرێن، بوونە مایەی کەمکردنەوەی تین و تاوی مۆدێلی تورکیا. ئیحسان باڵ لەو بڕوایە دایە کە هیچ شتێك بەقەد شێوەی هەڵسوکەوتی حکومەت لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی تەقسیم کاریگەریی خراپی لەسەر ناوبانگی مۆدێلی تورکیا بەجێ نەهێشتووەو لەم رووەوە هانا بردنی حکومەت بۆ تیۆریی «دەستی دەرەکی» و «بوونی پیلانی نێودەوڵەتی لەدژی تورکیا» دەری خستووە کە حکومەتی پارتی دادو پەرەپێدان هاوشێوەی حکومەتەکانی تری جیهانی عەرەب بیر دەکاتەوەو ئۆباڵی دروستبوونی کێشەی ناوخۆیی دەخاتە ملی هێزی دەرەکییەوە. بەڕای باڵ، جەخت کردنی حکومەت لەگوتاری راگەیەنراویدا لەسەر هێزە دەرەکییەکان «بووەتە مایەی پەکخستنی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ گەیشتن بەچارەسەر»و پێی وایە «تەنانەت ئەگەر پیلانیش هەبێ، کردنی پیلان بەگەوهەری گوتاری سیاسیی حکومەت شتێکی هەڵەیە».

باڵ بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە «مۆدێلی تورکیا» و رەشبینانە وای دەبینێ کە لەبری ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێن پێی تورکیا هەڵگرێ، تورکیا شوێن پێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەڵگرتووەو وای لێ هاتووە هۆی هەموو گرفتە لۆکالەکانی دەباتەوە سەر پیلانی دەرەکی. بەڕای باڵ «ئێمە پێویستمان بەچارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە هەیە. ئەمەش بەوە دێتە دی کەسەیری خۆمان بکەین و ئۆباڵی کەموکوڕییەکانمان نەخەینە ئەستۆی خەڵکی ترەوە».

ئەو دژی ئەوەیە تفەنگ بەتاریکییەوە بنرێ، بەڵام پەراوێزێکیش بۆ ئومێد دەهێڵێتەوەو دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەگەر تورکیا بەخۆیدا بچێتەوە مۆدێلەکەی «پشت ئەستوور بەسەرکەوتنێکی زۆر راستەقینە، پەرە بەتۆکمەیی خۆی دەدا».




# عێراق
# لەدووڕیانی ئاییندەیەکی نادیاردا

کێ بەرپرسیارە لەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پێدا تێدەپەڕێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە کینس پۆلاك تۆژەری تایبەتمەند لەسەر پرسی عێراق لە ئامۆژگای برۆکینگز لە توێژینەوەیەکدا کە رۆژی ٣٠ تەمموز بە ناونیشانی: (شکست و هەستانەوە و شکستی عێراق) بڵاوی کردۆتەوەوە، ئەمریکا بە هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخە دەزانێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکا پێش ئەوەی ئەرکەکانی لەعێراق تەواو بکات، هێزەکانی کشاندنەوە، بەمەش بارودۆخێکی دروست کرد کە ئێستا ئەکتەری دیکە رۆڵی تێدا دەگێڕێت، بێگومان پۆلاك دەزانێت کە جارێکی دیکە هێزەکانی ئەمریکا ناتوانن بگەڕێنرێنەوە بۆ عێراق، بۆیە لە ناونیشانی توێژینەوەکەیدا، شکستی ئەمجارەی عێراقی بە شکستی دوای هەستانەوە ناوبردووە، پێشتریش هەر لەمانگی حوزەیراندا جارێکی دیکە کەناڵی CNN پرسیارێکی دیکەی وروژاند بەوەی ئایا عێراق گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەدەست دەرچووبێت و ئیدی کۆنترۆڵ نەکرێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا مایکل نایت لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای ناوبرا و بە وتارێك وەڵامی CNNی دابۆوە نووسیبووی: (بەڵێ عێراق لە دەست دەرچووە؟)، ئەم وتوێژ و لێدوانانەی ئێستا لەسەر بارودۆخی عێراق لەناوەندەکانی توێژینەوەی جیهان و هەروەها لە کەناڵە بەناوبانگەکانی جیهان گوێبیستیان دەبین، ساڵانی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٦ مان بیردێنێتەوە، کە زۆر لە تۆژەران ئەو ساڵەیان ناو نابوو کۆتایی عێراق و پیتەر گالبریس گەورە دیپلۆماتکاری پێشووی ئەمریکا کتێبێکی بەم ناونیشانە نووسی (کۆتایی عێراق) فەرید زەکەریا سەرنووسەری نیوزویك و پێشکەشاری بەرنامەی (گلۆباڵ چەینج) لە CNN، ئەو پرسیارەی لە ئیدارەی ئەمریکی کرد، ئەگەر بارودۆخی عێراق بەو جۆرەیە کە سەرۆك بوش دەڵێت سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، ئایا مانای سەرکەوتن لای ئیدارەی ئەمریکی چییە؟ لەبەر ئەوەی عێراق نەبۆتە دەوڵەتێکی دیموکراتی، نە سەقامگیرەو نە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەش سەرکەتووە، ئەم وتوێژانە درێژەی هەبوو، بەڵام ئیدارەی ئەمریکی لە ترسی رای گشتی هەموو بارودۆخی عێراقی فەرامۆشکردبوو و لە پەراوێزدا نەبوایە باس نەدەکرا، ئەمە وەك خۆی مایەوە هەتا تۆژەری لاوی ناوداری ئەمریکی ستیڤن بیدل سەردانی بەغدای کردوو، کە گەڕایەوە لە سایتی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (کە سەیری بەغدا دەکەین سایگۆنمان بیر دەکەوێتەوە) ئەم وتارە ئیدی پەردەی لەسەر هەموو ئەو رووپۆشکردنە هەڵماڵی کە چەند کات بوو ئیدارەی ئەمریکا دەیویست لەرای گشتی بشارێتەوە، ئەم وتارە ئەوەی بە بیری ئەمریکیەکان هێناوە شکستی ئەمریکا لە عێراق هیچی کەمتر نییە



**شکستی ئەمریکا لە عێراق هاوشێوەی شکستی ئەمریکا نییە لە ئەفغانستان، بۆیە لەم حاڵەتەدا هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بونیان هەبێت، یان وەک ئێستا کە بوونیان نەماوە، ئەوا شکستی عێراق گورزێکی کوشندە لە شکۆی ئەمریکا دەدات لە جیهاندا**

لەو شکستە گەورەیەی ئەمریکا لە ڤێتنام بەسەری هات، بۆیە ئەم وتارە پرسەکەی لەوە زیاتر هەڵسەنگاند کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە کۆمارییەکانەوە هەیە بەو سیفەتەی ئیدارەی کۆشکی سپیان لەبەردەستە، بەڵکو ئەم وتارە پرسەکەی گەیاندە ئەوەی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە چارەنووسی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکیەوە هەیە، دەبێت هەردوو پارتەکە (کۆماری و دیموکراتیەکان) لیژنەیەکی هاوبەش بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم پرسە پێکبهێنن، گۆڤاری فۆرن ئەفیرزی بەناوبانگیش ئەم مەسەلەی زۆر بەگرنگ وەرگرت و راستەوخۆ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم راپۆرتە مێزگردێکی فراوانی بۆ کۆمەڵێك تایبەتمەند و بیرمەندی ئەمریکی تایبەتمەند لەسەر پرسی عێراق رێکخست، کە ئەوانیش بریتی بوون لە(جامیس دۆبینز، ستیڤن بیدل، لیسلی گەلب، چیم کۆفمان، لاری دایمۆند) لەم مێزگردەدا توێژینەوە لەسەر ئەوەکرا ئەمریکا لە پرۆسەی دوای رووخانی رژێمی بەعس لەکام شوێندا بەهەڵە هەنگاوی هەڵگرتووە، ئەمەش بووە ناونیشانی ئەو مێزگردە(لەکوێدا بەهەڵە رۆیشتووین)، ئەم مێزگردە کە بووە بنەمای کۆبوونەوەیەك لە هۆڵی وینستۆن چەرچل لەناو کۆشکی سپی، لیژنەیەك بۆ دیراسەتی بارودۆخی عێراق پێکهێنرا کە دواتر بە لیژنەی بیکەر هاملتۆن ناسرا، ئەم لیژنەیە کە پەیوەندی بە سەرۆك کۆمارەکانی پێشووی ئەمریکا ئەوانەی لە ژیاندا مابوون، هەروەها هەموو وەزیرانی دەرەوە و جێگرانی وەزیرانی دەرەوەی پێشووی ئەمریکا و راوێژکارانی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەندامانی ئاسایشی نەتەوەیی پێشووی و پسپۆران و سیاسەتمەدارانی رۆژهەڵات و عێراق کردبوو، لە ژێر چاودێری سەنتەری دیراساتی ستراتیژی (CSIS) سەرپەرشتی دەکرا و ماوەی یەکدوو رۆژی خایاند توانیان زیاتر لە ٧٠ راسپاردە بۆ ئیدارەی ئەمریکی پێشکەش بکەن، بەڵام سەبارەت بەم پیشنیارانەی ئەم لیژنە گەورەیە کە بێ وێنە بووە لە مێژووی سیاسەتی ئەمریکا، ئەنتۆنی کوردسمان سەرۆکی پرۆگرامەکانی دیراساتی ستراتیژی لە سەنتەری ناوبراو، بە وتارێك ئەم پێشنیارانەی هەڵسەنگاندبوو، نووسیبووی (چاوەڕێمان دەکرد شاخ بزێ کەچی مشکی بوو) ئەمەش واتە ئەم لیژنە گەورەیە نەیتوانی پیشنیاری بەسوود بۆ چارەسەری بارودۆخی عێراق پێشکەش بکات، بۆیە لەبری ئەم هەموو راسپاردەیە، پاشان کۆشکی سپی گەیشتە ئەوەی باشترین هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەی عێراق ئەوەیە بە پەلە هێز زیاد بکرێت و بۆ ئەمەش دەستەواژەی (surge)، کە ئەمەش واتە زیادکردنی هێز بەشێوەی بە پەلە و کتوپڕ، نەك تەنیا زیادکردنی هێز، راوەستان لەسەر ئەم وشەیە(surge)، بۆ ئەوەیە لەوەڵامی ئەو پرسیارە تێبگەین کە کینس پۆلاك چەند رۆژێك لەمەوپێش وەڵامی داوەتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کشانەوەی بەپەلەی هێزەکان هۆکاری بارودۆخی عێراقن، لەبەر ئەوەی سەرۆك بوش ناچارە لەچوارچێوەی پرۆسەی (Surge) بەپەلە هێز زیاد بکات، بەڵام سەرۆك ئۆباما لە چوارچێوەی پرۆسەی (SOFA) واتە باری هێزەکانی ئەمریکا، بەپەلە ماوەیەکی دیاریکرد بۆ ئەوەی هێزەکانی لە عێراق بکشێتەوە، راستە رێککەوتنی سۆفا لە کۆتایی ئیدارەی دووەمی بوش ئیمزاکرا، بەڵام لە کاتێکدا ئیمزا کرا کە کۆمارییەکان هەڵبژاردنیان دۆڕاندبوو، باراك ئۆباما هەڵبژێردرابوو، تەنیا هێندە مابوو ئیدارەی تەسلیم بکرێت، بۆیە ئەگەر لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ کۆمارییەکان بۆ جاری سێهەم هەڵبژاردنیان ببردایەوە، ئەوا ئەوان لەبەر ئەوەی خۆیان خاوەنی شەڕی عێراق بوون، بەشێوەیەکی دیکە رێککەوتنی سۆفایان جێبەجێدەکرد و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ هەموو هێزەکانیان بە یەکجاری نەدەکێشایەوە، ئەو واقیعەیان لەبەر چاو دەگرت کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کارەسات لە عێراق دروست دەکات، هەروەك چۆن رووداوەکان لەدوای ساڵی ٢٠١١ەوە ئەو راستیانە ئاشکرا دەکەن کە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، نە پرۆسەی سیاسیی بە شێوەیەکی ئاسایی توانیوویەتی بەڕێوە بچێت، نە باری ئاسایش و سەقامگیریش وەك پێویست توانیویەتی بۆ یەك رۆژ ئارامی بەخۆیەوە ببینێت، بەپێچەوانەوە رۆژ لەدوای رۆژ بارودۆخە بەرەو خراپتر دەچێت، هەتا ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە تیرۆریستان بتوانن هەڵبکوتنە سەر بەندیخانەی ئەبوغرێب و بەسەدان تیرۆریست ئازاد بکەن و رۆژ لەدوای رۆژیش هێرشە خۆکوژییەکان لە بەغداو شارەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق زیاتر دەبێت. ئێستاش جارێکی دیکە هەمان بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ دروستبۆتەوە و هەموو ناوەندەکانی توێژینەوە و پسپۆر و تایبەتمەندان مەترسی ئەوەیان هەیە، ئەمجارە ئەگەر عێراق تێکبچێتەوە کۆنترۆڵی ئاسان نابێت، لەبەر ئەوەی لانی کەم هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە بونیان نەماوە و بەرێککەوتنی سۆفا لەو وڵاتە چوونە دەرەوە، دوای ئەمەش ئاسان نییە وەك سەردەمی بوش بە بڕیارێکی کۆنگرێس هێزەکان بگەڕێنەوە یان زیاد بکرێت، بۆیە لەم قۆناخەدا کە دەنگۆی ئەوە هەیە هێزی ئیقلیمی بۆشایی ئەمریکا پڕبکاتەوە، ئەوا عێراق بەرەو چارەنووسێك دەبات کە ئاییندەکەی بۆ هیچ لایەك دیار نییە، ئەمەش بارودۆخێکی ئاڵۆز لەسەر ئیدارەی ئەمریکی دروست دەکات، لەبەر ئەوەی وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی بونیادنانەوەی دەوڵەت ئاماژەی پێکردووە، ئەرکی ئەمریکا لە عێراق جیاوازترە وەك لە هی ئەفغانستان، لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئامانجی لە پرۆسەی بوینادنانەوەی دەوڵەت لە ئەفغانستان تەنیا دامەزراندنی لۆیاجارگا (پەرلەمان) بوو، لەگەڵ دابینکردنی هەندێك سەقامگیری و دەرپەڕاندنی هێزەکانی تاڵیبان و قاعیدە لەو وڵاتە،


بەڵام لە عێراق ســەرۆك بوش رایگەیاند كە عێراق دەكەنە دەوڵەتێكی دیموكراتی و ئەمەش دەبێتە سەرەتای دەسپێكی گۆڕانــكاری بەرەو دیموكراتــی لەناوچەكە، ئەمەش ئەو راســتیەمان بۆ دەردەخات، كە شكستی ئەمریكا لە عێراق هاوشێوەی شكســتی ئەمریكا نییە لە ئەفغانستان، بۆیە لەم حاڵەتەدا هێزەكانــی ئەمریكا لەعێراق بوونیان هەبێت، یان وەك ئێســتا كە بوونیان نەماوە، ئەوا شكســتی عێراق گورزێكی كوشندە لە شكۆی ئەمریكا دەدات لە جیهاندا، ئەمە لەلایەك لەلایەكی دیكە كە گۆڕانكارییەكانی سوریا و میسر و هەندێك ئاڵۆزی تونسیشی گرتۆتەوە كاریگەریان لەسەر رەوشی عێراق دەبێت و ئەگەر عێراق تكبچێت، ئەوا ناوچەیەكی فراوان بۆ تیرۆریســتانی قاعیدە و رێكخراوە توندڕەوەكانی دیكە دەبێتە نەوای ئارام، ئاسایشی ناوچەكە و جیهانیش دەكەوێتە مەترسیەوە.

بۆیە لەم بارودۆخە كە پۆلاك بە هاوشــێوەی ستیڤن بیدل، هۆكارەكەی دەسنیشــانكردووە، بــەوەی لەم قۆناخە عێراق پێویســتی بە هاریكاری ســەربازی هەیە، لەم حاڵەتەشدا ئەم كارە ناكرێت، لەبەر ئەوەی حكومەتی ئێســتای عێراق كەموكورتی لە چەك و پێداویســتی لۆجیستی نییە هەتا بتوانرێت پربكرێتەوە، بەڵكو كێشەی سەرەكی عێراق لاوازی دامەزراوەكانیەتی كە ناتوانن بەشــێوەیەكی پرۆ فیشناڵانە كاری خۆیان بكەن، دروســت كێشەی عێراق وەك كێشەی ئەو دەوڵەتانەی ئەفریقیایە كە نەخۆشی ئایدزیان تیدا بڵاو بۆتەوە، رۆژئاوا ڤاكسینی ئایدزیان بۆ دەنێرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دامەزراوەكانی تەندروستی و كارمەندانی تەندروستی ئــەو وڵاتانەی ئەفریقیا هێندە لێهاتــوو نین كە بتوانن بە شێوەیەكی پرۆ فیشناڵانە ڤاكسینەكان بدەن بە نەخۆشەكان، ئەوا لەبری ئەوەی ڤاكسینەكان هۆكارێك بن بۆ كەمكردنەوەی نەخۆشیەكە، ئەوا ڤایرۆسی ئایدز لەگەڵ ڤاكسینەكە رادێت و زیاتر نەخۆشــیەكە بڵاو دەكاتەوە و ڤاكســینەكە لەبری ئەوەی ببێتە هۆكارێك بۆ چارەسەری نەخۆشیەكە، خودی ڤاكسینەكە دەبێتە هۆكارێك بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەكە، عێراقیش لەم بارودۆخە چەند پشتگیری لۆجیستی بكرێت و هێزی پێبدرێت، ئەم پێداویستیانە هیچ ئاكامێكیان نابێت، لەبەر ئەوەی سەرەنجام دابینكردنی ئەم چەك و پێداویستیە لۆجیســتیانە دەبنــە هۆكارێكــی زیاتر بــۆ ئاڵۆزبوونی بارودۆخەكە، ئەو چەك و پێداویســتیانەی ئەمڕۆ بەدەست هێزەكانی ئاسایشــی عێراقەوە دەبن سبەی دەكەونە دەستی گرووپە تیرۆریستیەكان، بۆیە لە حاڵەتێكدا كە بەمجۆرە بێت، ئەوا دەبێت جارێكی دیكە ئەمریكا بە قورسایی دیپلۆماتی خۆیەوە بێتەوە ناو پرۆســەكە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پرۆسە سیاسییەكە رێكبخاتەوە و دامەزراوەكانی عێراق بە ئاستێك بەهێز بكات، كە بتوانن لە بواری ســەقامگیر و ئاســایش و رێگرتن لەتیرۆریســتان بەشێوەیەكی پرۆ فیشناڵانە رۆڵی خۆیان بگێڕن.

## ئیبراهیم فەزەع

ركابی پەرلەمانتار دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:

# راستە حكومەت بەرپرسی یەكەمە لە دابینكردنی ئاسایش بەڵام ناكۆكیە سیاسییەكان بارودۆخەكەیان ئاڵۆزتر كردووە



**سەبارەت بە رەوشی خراپی ئێستای عێراق و ئاڵۆزبوونەوەی بارودۆخەكە پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا ئیبراهیم فەزەع ركابی، ئەم بارودۆخەی بە ترســناك وەســفكردو لــە لێدوانێكی تایبەتدا بەمجــۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

((تیرۆر هەمیشــە دوژمنی پرۆســەی دیموكراسییە، هەروەهــا هێزەكانی ئیقلیمــی و دەوروبــەر و تەنانەت نێودەوڵەتیش هەرگیز سەقامگیرییان بۆ عێراق لا مەبەست نییەو دەیانەوێ عێراق هەر لەو بارودۆخە نالەبارەدا بژێت و پەرەپێدانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و بیناسازی بەخۆوە نەبینێت و هەمیشــە لە رەوشــێكی خراپــدا بگوزەرێت، هاوكات پاشماوەكانی بەعس هاوكاریی هێزەكانی قاعیدەو تاوانباران دەكەن و لە پیــلان و ئاژاوەگێڕی بەردەوامن، ئەوانە نایانەوێت ئەو ئەزموونە ســەربگرێت و پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو پێشەوە بچێت. بۆیە لەم بارودۆخەدا، بە دڵنیاییەوە ئەگەر زۆر هۆشیار و وریا نەبین و چاومان كراوە نەبێت بەرامبەر پیلانەكانی ئەو گرووپە تیرۆیستیانە و هێزەكانی ئەمن و پۆلیس پلانی بەهێز دانەڕێژن بۆ بەرەو رووبوونەوەی ئەم كردەوە تاوانكاریانە، بێگومان ئاســەوار و كاریگەریــی خراپتری بەدوادادێــت، ئەمە وێڕای ئەو ناكۆكییانەی نێوان سەركردەی كوتلە سیاسییەكان بوونیان هەیە و ئەمانەش رەوشــەكە زیاتر بەرەو خراپی دەبەن، لەم حاڵەتەدا بێگومان راستە حكومەت بەرپرسیاری یەكەمە لە دابینكردنی ئەمن و تەناهی بۆ هاووڵاتیان، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بكەین كــە عێراقییەكان لە عەرەب و كورد و توركمان و ســەرجەم نەتەوە و كەمایەتییەكان پێویستە یەك دەنــگ بن و بۆ خزمەتی ئــەم وڵاتە و هاوكاری بكەن چونكە ئاگری تیرۆر كە داگیرســا كەس ناناسێت و هەموولایەك پریشــكی بەردەكەوێت. هەروەها پێویستە دەزگاكانی هەواڵگری و ئەمنــی زیاتر ئەكتیف بكەین و پشت بە زانیاریی دروســت ببەستین بۆ ئاشكراكردنی تاوانەكان و گورز وەشــاندن لە تاقمە تیرۆریستیەكان كە دەیانەوێت ئەم رەوشــە زیاتر تێــك بچێت و كاولكاریی و خوێن رشتن و ماڵوێرانی بۆ ئەم میللەتە بێننە ئاراوە)).

## د.وەلید عەبود پەرلەمانتاری هاوپەیمانی وەسەت بۆ گوڵان:

# عێراق لە بارودۆخێکی مەترسیداردایە هیوادارین هەرێمی کوردستان




**د.وەلید عەبود پەرلەمانتاری هاوپەیمانی وەسەت رەخنە لە ئەدای حکومەتی عێراق دەگرێت کە نەیتوانیوە بارودۆخی ئاسایش و سەقامگیری کۆنترۆڵ بکات، هەروەها داوادەکات هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخە هاوکاری عێراقیەکان بکات بۆ ئەوەی لە بواری دابینکردنی ئاسایش هاوکاریان بێت و بەمجۆرە لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

((چاککردنی ئەم رەوشە ئاڵۆزە دیارە، کاربەدەستانیش گوێ لەکەس راناگرن، ئێمە دەمانەوێت بەشداریان لەگەڵدا بکەین لە چاککردنی دۆسێی ئەمنی بەڵام ئەوان لەم بوارەدا تاکرەویی دەکەن و بیروڕای هیچ لایەنێکی غەیری خۆیان بە پەسند نازانن، ئایا ئەو بەرپرسانە ئاگایان لەوە نییە کە تەنیا لەم مانگەدا کە مانگی تەمموز بوو پتر لە ٩٩٠ کەس شەهیدو برینداربووە لە عێراق کە لە هەموو مانگەکانی دیکەی ئەم ساڵ خوێناویتر و کارەساتبارتربوو، دەبێ ئەو بەرپرسانەی دۆسێی ئەمنی چ وەڵامی خواو گەلی عێراق و مرۆڤایەتی بدەنەوە کە گیانی ئەو هاووڵاتیە سڤیلانە بەم شێوەیە بەفیڕۆ دەچێت، بەڵام هەروەکو گوتم ئێمە ئامۆژگاری و راوێژیان پێدەدەین کە ئەمەش بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەمانە و بەس، ئێمە لە یەکەم رۆژەوە roومان لە حکومەت کردووە کە پێویستە چارەسەری ئەو کەموکوڕییانە بکات بەر لەوەی کار لەکار بترازێت، ئێمە هەڵوێست و بۆچوونی خۆمان بە حکومەت راگەیاندووە چونکە بەزەییمان بە گەلەکەی خۆماندا دێتەوە کە لەو رەوشە خراپەدا دەژی، کە رۆژانە بە دەیان گیانی هاووڵاتیان لە کاری توندوتیژی و تیرۆریستیدا بەهەدەر دەڕوات، بەڵام بەداخەوە کەس گوێمان لێ ناگرێت رەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بێت کە شکستەکانی دامەزراوە ئەمنییەکان ئاشکرابن کە بەراستی توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیان نییە،

## د.سەعد حەدیسی شرۆڤەوانی سیاسی بۆ گوڵان:

# چارەسەری بنەڕەتی بریتییە لە پاککردنەوەی ژینگەی سیاسی و



**د.سەعد حەدیسی کە یەکێکە لە شرۆڤەوانە سیاسییەکانی عێراق، بێ شاردنەوە، بارودۆخی ئێستای عێراق بە سالی ٢٠٠٦ بەراورد دەکات و پێیوایە ئێستا عێراق بە قۆناخێکی مەترسیدار تێدەپەڕێت و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

((کاتێ سەیری ژمارەی قوربانییەکانی ئەم دواییە دەکەین کە عێراقییەکان تێیدا بوونەتە ئامانج، ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ مان بەبیر دێنێتەوە کە شەڕی تایفی تێدا روویدا، تەنانەت زۆرجار کە سەیری ژمارەی قوربانیانی عێراق دەکەیت دەکرێ بڵێین ئەو ژمارانە نزیکن لە ژمارەی قوربانیانی رۆژانەی سوریا کە ئەمەش مانای وایە کە دۆسێی ئەمنی عێراقی جارێکی دیکە گوزارشت لەوە دەکات کە ئەوانەی بەرپرسی دۆسێی ئەمنی عێراقن سەرکەوتوو نین لە ئیش و کاری خۆیان و کەموکوڕیی زۆر لە دەزگاکانی ئەمنیدا هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت، لە راستیدا رەوشی ئەمنی عێراق ئەمڕۆ زۆر مەترسیدارەو هۆشیاریی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەم رووەوە ئاماژەیە بۆ ئەم لایەنە، هەروەها ژمارەی کردەوە تیرۆریستییەکان رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبووندایەو تەنانەت هەڵمەتی دەرکردن و راگواستنی بەزۆری لەسەر بنەمای تائیفی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ئارادابوو ئێستاش کە بۆ چەند هەفتەیەك دەچێت دەستی پێکردۆتەوەو لەبرەودایە، بە تایبەتیش لە پارێزگای دیالە کە چەند حاڵەتێکی لەم شێوەیە روویدا و ئەگەر ئەم دیاردەیە پەرەبسەنێت رەنگە پارێزگاکانی دیکەش بگرێتەوە، هەروەها ململانێی سیاسی و تائیفی کە ئێستا سوریای گرتۆتەوە کاریگەریی بۆسەر رەوشی عێراقیش هەیە، چونکە ئەو هێزە پێکناکۆکانەی سوریا پێیانوایە کە گۆڕەپانی عێراقیش تەواوکەری ئەو ململانێیانەیە جا ئەوانەی کە پشتگیریی ئۆپۆزسیۆن دەکەن یان ئەوانەی کە یارمەتی رژێمی سوریا دەدەن، بۆیە ئەم کاریگەرییە ئیقلیمییە بۆتە کۆسپ لە رێگەی چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەمنیی عێراق کە زۆر زەحمەتە لەو قۆناغەی ئێستادا بتوانرێت بە یەکجاری ئاسایی ببێتەوە. بۆیە من وایدەبینم عێراق لە رەوشێکی زۆر مەترسیداردایە، بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت ئەوە مانای وایە ئەمە قۆناغی یەکەمە بەرەو چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، لەبەرئەوەی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە گۆڕینی دیدی هەندێ کوتلەی پەرلمانی دروست بکات،

## بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری هاوکاریمان بکات

چونکە ئەمەیان لەبەر ئەوە پێناخۆشە کە گوایە ئێمە کاتێك ئامۆژگاری حکومەت دەکەین پێیانوایە ئەمە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە یان مەبەستێکی لە پشتەوەیە، ئەمڕۆش کە دێن پلانی ئەمنی دادەڕێژن ناتوانن دەست بەسەر کەموکورتییەکاندا بگرن چونکە رەوشەکە زۆر مەترسیدارتر بووەو قەیرانەکە رۆژ لەدوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، بۆیە ئەمڕۆ وا پێویست دەکات کە بەرپرسیارێتییەکە بخەینە سەر شانی هەموو لایەکمان نەك بەتەنیا لایەنێك بەرپرسیار بێت، بەڵکو با بەیەکەوە مشورێك لەم قەیرانە ئەمنییە ئاڵۆزە بخۆین و بەیەك بۆچوون دوور لە سیاسەت چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. بۆیە پێویستە دامودەزگاکانی وەزارتی بەرگری و ناوخۆ زیاتر هۆشیاربن و ئەو کەسانە بخەنەسەر دۆسیێی ئەمنی کە دڵسۆزن بۆ گەل و وڵاتەکەیان و تواناو شارەزاییەکی تەواویان لە بەڕێوەبردنیدا هەیە و دوور لە کوتلەکاری و حزبایەتیی تەسك و خزم خزمێنەو تایەفەگەری، لە هەمان کاتیشدا پێویستە کاربکەین بۆ نزیك بوونەوە لە وڵاتانی دەوروبەر و دراوسێ کە بە شێوەیەك لە شێوەکان رۆڵیان هەیە لە بارودۆخی ئەمنیی عێراق پێیان بڵێین چی دیکە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا نەکەن و لێگەڕێن با عێراقییەکان خۆیان چارەسەری بکەن بەڵام ئەگەر یارمەتیمان دەدەن ئەوا ئێمە سوپاسگوزاریان دەبین، چونکە هەروەکو دەزانن کە لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە تاکو ئێستا ئەو تەقینەوەو کردەوە تیرۆریستییانە هەر بەردەوامن، تکا لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەم کە بەپێی توانا یارمەتی دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراقی بدەن لە رووی پلانی ئەمنییەوە چونکە هەرێمی کوردستان لەم رووەوە سەقامگیرەو شارەزایی و توانایەکی باشیان هەیە کە هیوادارم ئەم هەماهەنگییە بێتە ئاراوە)).

## چاکسازیی نێو دەزگاکانی ئەمنی و هەواڵگری

ئەمەش رەنگە تا رادەیەك رەوشەکە ئاسایی بکاتەوەو ئاستی توندوتیژیش دابەزێت و عێراق بکەوێتە قۆناغێکی دیکەوە، دیارە ئەمەش پێویستی بە چەند مانگێك هەیە، بەڵام نازانم لەم چەند مانگەی داهاتوودا ئاستی توندوتیژییەکان کەمتر دەبێتەوە تاکو زەمینە بۆ ئەم هەڵبژاردنانە خۆش بێت یاخود کوشتار و تەقینەوەو توندوتیژییەکان زیاتر پەرەدەسێنن، هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان لەم بارەیەوە چی دەبێت ئەو پلانە ئەمنییانەی کە بۆ ئەم ماوەیە دادەنرێن دەبێت چۆن بێت، بەراستی پرۆسەی سیاسی لە عێراق نیمچە ئیفلیجە، بۆیە دەبینین کە ململانێی زۆر لە ئارادایە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان، تۆمەتبارکردنی سەرۆکی حکومەت بە تاکڕەوەی و ناکۆکی نێوان سەرۆکی کوتلەکان، تەنانەت نوری مالیکی سەرۆك وەزیران لایەنەکانی ناو خودی هاوپەیمانیی نیشتمانی تۆمەتباردەکات بە هاوکاری نەکردن لە دۆسیێی ئەمنی. بۆیە لەم بارودۆخەدا من پێموایە بەر لەهەموو شتێك ئەم پرۆسەیە فرەلایەنە، لایەنێکی پەیوەستە بە توانای دامودەزگاکان و ئەوانەی بەرپرسن ئایا پرۆفیشناڵانە کاردەکەن و تواناو لێهاتوویان تا چەند کاریگەرە، لایەنێکی دیکە شارەزایی لە بەدەستهێنانی زانیاریی ئەمنی و متمانەی نێوان دەزگاکان و هاووڵاتیان کە تا چەند هاوکاری یەکدی دەکەن و پیلانی تیرۆریست و ناحەزان تێك دەشکێنن، لە هەمووشی گرنگتر دانان و دامەزراندنی بەرپرسان لەو دەزگا گرنگانە لەسەر بنەمای دڵسۆزی و کارامەیی نەك لە سەر بنەمای حزبی و سیاسی و کوتلەکاری، هەندێ جار ئەو پۆستانە کڕین و فرۆشتنی پێدەکرێت! هەروەها چارەسەرکردنی گەندەڵی لە دەزگا ئەمنییەکاندا کە رەنگە کەسانێکی بەکرێگیراو و ناحەز و هەتا لەوانەیە خودی تیرۆریستان خزابنە نێو ئەم دەزگایانە، چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەم بوارە بریتییە لە پاککردنەوەی ژینگەی سیاسی و وەستان لەسەر کەموکوڕیی و خاڵە لاوازییەکان کە تەگەرەن لە ڕێی چاکسازیی نێو دەزگاکانی ئەمنی و هەواڵگری، هاوکات هێنانەکایەی زەمینەیەکی گونجاوی ئاشتبوونەوەی سیاسی نێوان لایەنە ناکۆکەکان و ئاوڕدانەوە لە هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی و هەنگاونان بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی سیاسی و یەکسانبوونی هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا و جیاوازی نەکردن لە هەموو بوارێك لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی و ئایینی)).




# عێراق
# لەدووڕیانی ئاییندەیەکی نادیاردا

کێ بەرپرسیارە لەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پێدا تێدەپەڕێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە کینس پۆلاك تۆژەری تایبەتمەند لەسەر پرسی عێراق لە ئامۆژگای برۆکینگز لە توێژینەوەیەکدا کە رۆژی ٣٠ تەمموز بە ناونیشانی: (شکست و هەستانەوە و شکستی عێراق) بڵاوی کردۆتەوەوە، ئەمریکا بە هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخە دەزانێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکا پێش ئەوەی ئەرکەکانی لەعێراق تەواو بکات، هێزەکانی کشاندنەوە، بەمەش بارودۆخێکی دروست کرد کە ئێستا ئەکتەری دیکە رۆڵی تێدا دەگێڕێت، بێگومان پۆلاك دەزانێت کە جارێکی دیکە هێزەکانی ئەمریکا ناتوانن بگەڕێنرێنەوە بۆ عێراق، بۆیە لە ناونیشانی توێژینەوەکەیدا، شکستی ئەمجارەی عێراقی بە شکستی دوای هەستانەوە ناوبردووە، پێشتریش هەر لەمانگی حوزەیراندا جارێکی دیکە کەناڵی CNN پرسیارێکی دیکەی وروژاند بەوەی ئایا عێراق گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەدەست دەرچووبێت و ئیدی کۆنترۆڵ نەکرێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا مایکل نایت لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای ناوبرا و بە وتارێك وەڵامی CNNی دابۆوە نووسیبووی: (بەڵێ عێراق لە دەست دەرچووە؟)، ئەم وتوێژ و لێدوانانەی ئێستا لەسەر بارودۆخی عێراق لەناوەندەکانی توێژینەوەی جیهان و هەروەها لە کەناڵە بەناوبانگەکانی جیهان گوێبیستیان دەبین، ساڵانی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٦ مان بیردێنێتەوە، کە زۆر لە تۆژەران ئەو ساڵەیان ناو نابوو کۆتایی عێراق و پیتەر گالبریس گەورە دیپلۆماتکاری پێشووی ئەمریکا کتێبێکی بەم ناونیشانە نووسی (کۆتایی عێراق) فەرید زەکەریا سەرنووسەری نیوزویك و پێشکەشاری بەرنامەی (گلۆباڵ چەینج) لە CNN، ئەو پرسیارەی لە ئیدارەی ئەمریکی کرد، ئەگەر بارودۆخی عێراق بەو جۆرەیە کە سەرۆك بوش دەڵێت سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، ئایا مانای سەرکەوتن لای ئیدارەی ئەمریکی چییە؟ لەبەر ئەوەی عێراق نەبۆتە دەوڵەتێکی دیموکراتی، نە سەقامگیرەو نە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەش سەرکەتووە، ئەم وتوێژانە درێژەی هەبوو، بەڵام ئیدارەی ئەمریکی لە ترسی رای گشتی هەموو بارودۆخی عێراقی فەرامۆشکردبوو و لە پەراوێزدا نەبوایە باس نەدەکرا، ئەمە وەك خۆی مایەوە هەتا تۆژەری لاوی ناوداری ئەمریکی ستیڤن بیدل سەردانی بەغدای کردوو، کە گەڕایەوە لە سایتی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (کە سەیری بەغدا دەکەین سایگۆنمان بیر دەکەوێتەوە) ئەم وتارە ئیدی پەردەی لەسەر هەموو ئەو رووپۆشکردنە هەڵماڵی کە چەند کات بوو ئیدارەی ئەمریکا دەیویست لەرای گشتی بشارێتەوە، ئەم وتارە ئەوەی بە بیری ئەمریکیەکان هێناوە شکستی ئەمریکا لە عێراق هیچی کەمتر نییە



## شکستی ئەمریکا لە عێراق هاوشێوەی شکستی ئەمریکا نییە لە ئەفغانستان، بۆیە لەم حاڵەتەدا هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بونیان هەبێت، یان وەک ئێستا کە بوونیان نەماوە، ئەوا شکستی عێراق گورزێکی کوشندە لە شکۆی ئەمریکا دەدات لە جیهاندا


لەو شکستە گەورەیەی ئەمریکا لە ڤێتنام بەسەری هات، بۆیە ئەم وتارە پرسەکەی لەوە زیاتر هەڵسەنگاند کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە کۆمارییەکانەوە هەیە بەو سیفەتەی ئیدارەی کۆشکی سپیان لەبەردەستە، بەڵکو ئەم وتارە پرسەکەی گەیاندە ئەوەی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە چارەنووسی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکیەوە هەیە، دەبێت هەردوو پارتەکە (کۆماری و دیموکراتیەکان) لیژنەیەکی هاوبەش بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم پرسە پێکبهێنن، گۆڤاری فۆرن ئەفیرزی بەناوبانگیش ئەم مەسەلەی زۆر بەگرنگ وەرگرت و راستەوخۆ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم راپۆرتە مێزگردێکی فراوانی بۆ کۆمەڵێك تایبەتمەند و بیرمەندی ئەمریکی تایبەتمەند لەسەر پرسی عێراق رێکخست، کە ئەوانیش بریتی بوون لە(جامیس دۆبینز، ستیڤن بیدل، لیسلی گەلب، چیم کۆفمان، لاری دایمۆند) لەم مێزگردەدا توێژینەوە لەسەر ئەوەکرا ئەمریکا لە پرۆسەی دوای رووخانی رژێمی بەعس لەکام شوێندا بەهەڵە هەنگاوی هەڵگرتووە، ئەمەش بووە ناونیشانی ئەو مێزگردە(لەکوێدا بەهەڵە رۆیشتووین)، ئەم مێزگردە کە بووە بنەمای کۆبوونەوەیەك لە هۆڵی وینستۆن چەرچل لەناو کۆشکی سپی، لیژنەیەك بۆ دیراسەتی بارودۆخی عێراق پێکهێنرا کە دواتر بە لیژنەی بیکەر هاملتۆن ناسرا، ئەم لیژنەیە کە پەیوەندی بە سەرۆك کۆمارەکانی پێشووی ئەمریکا ئەوانەی لە ژیاندا مابوون، هەروەها هەموو وەزیرانی دەرەوە و جێگرانی وەزیرانی دەرەوەی پێشووی ئەمریکا و راوێژکارانی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەندامانی ئاسایشی نەتەوەیی پێشووی و پسپۆران و سیاسەتمەدارانی رۆژهەڵات و عێراق کردبوو، لە ژێر چاودێری سەنتەری دیراساتی ستراتیژی (CSIS) سەرپەرشتی دەکرا و ماوەی یەکدوو رۆژی خایاند توانیان زیاتر لە ٧٠ راسپاردە بۆ ئیدارەی ئەمریکی پێشکەش بکەن، بەڵام سەبارەت بەم پیشنیارانەی ئەم لیژنە گەورەیە کە بێ وێنە بووە لە مێژووی سیاسەتی ئەمریکا، ئەنتۆنی کوردسمان سەرۆکی پرۆگرامەکانی دیراساتی ستراتیژی لە سەنتەری ناوبراو، بە وتارێك ئەم پێشنیارانەی هەڵسەنگاندبوو، نووسیبووی (چاوەڕێمان دەکرد شاخ بزێ کەچی مشکی بوو) ئەمەش واتە ئەم لیژنە گەورەیە نەیتوانی پیشنیاری بەسوود بۆ چارەسەری بارودۆخی عێراق پێشکەش بکات، بۆیە لەبری ئەم هەموو راسپاردەیە، پاشان کۆشکی سپی گەیشتە ئەوەی باشترین هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەی عێراق ئەوەیە بە پەلە هێز زیاد بکرێت و بۆ ئەمەش دەستەواژەی (surge)، کە ئەمەش واتە زیادکردنی هێز بەشێوەی بە پەلە و کتوپڕ، نەك تەنیا زیادکردنی هێز، راوەستان لەسەر ئەم وشەیە(surge)، بۆ ئەوەیە لەوەڵامی ئەو پرسیارە تێبگەین کە کینس پۆلاك چەند رۆژێك لەمەوپێش وەڵامی داوەتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کشانەوەی بەپەلەی هێزەکان هۆکاری بارودۆخی عێراقن، لەبەر ئەوەی سەرۆك بوش ناچارە لەچوارچێوەی پرۆسەی (Surge) بەپەلە هێز زیاد بکات، بەڵام سەرۆك ئۆباما لە چوارچێوەی پرۆسەی (SOFA) واتە باری هێزەکانی ئەمریکا، بەپەلە ماوەیەکی دیاریکرد بۆ ئەوەی هێزەکانی لە عێراق بکشێتەوە، راستە رێککەوتنی سۆفا لە کۆتایی ئیدارەی دووەمی بوش ئیمزاکرا، بەڵام لە کاتێکدا ئیمزا کرا کە کۆمارییەکان هەڵبژاردنیان دۆڕاندبوو، باراك ئۆباما هەڵبژێردرابوو، تەنیا هێندە مابوو ئیدارەی تەسلیم بکرێت، بۆیە ئەگەر لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ کۆمارییەکان بۆ جاری سێهەم هەڵبژاردنیان ببردایەوە، ئەوا ئەوان لەبەر ئەوەی خۆیان خاوەنی شەڕی عێراق بوون، بەشێوەیەکی دیکە رێککەوتنی سۆفایان جێبەجێدەکرد و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ هەموو هێزەکانیان بە یەکجاری نەدەکێشایەوە، ئەو واقیعەیان لەبەر چاو دەگرت کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کارەسات لە عێراق دروست دەکات، هەروەك چۆن رووداوەکان لەدوای ساڵی ٢٠١١ەوە ئەو راستیانە ئاشکرا دەکەن کە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، نە پرۆسەی سیاسیی بە شێوەیەکی ئاسایی توانیوویەتی بەڕێوە بچێت، نە باری ئاسایش و سەقامگیریش وەك پێویست توانیویەتی بۆ یەك رۆژ ئارامی بەخۆیەوە ببینێت، بەپێچەوانەوە رۆژ لەدوای رۆژ بارودۆخە بەرەو خراپتر دەچێت، هەتا ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە تیرۆریستان بتوانن هەڵبکوتنە سەر بەندیخانەی ئەبوغرێب و بەسەدان تیرۆریست ئازاد بکەن و رۆژ لەدوای رۆژیش هێرشە خۆکوژییەکان لە بەغداو شارەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق زیاتر دەبێت. ئێستاش جارێکی دیکە هەمان بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ دروستبۆتەوە و هەموو ناوەندەکانی توێژینەوە و پسپۆر و تایبەتمەندان مەترسی ئەوەیان هەیە، ئەمجارە ئەگەر عێراق تێکبچێتەوە کۆنترۆڵی ئاسان نابێت، لەبەر ئەوەی لانی کەم هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە بونیان نەماوە و بەرێککەوتنی سۆفا لەو وڵاتە چوونە دەرەوە، دوای ئەمەش ئاسان نییە وەك سەردەمی بوش بە بڕیارێکی کۆنگرێس هێزەکان بگەڕێنەوە یان زیاد بکرێت، بۆیە لەم قۆناخەدا کە دەنگۆی ئەوە هەیە هێزی ئیقلیمی بۆشایی ئەمریکا پڕبکاتەوە، ئەوا عێراق بەرەو چارەنووسێك دەبات کە ئاییندەکەی بۆ هیچ لایەك دیار نییە، ئەمەش بارودۆخێکی ئاڵۆز لەسەر ئیدارەی ئەمریکی دروست دەکات، لەبەر ئەوەی وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی بونیادنانەوەی دەوڵەت ئاماژەی پێکردووە، ئەرکی ئەمریکا لە عێراق جیاوازترە وەك لە هی ئەفغانستان، لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئامانجی لە پرۆسەی بوینادنانەوەی دەوڵەت لە ئەفغانستان تەنیا دامەزراندنی لۆیاجارگا (پەرلەمان) بوو، لەگەڵ دابینکردنی هەندێك سەقامگیری و دەرپەڕاندنی هێزەکانی تاڵیبان و قاعیدە لەو وڵاتە،

بەڵام لە عێراق سەرۆك بوش رایگەیاند کە عێراق دەکەنە دەوڵەتێکی دیموکراتی و ئەمەش دەبێتە سەرەتای دەسپێکی گۆڕانکاری بەرەو دیموکراتی لەناوچەکە، ئەمەش ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات، کە شکستی ئەمریکا لە عێراق هاوشێوەی شکستی ئەمریکا نییە لە ئەفغانستان، بۆیە لەم حاڵەتەدا هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بوونیان هەبێت، یان وەك ئێستا کە بوونیان نەماوە، ئەوا شکستی عێراق گورزێکی کوشندە لە شکۆی ئەمریکا دەدات لە جیهاندا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکە کە گۆڕانکارییەکانی سوریا و میسر و هەندێك ئاڵۆزی تونسیشی گرتۆتەوە کاریگەریان لەسەر رەوشی عێراق دەبێت و ئەگەر عێراق تکبچێت، ئەوا ناوچەیەکی فراوان بۆ تیرۆریستانی قاعیدە و رێکخراوە توندڕەوەکانی دیکە دەبێتە نەوای ئارام، ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش دەکەوێتە مەترسیەوە.

بۆیە لەم بارودۆخە کە پۆلاك بە هاوشێوەی ستیڤن بیدل، هۆکارەکەی دەسنیشانکردووە، بەوەی لەم قۆناخە عێراق پێویستی بە هاریکاری سەربازی هەیە، لەم حاڵەتەشدا ئەم کارە ناکرێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی ئێستای عێراق کەموکورتی لە چەك و پێداویستی لۆجیستی نییە هەتا بتوانرێت پربکرێتەوە، بەڵکو کێشەی سەرەکی عێراق لاوازی دامەزراوەکانیەتی کە ناتوانن بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە کاری خۆیان بکەن، دروست کێشەی عێراق وەك کێشەی ئەو دەوڵەتانەی ئەفریقیایە کە نەخۆشی ئایدزیان تیدا بڵاو بۆتەوە، رۆژئاوا ڤاکسینی ئایدزیان بۆ دەنێرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دامەزراوەکانی تەندروستی و کارمەندانی تەندروستی ئەو وڵاتانەی ئەفریقیا هێندە لێهاتوو نین کە بتوانن بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە ڤاکسینەکان بدەن بە نەخۆشەکان، ئەوا لەبری ئەوەی ڤاکسینەکان هۆکارێك بن بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشیەکە، ئەوا ڤایرۆسی ئایدز لەگەڵ ڤاکسینەکە رادێت و زیاتر نەخۆشیەکە بڵاو دەکاتەوە و ڤاکسینەکە لەبری ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ چارەسەری نەخۆشیەکە، خودی ڤاکسینەکە دەبێتە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە، عێراقیش لەم بارودۆخە چەند پشتگیری لۆجیستی بکرێت و هێزی پێبدرێت، ئەم پێداویستیانە هیچ ئاکامێکیان نابێت، لەبەر ئەوەی سەرەنجام دابینکردنی ئەم چەك و پێداویستیە لۆجیستیانە دەبنە هۆکارێکی زیاتر بۆ ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە، ئەو چەك و پێداویستیانەی ئەمڕۆ بەدەست هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە دەبن سبەی دەکەونە دەستی گرووپە تیرۆریستیەکان، بۆیە لە حاڵەتێکدا کە بەمجۆرە بێت، ئەوا دەبێت جارێکی دیکە ئەمریکا بە قورسایی دیپلۆماتی خۆیەوە بێتەوە ناو پرۆسەکە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پرۆسە سیاسییەکە رێکبخاتەوە و دامەزراوەکانی عێراق بە ئاستێك بەهێز بکات، کە بتوانن لە بواری سەقامگیر و ئاسایش و رێگرتن لەتیرۆریستان بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە رۆڵی خۆیان بگێڕن.

ئیبراهیم فەزەع
رکابی پەرلەمانتار دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:

# راستە حکومەت بەرپرسی یەکەمە لە دابینکردنی ئاسایش بەڵام ناکۆکیە سیاسییەکان بارودۆخەکەیان ئاڵۆزتر کردووە



**سەبارەت بە رەوشی خراپی ئێستای عێراق و ئاڵۆزبوونەوەی بارودۆخەکە پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا ئیبراهیم فەزەع رکابی، ئەم بارودۆخەی بە ترسناك وەسفکردو لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

((تیرۆر هەمیشە دوژمنی پرۆسەی دیموکراسییە، هەروەها هێزەکانی ئیقلیمی و دەوروبەر و تەنانەت نێودەوڵەتیش هەرگیز سەقامگیرییان بۆ عێراق لا مەبەست نییەو دەیانەوێ عێراق هەر لەو بارودۆخە نالەبارەدا بژێت و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بیناسازی بەخۆوە نەبینێت و هەمیشە لە رەوشێکی خراپدا بگوزەرێت، هاوکات پاشماوەکانی بەعس هاوکاریی هێزەکانی قاعیدەو تاوانباران دەکەن و لە پیلان و ئاژاوەگێڕی بەردەوامن، ئەوانە نایانەوێت ئەو ئەزموونە سەربگرێت و پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو پێشەوە بچێت. بۆیە لەم بارودۆخەدا، بە دڵنیاییەوە ئەگەر زۆر هۆشیار و وریا نەبین و چاومان کراوە نەبێت بەرامبەر پیلانەکانی ئەو گرووپە تیرۆیستیانە و هێزەکانی ئەمن و پۆلیس پلانی بەهێز دانەڕێژن بۆ بەرەو رووبوونەوەی ئەم کردەوە تاوانکاریانە، بێگومان ئاسەوار و کاریگەریی خراپتری بەدوادادێت، ئەمە وێڕای ئەو ناکۆکییانەی نێوان سەرکردەی کوتلە سیاسییەکان بوونیان هەیە و ئەمانەش رەوشەکە زیاتر بەرەو خراپی دەبەن، لەم حاڵەتەدا بێگومان راستە حکومەت بەرپرسیاری یەکەمە لە دابینکردنی ئەمن و تەناهی بۆ هاووڵاتیان، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە عێراقییەکان لە عەرەب و کورد و تورکمان و سەرجەم نەتەوە و کەمایەتییەکان پێویستە یەك دەنگ بن و بۆ خزمەتی ئەم وڵاتە و هاوکاری بکەن چونکە ئاگری تیرۆر کە داگیرسا کەس ناناسێت و هەموولایەك پریشکی بەردەکەوێت. هەروەها پێویستە دەزگاکانی هەواڵگری و ئەمنی زیاتر ئەکتیف بکەین و پشت بە زانیاریی دروست ببەستین بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکان و گورز وەشاندن لە تاقمە تیرۆریستیەکان کە دەیانەوێت ئەم رەوشە زیاتر تێك بچێت و کاولکاریی و خوێن رشتن وماڵوێرانی بۆ ئەم میللەتە بێننە ئاراوە)).

## د.وەلید عەبود پەرلەمانتاری هاوپەیمانی وەسەت بۆ گولان:

# عێراق لە بارودۆخێکی مەترسیداردایە هیوادارین هەرێمی کوردستان




**د.وەلید عەبود پەرلەمانتاری هاوپەیمانی وەسەت رەخنە لە ئەدای حکومەتی عێراق دەگرێت کە نەیتوانیوە بارودۆخی ئاسایش و سەقامگیری کۆنترۆڵ بکات، هەروەها داوادەکات هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخە هاوکاری عێراقیەکان بکات بۆ ئەوەی لە بواری دابینکردنی ئاسایش هاوکاریان بێت و بەمجۆرە لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق بۆ گولان هاتە ئاخاوتن:**

((چاککردنی ئەم رەوشە ئاڵۆزە دیارە، کاربەدەستانیش گوێ لەکەس راناگرن، ئێمە دەمانەوێت بەشداریان لەگەڵدا بکەین لە چاککردنی دۆسێی ئەمنی بەڵام ئەوان لەم بوارەدا تاکرەویی دەکەن و بیروڕای هیچ لایەنێکی غەیری خۆیان بە پەسند نازانن، ئایا ئەو بەرپرسانە ئاگایان لەوە نییە کە تەنیا لەم مانگەدا کە مانگی تەمموز بوو پتر لە ٩٩٠ کەس شەهیدو برینداربووە لە عێراق کە لە هەموو مانگەکانی دیکەی ئەم ساڵ خوێناویتر و کارەساتبارتربوو، دەبێ ئەو بەرپرسانەی دۆسێی ئەمنی چ وەڵامی خواو گەلی عێراق و مرۆڤایەتی بدەنەوە کە گیانی ئەو هاووڵاتیە سڤیلانە بەم شێوەیە بەفیڕۆ دەچێت، بەڵام هەروەکو گوتم ئێمە ئامۆژگاری و راوێژیان پێدەدەین کە ئەمەش بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەمانە و بەس، ئێمە لە یەکەم رۆژەوە روومان لە حکومەت کردووە کە پێویستە چارەسەری ئەو کەموکورییانە بکات بەر لەوەی کار لەکار بترازێت، ئێمە هەڵوێست و بۆچوونی خۆمان بە حکومەت راگەیاندووە چونکە بەزەییمان بە گەلەکەی خۆماندا دێتەوە کە لەو رەوشە خراپەدا دەژی، کە رۆژانە بە دەیان گیانی هاووڵاتیان لە کاری توندوتیژی و تیرۆریستیدا بەهەدەر دەڕوات، بەڵام بەداخەوە کەس گوێمان لێ ناگرێت رەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بێت کە شکستەکانی دامەزراوە ئەمنییەکان ئاشکرابن کە بەراستی توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیان نییە،

## د.سەعد حەدیسی شرۆڤەوانی سیاسی بۆ گولان:

# چارەسەری بنەڕەتی بریتییە لە پاککردنەوەی ژینگەی سیاسی و



**د.سەعد حەدیسی کە یەکێکە لە شرۆڤەوانە سیاسییەکانی عێراق، بێ شاردنەوە، بارودۆخی ئێستای عێراق بە سالی ٢٠٠٦ بەراورد دەکات و پێیوایە ئێستا عێراق بە قۆناخێکی مەترسیدار تێدەپەڕێت و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گولان خستەڕوو:**

((کاتێ سەیری ژمارەی قوربانییەکانی ئەم دواییە دەکەین کە عێراقییەکان تێیدا بوونەتە ئامانج، ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ مان بەبیر دێنێتەوە کە شەڕی تایفی تێدا روویدا، تەنانەت زۆرجار کە سەیری ژمارەی قوربانیانی عێراق دەکەیت دەکرێ بڵێین ئەو ژمارانە نزیکن لە ژمارەی قوربانیانی رۆژانەی سوریا کە ئەمەش مانای وایە کە دۆسێی ئەمنی عێراقی جارێکی دیکە گوزارشت لەوە دەکات کە ئەوانەی بەرپرسی دۆسێی ئەمنی عێراقن سەرکەوتوو نین لە ئیش و کاری خۆیان و کەموکوڕیی زۆر لە دەزگاکانی ئەمنیدا هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت، لە راستیدا رەوشی ئەمنی عێراق ئەمڕۆ زۆر مەترسیدارەو هۆشیاریی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەم رووەوە ئاماژەیە بۆ ئەم لایەنە، هەروەها ژمارەی کردەوە تیرۆریستییەکان رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبووندایەو تەنانەت هەڵمەتی دەرکردن و راگواستنی بەزۆری لەسەر بنەمای تائیفی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ئارادابوو ئێستاش کە بۆ چەند هەفتەیەك دەچێت دەستی پێکردۆتەوەو لەبرەودایە، بە تایبەتیش لە پارێزگای دیالە کە چەند حاڵەتێکی لەم شێوەیە روویدا و ئەگەر ئەم دیاردەیە پەرەبسەنێت رەنگە پارێزگاکانی دیکەش بگرێتەوە، هەروەها ململانێی سیاسی و تائیفی کە ئێستا سوریای گرتۆتەوە کاریگەریی بۆسەر رەوشی عێراقیش هەیە، چونکە ئەو هێزە پێکناکۆکانەی سوریا پێیانوایە کە گۆڕەپانی عێراقیش تەواوکەری ئەو ململانێیانەیە جا ئەوانەی کە پشتگیریی ئۆپۆزسیۆن دەکەن یان ئەوانەی کە یارمەتی رژێمی سوریا دەدەن، بۆیە ئەم کاریگەرییە ئیقلیمییە بۆتە کۆسپ لە رێگەی چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەمنیی عێراق کە زۆر زەحمەتە لەو قۆناغەی ئێستادا بتوانرێت بە یەکجاری ئاسایی ببێتەوە. بۆیە من وایدەبینم عێراق لە رەوشێکی زۆر مەترسیداردایە، بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت ئەوە مانای وایە ئەمە قۆناغی یەکەمە بەرەو چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، لەبەرئەوەی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە گۆڕینی دیدی هەندێ کوتلەی پەرلمانی دروست بکات،

## بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری هاوکاریمان بکات

چونکە ئەمەیان لەبەر ئەوە پێناخۆشە کە گوایە ئێمە کاتێك ئامۆژگاری حکومەت دەکەین پێیانوایە ئەمە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە یان مەبەستێکی لە پشتەوەیە، ئەمڕۆش کە دێن پلانی ئەمنی دادەڕێژن ناتوانن دەست بەسەر کەموکورتییەکاندا بگرن چونکە رەوشەکە زۆر مەترسیدارتر بووەو قەیرانەکە رۆژ لەدوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، بۆیە ئەمڕۆ وا پێویست دەکات کە بەرپرسیارێتییەکە بخەینە سەر شانی هەموو لایەکمان نەك بەتەنیا لایەنێك بەرپرسیار بێت، بەڵکو با بەیەکەوە مشورێك لەم قەیرانە ئەمنییە ئاڵۆزە بخۆین و بەیەك بۆچوون دوور لە سیاسەت چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. بۆیە پێویستە دامودەزگاکانی وەزارتی بەرگری و ناوخۆ زیاتر هۆشیاربن و ئەو کەسانە بخەنەسەر دۆسێی ئەمنی کە دڵسۆزن بۆ گەل و وڵاتەکەیان و تواناو شارەزاییەکی تەواویان لە بەڕێوەبردنیدا هەیە و دوور لە کوتلەکاری و حزبایەتیی تەسك و خزم خزمێنەو تایەفەگەری، لە هەمان کاتیشدا پێویستە کاربکەین بۆ نزیك بوونەوە لە وڵاتانی دەوروبەر و دراوسێ کە بە شێوەیەك لە شێوەکان رۆڵیان هەیە لە بارودۆخی ئەمنیی عێراق پێیان بڵێین چی دیکە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا نەکەن و لێگەڕێن با عێراقییەکان خۆیان چارەسەری بکەن بەڵام ئەگەر یارمەتیمان دەدەن ئەوا ئێمە سوپاسگوزاریان دەبین، چونکە هەروەکو دەزانن کە لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە تاکو ئێستا ئەو تەقینەوەو کردەوە تیرۆریستییانە هەر بەردەوامن، تکا لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەم کە بەپێی توانا یارمەتی دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراقی بدەن لە رووی پلانی ئەمنییەوە چونکە هەرێمی کوردستان لەم رووەوە سەقامگیرەو شارەزایی و توانایەکی باشیان هەیە کە هیوادارم ئەم هەماهەنگییە بێتە ئاراوە)).

## چاکسازیی نێو دەزگاکانی ئەمنی و هەواڵگری

ئەمەش رەنگە تا رادەیەك رەوشەکە ئاسایی بکاتەوەو ئاستی توندوتیژیش دابەزێت و عێراق بکەوێتە قۆناغێکی دیکەوە، دیارە ئەمەش پێویستی بە چەند مانگێك هەیە، بەڵام نازانم لەم چەند مانگەی داهاتوودا ئاستی توندوتیژییەکان کەمتر دەبێتەوە تاکو زەمینە بۆ ئەم هەڵبژاردنانە خۆش بێت یاخود کوشتار و تەقینەوەو توندوتیژییەکان زیاتر پەرەدەسێنن، هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان لەم بارەیەوە چی دەبێت ئەو پلانە ئەمنییانەی کە بۆ ئەم ماوەیە دادەنرێن دەبێت چۆن بێت، بەراستی پرۆسەی سیاسی لە عێراق نیمچە ئیفلیجە، بۆیە دەبینین کە ململانێی زۆر لە ئارادایە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان، تۆمەتبارکردنی سەرۆکی حکومەت بە تاکڕەوەی و ناکۆکی نێوان سەرۆکی کوتلەکان، تەنانەت نوری مالیکی سەرۆك وەزیران لایەنەکانی ناو خودی هاوپەیمانیی نیشتمانی تۆمەتباردەکات بە هاوکاری نەکردن لە دۆسێی ئەمنی. بۆیە لەم بارودۆخەدا من پێموایە بەر لەهەموو شتێك ئەم پرۆسەیە فرەلایەنە، لایەنێکی پەیوەستە بە توانای دامودەزگاکان و ئەوانەی بەرپرسن ئایا پرۆفیشناڵانە کاردەکەن و تواناو لێهاتوویان تا چەند کاریگەرە، لایەنێکی دیکە شارەزایی لە بەدەستهێنانی زانیاریی ئەمنی و متمانەی نێوان دەزگاکان و هاووڵاتیان کە تا چەند هاوکاری یەکدی دەکەن و پیلانی تیرۆریست و ناحەزان تێك دەشکێنن، لە هەمووشی گرنگتر دانان و دامەزراندنی بەرپرسان لەو دەزگا گرنگانە لەسەر بنەمای دڵسۆزی و کارامەیی نەك لە سەر بنەمای حزبی و سیاسی و کوتلەکاری، هەندێ جار ئەو پۆستانە کڕین و فرۆشتنی پێدەکرێت! هەروەها چارەسەرکردنی گەندەڵی لە دەزگا ئەمنییەکاندا کە رەنگە کەسانێکی بەکرێگیراو و ناحەز و هەتا لەوانەیە خودی تیرۆریستان خزابنە نێو ئەم دەزگایانە، چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەم بوارە بریتییە لە پاککردنەوەی ژینگەی سیاسی و وەستان لەسەر کەموکوڕیی و خاڵە لاوازییەکان کە تەگەرەن لە ڕێی چاکسازیی نێو دەزگاکانی ئەمنی و هەواڵگری، هاوکات هێنانەکایەی زەمینەیەکی گونجاوی ئاشتبوونەوەی سیاسی نێوان لایەنە ناکۆکەکان و ئاوڕدانەوە لە هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی و هەنگاونان بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی سیاسی و یەکسانبوونی هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا و جیاوازی نەکردن لە هەموو بوارێك لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی و ئایینی)).

## ئۆپشنێک بۆ وڵاتانی ئیسلامی تا پەند لە ئەزموونەکەی میسر وەرگرن

# ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە چی دەکات لە سوریا؟



دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە

یەکێك لەو مشت و مڕە سەرەکییانەی پەیوەستن بە سوریاوە بریتییە لە تێوەگلانی شەڕکەرانی ئەلقاعیدە لە شەڕی ناوخۆیی ئەو وڵاتەدا. لەم ڕووەوە دوو پرسیاری یەك لە دوای یەك سەرهەڵدەدەن:١- ئایا ئەوان شەڕ بۆ کێ دەکەن؟ ٢- ئایا ئەو خەباتەی ئەوان بەشێکن لێی بە هێنانە ئارای دۆخێك کۆتایی دێت کە هەڵگری ڕواڵەتی دیموکراسی بێت؟

لە کاتێکدا هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارانە نەدراونەتەوە، ئەوا هەواڵی هەڵاتنی زیاتر لە ٥٠٠ سەرکردە و ئەندامی ئەلقاعیدە لە زیندانی ئەبو غرێب لە عێراق بڵاوبۆوە کە لە دوای هاتنی ئەمەریکییەکانەوە لەوێدا زیندانیکرابوون. ئەمە پەرەسەندنێکە کە جێی گومانە لەبەر ئەوەی ئەبو غرێب بەوە ناسراوە کە توندوتۆڵترین زیندانی عێراقە لە ڕووی ئەمنییەوە. هەڵاتنی بە کۆمەڵی لەو چەشنە کارێکی مەحاڵ دەبوو ئەگەر بە وردیی پلانی بۆ دانەنرایە و ئەگەر کارایانە جێبەجێ نەکرایە. لە زیاتر لە ٥٠٠ ئەندامی ئەلقاعیدە کە لەو زیندانەدا بوون، ژمارەیەکی زۆریان حوکمی لەسێدارەدانیان هەبوو. کەواتە ئەو گروپە لەژێر ڕێ و شوێنێکی توندا بوون.

گومانەکە ئەوەیە دیاردەیەکی لەم چەشنە ئۆپەراسیۆنێکی پلان بۆ داڕێژراوە. بەڵام لەلایەن کێیەوە؟ ژمارەی تێوەگلاوان لە هەڵاتنەکە نائاساییە و ڕێکخراوەکەشیان لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە بەوەی ڕێکخراوێکی توندوتیژە و بێ پچڕان سەرقاڵی تیرۆریزمە. کەواتە پاڵنەری سیاسی لە پشت ئۆپەراسیۆنەکە بۆ ئەوەیە توندوتیژی هێوربکرێتەوە لە ناوچەکەدا و بەرهەمە سیاسییەکەی بچننەوە.

ئەگەر لە قەبارەی ئۆپەراسیۆنەکە بڕوانین، ئەوا دەبێت بڵێین لە لایەن ڕێکخراوگەلێکی هەواڵگری زۆر کارامەوە ئەنجامدراوە. بەڵام بژاردەی ڕێکخراوەکە و ناردنی سەرجەم زیندانییە» ئازادکراوەکان» بۆ سوریا بۆ ئەوەی بەشداری لە شەڕە ناوخۆییەکەی ئەو وڵاتەدا بکەن، ئەوە لە خۆدەگرێت کە بەرپرسانی حکومەتی عێراقیش تێوەگلابن.

گومانی تێدانییە کە ئاکامە سیاسی و ئەمنییەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە سنوری عێراق و سوریا تێدەپەڕێنێت. دەبێت ئەوانەی هاوکاری و یارمەتی بە سوپای ئازادی سوریا دەبەخشن دووجار بیربکەنەوە پێش ئەوەی پشتیوانی بزووتنەوەیەکی بەرگری بکەن کە ئەل قاعیدە بەشێکە لێی لەگەڵ ئەو ئامانجە گوماناویانەی هەیانە. ئایا خودی ئۆپەراسیۆنێکی لەم چەشنە بۆ ئەوە نییە ئەم کاریگەرییە بخولقێنێت؟

جێی گومان نییە ئەوانەی ئۆپەراسیۆنەکەیان ئەنجامداوە دەیانەوێت لە ناوخۆدا ئەوە بسەلمێنن کە بەهێزترن و

تموحەکانیـــان ســـنووری حکومەتی عێراقی و ســـوریا دەبڕێـــت. ڕەنگـــە ئامانجێکی دیکەیـــان بریتی بێت لە شـــڵەژاندنی ئامانجەکانی موعارەزەی ســـوریا، ئەویش بەوەی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی بەدناو بکەنە بەشێك لە شانۆکە و هەر هەوڵێکی هاوکاری و پشتیوانی بۆ سوپای ئازادی سوریا پووچەڵ بکەنەوە. ڕەنگە ئەمە هەناسەی ژیانەوە بێت بۆ بەشار ئەسەد و حکومەتەکەی. لەبەر ئەوەی هەمیشـــە حکومەتی ســـوریا بانگەشەی ئـــەوەی دەکرد کە شـــەڕ دژی تیرۆریـــزم و توندڕەوی دەکات و لەگەڵ هێزە جەماوەریەکاندا ڕووبەڕوو نەبۆتەوەو دوژمنەکەی خەڵکەکە یان گروپە سیاسییە شەرعییەکانی موعارەزە نییە.

ئەگەر حکومەتەکەی ســـەرۆك وەزیران نوری مالیکی، ڕاستەوخۆ بەرپرسیار بێت لەم هەڵاتنە، بەوەی ئەلقاعیدە بە هەڕەشەیەکی مەزن بۆ سەر عێراق دانابێت ( هاوشانە بە چالاکییـــە تیرۆریســـتییە بەردەوامەکانی و ڕقی بۆ شـــیعەکان)، ئەوا چۆتەژێرباری هێزێکـــی گەورەتر بۆ ئەوەی ڕەزامەندی بدات یان مل بۆ فشارێکی لەم چەشنە کەچ بکات.

هەروەها کاتی هەڵاتنەکەش جێی ســـەرنجە، لە کاتێکدا روویدا کە هاوپەیمانێتییەك لە نێوان حکومەتی عێراقی و ســـەرکردایەتیی سوریادا پێکهات. لە ڕاستیدا حکومەتی عێراقی هاوکاریی ماددی بەرچاوی بۆ دیمەشـــق نارد، لەگەڵ خۆبەخشە عێراقییەکاندا بۆ ئەوەی شان بە شانی سوپای ڕێکخراو نارێکخراوی دڵسۆز —بۆ حکومەتی— ســـوریدا بجەنگن. لە نێو خۆبەخشـــە عێراقیەکاندا ئەو جیهادیانە هەبوون کە ئاستی ئەو توندوتیژیەی ئەنجامی دەدەن کەمتر نییە لە ئاســـتی ئەو توندوتیژیەی هێزەکانی حکومـــەت ئەنجامی دەدات کە هەوڵی ســـەرکوتکاری ڕاپەڕینەکە دەدەن.

ئەم توندڕەوانە ناســـراون بـــەوەی ئەجێندایەکی جیاوازیان هەیە-جیهـــادی جیهانـــی و خەلیفەت- لـــە ئەجێندای سوپای ئازادی ســـوریا، ئەوانەی دەیانەوێت وڵاتەکەیان لە دیکتاتۆریەت ڕزگار بکـــەن. هەروەها ئەم توندڕەوانە دەیانەوێت ئیرادە و توندوتیژی خۆیان بســـەپێنن بەســـەر لایەنەکانی ســـوپای ئازادی ســـوریا ئەوانەی ئەجێندای لیبرالیزەکردنیان هەیە بۆ خەڵکانی ئەو شـــوێنانەی لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ئەواندان.

ئایا ئـــەم دۆخە بۆ کوێ سەردەکێشـــێت؟ یەکەم، ڕەنگە ئەو لایەنانەی ئەلقاعیدە بە هەڕەشـــە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن ڕابکێشرێنە نێو شەڕەکەی سوریاوە ( وەك ئیسرائیل). دووەم، خەباتی کوردی عێراق و سوریا خەباتێکی پتر شـــەرعی دەبێت، ئەویش بە ڕەوچاوکردنی ئاستی نزمی ئامانج و ڕیزەکانی سوپای ئازادی سوریا. زیاتر و زیاتر شـــەڕی کورد دژی بەرەی ئەلنوســـرە، کە لقێکـــی ئەلقاعیدەیە، وەك شـــەڕی بەرگری لە خۆکردن دەردەکەوێـــت، کە گونجاو بێت لەگـــەڵ خیتابی لیبراڵی موعارەزەی ســـوریدا. تورکیاش زیاتر دوچاری دژواری دەبێتەوە لە سەرکوتکردنی داواکارییەکانی کوردی سوریا بۆ مافی خۆبەڕێوبەری و دابینکردنی پشتیوانی ئاشکرا یان نهێنی بۆ ئەو لایەنانەی لەم ڕووەوە هاوکاری تورکیا دەکەن.

لە عێراقدا، هەرێمی کوردستان «krg» پەند لەم دۆخە وەردەگرن، لە ڕووی ئـــەوەی تا چەند دەتوانن متمانە بە حکومەتی بەغدا بکەن بۆ پاراســـتنی ئازادیەکەیان و ئەو دەستکەوتانەی بە زەحمەت بەدەست هاتوون.

بە هەمان شـــێوە، حکومەتی تورکیاش زیاتر لە هۆکارێك بەدی دەکات تاوەکو دەســـتی سوکتر بکات لەو هەڵوێستە پەرۆشـــانەی هەیبوو بـــۆ پشـــتیوانیکردنی یەکڕیزیی موعارەزەی ســـوری و هاوکاریکردنی لایەنە بەدناوەکان بـــۆ ســـنوردارکردنی ئامانجی کـــورد کـــە بریتییە لە خۆبەڕێوەبـــەری. ئاماژەکانی ئەم حاڵەتـــە دەرکەوتوون، وەك سەردانیکردنی ساڵح موســـلیم، سەرکردەی پەیەدە، کە پارتێکی ســـەرەکیی کوردییە لە سوریا، بۆ تورکیا و پەیوەندیکردنی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا.

دوو چەمك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نارۆشنن کە بریتین لە ئازادی و ئاییـــن، یەکەمیان کە چەمکی ئازادییە بە دڵنیاییەوە ئەمە تاکەکەســـی نییە ئەگـــەر وابێت، ئەوا زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە نزیکتر دەبن لە دیموکراسییەوە، چونکە ئازادی مانای سەروەریی نەتەوە یان سەربەخۆیی دەوڵەت دەگەیەنێت.

کەواتـــە ئەمـــە خەســـڵەتێکی بەکۆمەڵە زیاتـــر لەوەی خەســـڵەتی هاووڵاتی بێت. هەر بەهۆی ئەم ڕاستییەشە کە هەموو ماف و ئازادییەکان لە دەســـتەجەمعی بوونەوە سەرچاوە دەگرن و تاکەکەسەکان بەوەندە ئیکتیفا دەکەن کە لە سەرەوە پێیان دەدرێت. سەرچاوەی شەرعییەت دەوڵەتە یان سەرەوەرییە، هەروەها هەموو ماف و ئیمتیازاتەکانیش دەگرێتەوە.

چەمکی دووەم کە مشتومڕهەڵدەگرێت بریتییە لە ئایین، ڕەنگە کەسێکی بیانی دوچاری سەرسوڕمان بێت لەبارەی ئەوەی ئایین لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا چۆن کاردەکات.چونکە تەنیا پەیوەســـت نییە بە باوەڕ و پەرستشـــەوە، بەڵکو ڕێبەرێکە بـــۆ ڕەفتارەکانی ڕۆژانە و نەخشـــەی بەڕێوەبردنـــی ژیان. هەروەها ســـەرچاوەی ئەخلاقیشـــە، بە هەمان شـــێوەی ڕۆژانـــە هەروەها بە سیاسیش کراوە.

**هەڵاتنی زیاتر لە ٥٠٠ سەرکردە و ئەندامی ئەلقاعیدە لە زیندانی ئەبو غرێب لە عێراق پەرەسەندنێکە کە جێی گومانە لەبەر ئەوەی کە توندوتۆڵترین زیندانی عێراقە لە ڕوی ئەمنییەوە**



**هۆکاری سەرەکی گردبوونەوەی ملیۆنەها کەس لە دژی حکومەتەکەی ئیخوان موسلمین ئەو بێ ئومێدیەیە کە خۆی دروستی کردووە کە گوایە ئەرکێکی ئیلاهی هەیە بۆ سارێژکردنی هەموو دەردەکان و دابینکردنی پێداویستییەکان**

ژیانی سنورداری سیاسی و ڕەفتارە دیکتاتۆرییەکانی ڕژێمەکانی ئێستا بوونەتە هۆی دروستبوونی ئیسلامی سیاسی. ئەوان بوار بە ئۆپۆزسیۆنێکی کەم دەدەن و دەرفەتێکی زۆر کەم بە ڕێکخستنی مەیل و داخوازی سیاسی بەدیل دەدەن. لەبەر ئەوەی تەنها دامەزراوەیەکی شەرعی هەیە کە خەڵکی پەنای بۆ ببەن کە تەنانەت دڵڕەقترین رژێم حکومەتیش ناتوانێت سەرکوتی بکات ئەویش ئایینە. گروپ و تەوژمە جیاوازەکان هۆکاری بوونی خۆیان لە ئاییندا دەبیننەوە و بە دەستەواژەی ئایینی گوزارشت لە کێشەکانیان دەکەن. لە کۆتاییدا، بۆیە ئایین بە سیاسی کرا و سیاسەتیش بە ئایین کرا.

هەموو شتێك بە دەستەواژە ئایینییەکان شیدەکرێتەوە و شەرعییەتی پێدەدرێت، لە نێویاندا شەڕەکانی براکوژی. مایەی سەرسوڕمانە کاتێك لایەنە بەشەڕهاتووەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا (بۆ نمونە سوریا) لە کاتی تەقەکردن لە یەکتری هاوار دەکەن « الله اکبر» جا ئەوانە سوپای ڕێکخراو بن یان نیمچە سەربازی بن.

کاتێك ئایین تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانە و ئەخلاق دەکرێت، ئەوا بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی کاڵدەبێتەوە و سنوورەکانی ڕەفتاری ئیتیکیش نارۆشن دەبێت. لایەنی خراپیی ئەم تەوژمە ئەوەیە ئایین دەبێتە دیاردەیەکی دنیایی و خەسڵەتە یەزدانییەکە و ئۆتۆنۆمییە کەلتووریەکەی لەدەست دەدات،ئەو کاتە دەبێتە هاوشانی سیاسەت و بەو پێیە هەموو ناکۆکییەکانیش. ئەوەی ناتوانرێت لە دروشمی شەڕکەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینرێت، لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا بریتییە لە بەها و بنەمای هاوبەشی مرۆیی کە لە دوای شەڕەوە پێیەوە پابەندبن. تەنها بەوە خۆیان لە ڕکابەرەکانیان جیادەکەنەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەوان داکۆکیکاری ڕاستەقینەی ئیسلامن. بەڵام لەو کاتەدا دوژمنەکانیشیان هەمان کار دەکەن و هەر هەمان ئایینە کە بە ناوی ئەوەوە ژیانی یەکتر لە ناو دەبەن نموونەش بۆ ئەمە، بەم دواییە تاڵیبان لە ئەفغانستان کچێکی کوشت تەنها لەبەر ئەوەی بۆ قوتابخانە دەچوو.

لە کاتێکدا ڕێکخراوە ئایینییەکان بەڵێنی دادپەروەری و بەرپاکردنی ئارامی دەدەن، ئەوا بە دەگمەن دروشمەکانیان وەڵامدەرەوەی پرسە بە پەلەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە کە زۆر پێویستیان پێیەتی. ئیدارەدانی ئابووری، زیادکردنی هەلی کار، نوێکردنەوەی پەروەردە و لەسەر ئاستی جیهان وڵاتەکە رکابەرێکی ئابووری بێت و هتد. هەموو ئەمانە لە ئەجێندای بزووتنەوە ئاینیەکان بوونیان نییە. زیاتر و زیاتر خەڵکی لەوە تێدەگەن کە ئایین کورتکراوەتەوە بۆ کۆمەڵە دەستەواژەیەکی نەزۆکی سیاسی بۆ پتەوکردنی پێگەی ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵکدا راستگۆیی پیشان بدەن، واتە هەر ئەوەندە و زیاتر نا!



کاردانەوەکانی میسر وای لە زۆر کەس کرد دووبارە بیر لە سروشت و چارەنووسی بزووتنەوە ئایینییەکان بکەنەوە. ژمارەیەکی زیاتری خەڵك دەیانەوێت ئایین لە سەروو و لە دەرەوەی سیاسەت بێت. بە تایبەتی توێژەرە ناودار و فەقیهە ئیسلامییەکان مەترسیی خراپ بەکارهێنانی (یان ڕاسترئەوەیە کە بڵێین) بەکاربردنی ئایین لە ململانێیە سیاسییەکاندا دەبینن. ئەوان هەست دەکەن بەکارهێنانی ئاین بۆ شەرعیەتدان بە بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان لە کۆتاییدا وەك شکستی ئیسلام سەیر دەکرێت، ئەویش کاتێك ئەم بزووتنەوانە بە تێپەڕبوونی کات دادەکشێن.

لەوەش زیاتر، ئەم لێکدانەوەجیاوازانەی پرەنسیپ و دەق و ئایەتەکانی ئیسلام سەرلێشواندن دێننە ئاراوە و لە کۆتاییدا خەسڵەتە ئایینییەکەی باوەڕ لەدەست دەچێت، بەڵام هێشتا کێشەیەکی مەترسیدارتر هەیە ئەویش ئەوەیە کە: ئایین جێی ڕەوشتی گرتۆتەوە. لە ڕاستیدا ڕەوشت لەلایەن گرووپە ئایینییە جیاوازەکانەوە تەفسیری جیاوازی بۆ دەکرێت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ لەدەستدانی زەمینەیەکی هاوبەشی ڕەوشت و لێڵکردنی پرەنسیپە بنەڕەتیە هاوبەشەکان.

ڕەنگە هۆکاری سەرەکی گردبوونەوەی ملیۆنەها کەس لە مەیدانەکانی شاردا لە دژی حکومەتەکەی ئیخوان موسلمین لە میسر ئەو نائومێدبوونە بێت کە خۆی دروستی کردووە. جگە لەوانە، ئەو باوەڕە لە ئارادابوو کە ئەرکێکی ئیلاهی هەیە بۆ ساڕێژکردنی هەموو دەردەکان و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان، کە ئەم ئەرکە باشتر لە حکومەتە عەلمانیە گەندەڵ و ناکاراکان ئەدا دەکات.

نابێت شکستی ئیخوان موسلمین وەك شکستی ئایین لێکبدرێتەوە. ئەمە خەم و نیگەرانی زانا و فەقیهە دیارەکانی وەك شێخ «ناصرالدين الالبانی»، سەلەفیست لە سوریا، موفتی سعودیە «عبد العزيز بن باز» و «محمد ابن الاثيمين». زۆرێك لە زانایانی ئەزهەر هەمان بۆچوونیان هەیە: گرووپە ڕادیکاڵەکان ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەبری ئیسلام کاردەکەن زیانێکی گەورە بە ئیسلام دەگەیەنن. واتە لە کاتێکدا کە باوەڕ دەقۆزنەوە ئەوا کار بۆ بەرژەوەندییە شەخسی دەستەگەری دەکەن، بەو پێیە زیان بە ناوبانگی ئیسلام دەگەیەنن.

لەبەر ئەوە دەبێت ئەو ڕاستییە ڕوون بێت کە بۆچی لە زۆرێك لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا پشتیوانی لە فشاری دژ بەحکومەتەکەی ئیخوان موسلمین لە میسر کرا یان لانی کەم چاوپۆشی لێکرا.

**گرووپە ڕادیکاڵەکان ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەبری ئیسلام کاردەکەن زیانێکی گەورە بە ئیسلام دەگەیەنن. واتە لە کاتێکدا کە باوەڕ دەقۆزنەوە ئەوا کار بۆ بەرژەوەندییە شەخسی دەستەگەری دەکەن، بەو پێیە زیان بە ناوبانگی ئیسلام دەگەیەنن**

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**



کامیل شێخ عەلی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بۆ ( گوڵان):

# هەر مامۆستایەکی ئاینی مینبەری مزگەوت بۆ بۆچوونێکی دیاری کراو بچووک بکاتەوە سەرپێچییەو لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت

## لەکوردستاندا لەسەر جیاوازی بوونی دین ئازاری کەس نەدراوە ڕێز لەهەموو ئاین و ئاینزاکان گیراوە

## هەر وتارخوێنێک لەشەریعەتی ئیسلام تێپەڕی کردوو خەڵکی هاندا بۆ توندوتیژی خەڵکی ئامادەنابن گوێبستی وتارەکەی بن

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پێوەندی بەبیرو بڕواو بابەتە ئاینییەکانی هاونیشتمانی ئەم هەرێمەوە هەیە و، چەندین بابەتی تایبەت بە بواری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤەکان بەستراوەتەوە بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئاینەوە، هەربۆیە ئەم وەزارەتە هەستیاریی و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ ناساندنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی وەزارەت و ئەو خەسڵەت و شێوازەی کارکردن و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەپێویستمان زانی مامۆستا کامیل حاجی عەلی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بەسەر بکەینەوەو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** ژمارەیەکـــی زۆری مزگەوت و دێرو کەنیســـەو پەرســـتگای ســـەر بەئاین و ئاینزاکانی تر لەهەرێمی کوردســـتان بوونیان هەیە، ئایا تاچ رادەیەك توانیوتانە هەنگاو بەرەو پێکەوەژیان لەنێوان هەموو ئاینزاکان بنێن؟ ئایا پێوەندیتان لەگەڵ ئایینەکانی تردا چۆنە؟**

- کاتێك وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی کرا بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی واتا ئاینەکانی دیکەش، تەنانەت لەدیوانی وەزارەت دوو بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی کراوەتەوە بەناوی ( بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی مەســـیحیەکان- بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەزیدییەکان). وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەماوەی کابینەی شەش و حەوت دا بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) کە دەرچـــووە مامەڵـــەی لەگەڵیان کردووە ( وشـــهد شـــاهد من اهلها) واتە ئەوانەی لەدەرەوەی کوردستان هاتوون ئەم شاهیدەیان داوە. هەربۆیە سەرجەم ئاین و ئاینزاکان لەکوردستاندا گلەییان نەبووەو سرووت و مەراسیمەکانیان وەکو خۆیان ئەنجام داوە بێ جیاوازیکردن لەنێوان ئەوەی خەڵکی کوردســـتانە یا لەدەرەوە هاتووە، تەنانەت زۆر لەو ئاینزایانە کوردن و بیروباوەڕیان جیایە. لە ئیسلامدا نییە بیروباوەڕ بەزۆر بچەسپێندرێت مەگەر بەقەناعەتەوە نەبێت، هەربۆیە لەکوردســـتاندا لەســـەر جیاوازی بوونی دین ئازاری کەس نەدراوە رێز لەهەموو ئاین و ئاینزاکان گیراوە. ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردســـتاندا لەبـــواری پێکەوەژیان و رێزگرتن لـــە ئاین و ئاینزاکان هەیە لە کەم شـــوێن هەیە، ئەوەتـــا لەناوچەکانی تری عێراقـــەوە زۆر لەئاینزاکان هەڵهاتوون و لەکوردســـتان جێگاو ڕێگایان بۆ کراوەتەوەو رازین لەخەڵکی کوردستان و سیاسەتی حکومەتی هەرێم کە بریتییە لە پیادەکردنی سیاسەتی پێکەوەژیان لەهەرێمەکەدا.

*** مینبـــەری مزگەوتەکان موڵکـــی هیچ کەس و لایەنێك و بۆچوونێکی دیاریکراو نییە، ئایا تا چ رادەیەك کار بۆ ئەم پرەنســـیپە کراوە و پێشبینی ناکەیت لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی کوردســـتان لەم بوارەوە پێشێلکاری و سەرپێچی بکرێت ؟**

- مزگـــەوت موڵکی هەموو موســـڵمانێکەو جێگاو شـــوێنی خواناسین و خواپەرستییە، ئەم ئیسلامەش کە پەیامەکـــەی ( رحمە للعالمین)ە و بۆ ( کافە الناس) هاتووە، بـــۆ ئەوانەی کە دەیانەوێـــت گوێ فەرمانی بەفەرمانەکانی خوداو فەرمودەکانی پەیامبەری ئیسلام بگرن، هەربۆیە مامۆستای مزگەوت بۆ هەموانە واتە دەبێتە جێگای رێبـــازی پەیامبەر( محمد صلی االله علیه وســـلم)، گەر وا نەبێت دەبێـــت بەخۆیدا بچێتەوە و هەڵەکانی چاك بکاتەوە، چونکە ئیســـلام بەرنامەی ژیانەو بۆ هەموانە، بەپێچەوانەشـــەوە کاتێك منبەری مزگەوت بچووك کرایـــەوە لەبۆچوونێکی دیاری کراو لەگەڵ قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر یەکی نەگرتەوە ئەوا ئەو بۆچوونە ســـەرناگرێت. ســـەبارەت بەبانگەشـــەی هەڵبژاردنەکانیش کە رێنمایی هەریەك لە کۆمســـیۆنی هەڵبژاردنەکان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەیە و هەرکەســـێك سەرپێچی بکات و منبـــەری مزگەوت بـــۆ کارو بۆچوونـــی لایەنێك بەکاربهێنێت لێپرسینەوەو لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، تەنانەت خەڵکی کوردستانیش هۆشیارەو رێگا بەکاری وانادات.

**خەڵکی لەناوچەکانی تری عێراق بەجیاوازی ئاین و ئاینزاکانەوە هەڵهاتوون و لەکوردستان جێگاو رێگایان بۆ کراوەتەوەو رازین لەخەڵکی کوردستان**

*** خوێندنی وتاری هەینی و ئاینی مامۆستایان چۆن رێك دەخرێت؛ تاوەکو نەبێتە هۆکارێك بۆ توندوتیژیی و بۆ بەمەستی سیاسی بەکارنەهێنرێت؟**

- ســـوپاس بۆ خوداو دوای فەزڵـــی خودا هیمەتی هەموو لایەکی تێدایە بەتایبەتی مامۆستایانی ئاینی کە توانیویانە ئەو ئارامی و سەقامگیریی و ئاشتەواییەی ئێســـتا بەردەوامی پێ بدەن. وتارەکانی رۆژی هەینی نابێت لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی تێپەڕ بکات گەر تەجاوزی کرد سنووری شکاندووە، وەزارەتی ئەوقاف رێنمایی دەرکردووە تاوەکـــو وتارخوێنەکان لەوتارەکانی رۆژی هەینی لەچوارچێوەی شـــەریعەتی ئیســـلامی تێپـــەڕ نەکەن، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیســـلام دوور و نزیك لەتوندوتیژی دوورە پەرێزەو ئاشـــتی و ئاشتەوایی ویستووە( اسلام –سەلام –سلم)ەو سێ وشەی قورئانین، هـــەر وتارێك خەڵك هانبدات بـــۆ توندوتیژی کەوابێ خەڵـــك تاودەنێت بـــۆ دەرەوەی مزگەوت، هەربۆیە هەر وتارخوێنێك لەشەریعەتی ئیسلام تێپەڕی کردوو خەڵکی هاندا بۆ توندوتیژی ئەوا خەڵکی ئامادەنابن گوێبستی وتارەکەی بن چونکە وتاری ئاینی پێویســـتە لەگەڵ قورئانی پیرۆزو سوننەت یەکبگرێتەوە ئەمڕۆ خەڵکی ئاسـایش و سەقامگیری و هێمنیان دەوێت ڕێگا نادەن وتارخوێن خەڵکی هانبدات بۆ توندوتیژی.

*** بوونی ئینتیمای حزبی لە لایەن پیاوانی ئاینییەوە تا چەند رێگە پێدراوەو لەســـەر چ بنەماو رێنمایی و یاســـایەك رێگری لەتێکەڵبوون و دەستێوەردانی حزبی دەکرێت ؟**

- لەئیســـلامدا دەســـتەواژەی پیاوانی ئایینی نییە بەڵکـــو مامۆســـتاو زانایانـــی ئیســـلامی هەیە، کە بەڕێوەبەرو سەرپەرشـــتی مزگەوتەکانن و ناکرێت تەنیا نوێنەری دەستەو لایەنێك بن، بەپێچەوانەوە گەر ئاینی ئیســـلام بەکارهێنرا بۆ دەستەو لایەنێك ئەوا ئاینەکەی بچووك کردەوە، مزگەوت و ئاین و مامۆستاو زانایانی

**پێداویستیەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی زیادیکردووەو، تەنانەت لەبەر کەمی بودجە وەزارەت ناتوانرێت نەسرییە بۆ مزگەوتەکان دابین بکات**

ئیسلام موڵکی هەمووانەو خوداو پەیامبەرەکەی چییان فەرمووە دەبێت ئەوە پەیامی بێت، لەسەری نییە خەڵکی بەزۆر بکاتە ئیسلام یا خەڵکی بەدەمییەوە دێت یاخود نا، هەرمامۆستاو زانایەك یا وتارخوێنێك بانگەواز و بانگەشەی بۆ تەنها گروپێکی کرد کە ئەو خۆشی دەوێت ئەوا دەبێت تورەیی و پەیامبەرمان رەتیکردۆتەوە: ( لیس منا من مات علی عصبیە، ولیس منا من دعا الی عصبیە، ولیس منا من قاتل علی عصبیە)، لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە هەر کەسێك بەو کارە هەڵسێت ( بۆگەناویە)، پشتگیری و پشتیوانی جەماوەری موسڵمان و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو خواناسان ئەرکی مامۆستایانی ئاینییە، ئەوە ئەرکی مامۆستای ئاینییە موسڵمانان شارەزا بکەن لەواتای قورئان و ژیانی پەیامبەرەکەیان، موسڵمانان هانبدەن تاوەکو پابەندبن بەقورئان و سوونەتەوە و نەتەوەو خاك و نیشتمانەکەیان خۆش بوێت.

*** پێوەندی وەزارەتەکەتان لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و لیژنەی باڵای فتوا چۆنە ؟ ئایا چۆن فتوا رێکخراوە؟**

- فەتوا لەوەزارەتی ئەوقاف نادرێت بەڵکو لەلای ئەهلی فەتوا دەدرێت، وەکو وەزارەتیش دوو ساڵ زیاترە پرۆژەیەکمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران ناردووەو کۆبوونەوەی لەسەر کراوە تاوەکو لەپەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت، وەکو وەزارەتیش بەردەوام دەبین لەبەدواداچوونی پرۆژەکەو پەسەندکردنی لەپەرلەمانی کوردستان. سەبارەت بەو لیژنەیەی فەتواش من پێم وایە ئەو لیژنە فەتوایەی کە ئێستا هەیە ئیشوکارەکانیان بەباشی ئەنجامداوە.

*** ئایا دەکرێت بووترێت شوێنە ئاینییەکانمان و دامودەزگاکانی وەزارەتی ئەوقاف هەنگاویان بەرەو بە دامەزراوەیی مەدەنی ناوە ؟**

- گەر پەیڕەوی ئیسلام بکەین واتە پەیڕەوی مەدەنییەت و شارستانییەت دەکەین، ناکرێت لەوەزارەتێکی وا هەستیاردا کار بۆ ئەوە نەکرێت ئیشوکارەکان بەدامەزراوەیی نەکەین، لەم رووەوە بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی دەرچووی ساڵی (٢٠٠٧) ئیشوکارەکانمان جێبەجێ کردووەو لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکانی تر و رێکخراوە مەدەنییەکان هەماهەنگی و هاوکاری هەیە، هەنگاویش بەرەو کەمکردنەوەی رۆتینمان ناوە بەبەردەوامیش لەپێناو زیاتر ئەکتیڤکردنی سیستەم پیاداچوونەوە بەسیستەمی ئیداریی دەکەین.

*** ئایا هەست بەوە ناکرێت پێداویستییەکانیان زیاد بووە و پێویستی بە خزمەتگوزاری زیاتر هەیە، بەتایبەتی لە زۆری مزگەوت و شوێنی ئایینی پێشکەشکردنی کاری خزمەتگوزاری کەم بۆتەوە؟**

- پێداویستییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی زیادیکردووەو پێویستیمان بەخزمەتگوزاریی زیاتر هەیە کە بەبودجەی زیاتر دەکرێت، تەنانەت لەبەر کەمی بودجە وەزارەت ناتوانرێت نەسرییە بۆ مزگەوتەکان دابین بکات. لێرەدا سوپاسی خێرخوازانی کوردستان دەکەین کە لەمزگەوت دروستکردن و قوتابخانە خزمەتگوزارییەکانی ئەوقاف درێغیان نەکردووەو ئەوەی لەتوانایاندا هەبووە خزمەتیان کردووە.

*** بەڵام بۆچی رێگا نادەن بەوەی مامۆستای ئاینی پارەو هاوکاری بۆ مزگەوت کۆبکاتەوە، تاوەکو شوێنی ئاینیەکەی نۆژەن بکاتەوەو پێداویستیەکانی دابین بکەن ؟**

- رێگا نەدراوە لەمزگەوتەکان بانگەواز بکرێت بۆ پارەکۆکردنەوە بۆ دروستکردن یا نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکان، گەرچی خێرخوازان بەشێوازی نوێ لەنۆژەنکردنەوەو دروستکردنی مزگەوت بەردەوامن، ئەمەش بەپێی رێنمایی وەزارەتمان بەتایبەتی لەناوەندی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکاندا.

*** مەسەلەی خوێندنی ئیسلامی وەزارەتی ئەوقاف بەکوێ گەیشتووە، گرنگترین کێشەکانی پرۆگرام و نەبوونی مامۆستاو دامەزراندنی دەرچوانی ئەو خوێندنگایانە چارەسەر کرا؟**

- پرۆگرامەکانی خوێندنی ئیسلامی لە ناوەندی و دواناوەندی بەسێ قۆناغ بەئامادەبوونی وەزارەتی خوێندنی باڵاو پرۆگرامی خوێندن گۆڕدراو چارەسەر کرا، لەبواری پەیمانگاکانیش لەکۆنفرانسێکدا تەعدیلی تێدا کراوە. وەزارەتە پەیوەندارەکان لەدانانی راسپاردەکانی خوێندنی ئیسلامی و پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگەکان رۆڵیان هەبووە. مامۆستایانی پەیمانگاکان زۆریان خاوەنی بڕوانامەی دکتۆراو ماستەریان هەیە، تەنیا مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی یا کۆمپیوتەر بڕوانامەی بکالۆریۆسیان هەیە کە چارەسەری ئەمەش دەکەین، بەڵام ئێمە پێویستیمان بەبەڕێوەبەری گشتی خوێندنی ئیسلامی هەیە و چەند جاریش بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نووسراومان بەرزکردۆتەوە، هەروەها دەرچووی پەیمانگا زانستییەکانمان هەیە دانەمەزراون، کە مزگەوتی نوێیەکان دروست دەکرێت پێویستیمان بەپێش نوێژ هەیە، لەم رووەوە بەشی دامەزراندن لە حکومەتی هەرێم رێژەیەکی کەم بەوەزارەتمان دەدات بۆیە مزگەوتمان هەیە بێ ( امام) ماونەتەوەو دەرچووانیش هەیە کە شارەزان کەچی دانەمەزراون.

**مزگەوتمان هەیە بێ ( امام ) ماوەتەوە لەکاتێکدا دەرچوو شارەزامان زۆرەو دانەمەزراون**

**لەداهاتی وەزارەتی ئەوقاف توانیومانە خانووی پێ بکرین و بەناوی وەزارەتەوە تۆمار دەکرێت و هەرگیز نابێت بە موڵکی شەخسی**

**وەزارەتی ئەوقاف دوو پرۆژەی بۆ ( فەتواو زەکات) بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردۆتەوە**

*** ســـەفەرکردنی حەج و ڕێکخستنی ئەو پرۆسەیە بۆ ئەمســاڵ چۆن بوو؛ ئایا لەوەزارەت کێشـــەیەکتان هەیە بەناوی کەموکورتی یا پێشێلکردنی ڕێنماییەکان لەمەسەلەی حەج یا کۆمپانیاکانی ئەمبوارە کەمتەرخەم نەبوون؟**

- تاکــو ئێســتا بەڕێوەبەرایەتی گشــتی حەج و عومــرە بەپێی ڕێنماییــەکان کارەکان بۆ ســەفەری حەج رادەپەڕێنێت و لەســەر گشــت کۆنووســەکانی تایبەت بەمبوارەش وەکو وەزیر واژووم لەســەر کردووە، هەرکەسێکیش سکاڵاو شتێکی نایاسایی هەیە دەتوانێت پێمان رابگەیەنێت تاوەکو ئیشــی لەســەر بکەم. بەڵام تەنیا کێشــەی ئەمســاڵمان کەمکردنــەوەی ژمارەی حاجیانی بوو بەرێژەی لە ٢٠٪، لەو کەمکردنەوەیەشدا هەندێ کۆمپانیا یا ئۆرگانەکانی تر کە بەشدارنەبوون بۆ سەفەری حەجی ئەمساڵ رەنگە دڵگران ببن، بەڵام دەسەڵات نەبووەو ئەو کەمکردنەوەیە بۆ هەمووان بووەو وردەکاری باش کراوە کە دادپەروەری پیادە بکرێت.

*** ئایا تاچەند توانیوتانە لە داهاتی وەزارەتی ئەوقاف سوودمەند بن کە ساڵانە زیاتر لە ٢ ملیار دینارە؟**

- لەداهاتی وەزارەتی ئەوقاف توانیومانە خانووی پێ بکرین و بەناوی وەزارەتــەوە تۆمار دەکرێت و هەرگیز نابێت بە موڵکی شەخســی، زەوییەك یا خانوویەك هەر مەتروكەیەكــی تر هەبێت كە لەنزیك مزگەوتێك هەبێت بۆ فراوانكردنی مزگەوتێك ئەمجۆرە ماڵانەمان ئەنجام داوە، بەمەرجێــك لەڕووی هونەرییــەوە ڕێگاو جێگای بۆ كرابێتەوە بۆ ئاگاداری هەر تەســروفاتێك بەداهاتی وەقف بكەین بەبێ ڕەزامەندی و پرسیاركردنی لیژنەی فەتوا نابێت، بەشێوازی موساتەحە مامەڵەمان كردووەو لەبوار یوەبەرهێنان لیژنەمان هەیە.

*** ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی لەبەركردنی قورئانی پیرۆز لە كوردســتان كراوەتەوە ئایا لە یاسای وەزارەت و ڕێنماییەكانــی وەزارەت ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە بوونیان هەیە؟**

- ئێمە ژمارەیــەك بەڕێوەبەرایەتیمــان نییە بەڵكو لەدیوانــی وەزارەت یــەك بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە، لە بەڕێوەبەرایەتــی ئەوقافیش هۆبەیەك هەیە كە تایبەتە بەئیشــوكارەكانی و بەپێی یاســای ژمارە ( ١١) ی ساڵی (٢٠٠٧) لەدەسەڵاتی وەزارەتی ئەوقافدایە گەر قورئــان خوێندن و لەبەركردنی قورئانــی پیرۆز لەناو وەزارەتی ئەوقافدا یاسایی نەبێت ئەی چی یاسایی یە كە لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافدا بگونجێت؟

**پێداچوونەوە بە سیستەمی ئیداریی وەزارەتی ئەوقاف دەكرێت**

*** مەســەلەی زەكات و ســەرفیترە ئایــا لەلایەن وەزارەتــەوە چۆن ڕێكخراوە؟ پێت وا نییە ڕێكخســتنی ئەمبوارە پێویستی بەفتواو یاساو بڕیار هەیە؟**

- دوو ســاڵ زیاترە پــرۆژەی زەكاتمان پێشــكەش بەئەنجومەنــی وەزیران كــردووەو ئامادەكــراوە تاوەكو لەپەرلەمانی كوردستان پەسەند بكرێت، ئەمەش كارێكی زۆر باشە بۆ ڕێكخستنەوەی زەكات و هاوكاری هەژاران و بەكارخســتنی ژمارەیەكــی باش لە بێــكاران لەناو دامەزراوەیەكدا كە پشــكی زەكات چەند بێت لەلایەن لیژنەی فەتواوە دیاری دەكرێت، بەتایبەتی دیاریكردنی زەكاتی ســەرفیترە چونكە بەپێی ساڵ نرخی خواردن دەگۆڕێت، ئەوەی تر براوەتەوە لە (١٩) مسقاڵ ئاڵتون زیاتر بێت ســاڵێكی بەســەردا بچێت زەكاتی دەكەوێت ئێســتا گۆڕدراوە بە پارە بەرێژەی لە ٢,٥٪، وەزارەتی ئەوقاف لەبواری زەكات هیچ پەیوەندی لەدابەشكردنی زەكات نییەو نەبووە تاكو ئەو پرۆژەیە پەســەند نەكرێت خەڵــك خۆی زەكات بەكێــی داوە ئازادبووە حكومەت هێشــتا ئەو یاســایەی ڕێكنەخســتووە كە خۆی پێی هەڵسێ.




**لەبەر كەمی بودجە وەزارەتی ئەوقاف نەیتوانیوە نەسرییە بۆ مزگەوتەكان دابین بكات**

# لەبارەی رەمەزان و جەژنی رۆژوو شکاندنەوە



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :
(ولكل أمة جعلنا منسكا ليذكروا اسم الله) (الحج:٣٤).
لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا (ئیبن عەباس) و(ئیبن قوتەیبە ) دەڵێن : (منسكا) واتە (عيدا).
لێرەوە وشەی (العيد) وەك لە فەرهەنگی (لسان العرب) (بەرگی سێیەم)لاپەڕە(٣١٩)دا هاتووە:
واتە: هەر رۆژێك كە كۆبوونەوەیەكی تێدا بێت، بۆیەش پێی دەڵێن (عيد)، چونكە هەموو ساڵێك بەخۆشییەكی نوێوە دەگەڕێتەوە.
جەژنی دوای رەمەزانیش لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) ناونراوە بە (عيد الفطر) واتە جەژنی رۆژوو شكاندن، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە:
عن حديث أنس (رضي الله عنه) قال: (قدم رسول الله صلى الله عليه وسلم المدينة ولهم يومان يلعبون فيهما في الجاهلية) فقال: (إن الله تعالى قد أبدلكم بهما خيرا منهما يوم الفطر ويوم النحر).
واتە: كاتێك كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتە مەدینە، خەڵكی دوو بۆنەیان هەبوو یاری و ئاهەنگیان تێدا دەگێڕا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) پێیگوتن: (خوای گەورە باشتر لەو دوو بۆنەیەی بۆ داناون، رۆژی رۆژوو شكاندن و رۆژی قوربانیكردن)
جا لەبەر ئەوەی جەژن بۆنەی خۆشی دەربڕینە، بۆیە حەرامكراوە كە رۆژوو لەو رۆژەدا بگیرێت، هەروەك ئیمامی عومەر، دوای نوێژی جەژن لەوتارەكەیدا گوتی:
(يا أيها الناس إن رسول الله صلى الله عليه وسلم قد نهاكم عن صيام هذين العيدين) رواه البخاري ومسلم.
واتە: ( ئەی خەڵكینە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، نەهی لێكردوون لە رۆژی یەكەمی هەردوو جەژنەكەدا بەڕۆژوو بن )
هەر لەبەر ئەمەش پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ئەو سوننەتەی داهێنا كە لەپێش دەرچوون لە ماڵ بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جەژن چەند تاكێك دەنكە خورمای دەخوارد:
عن أنس(رضي الله عنه) قال:
(كان النبي لا يغدو يوم الفطر حتى يأكل تمرات ويأكلهن وترا) رواه البخاري وأحمد
بۆیە ئەم رۆژە كەجەژنی رۆژوو شكاندنە، سوننەت وایە موسڵمانان لەگەڵ جەژنە پیرۆزەدا بەیەكدی بڵێن: (خوا رۆژووی هەمووومانی قبوڵ كردبێت)، وەك (ئیبن حەجەر) لەبەرگی(دووەم) لاپەڕە(٤٤٦)ی (فتح الباري)دا ئاماژە بۆ ئەمە دەكات و دەڵێت: ( ئەمە دەقی ئەو فەرموودەیەیە كە ئیمام(ئەحمەد)لە (ئەبو ئومامەی باهیلی )ییەوە دەیگێڕێتەوە)
جا بۆ ئەم مەبەستە، سەبارەت بەم بۆنەی جەژنە دەكرێت وەڵامی ئەم چەند پرسیارە پەیوەندیدارانە بدەینەوە.

**یەكەم: بۆچی دڵخۆشین بەهاتنی جەژنی رۆژوو شكاندن؟**

١. چونكە خوای گەورە بواری پێداین و، گەیاندینییە رەمەزان و، داخیلی تاقیكردنەوەی كردین.

٢. تەواوکردنی ڕۆژووی ڕەمەزان، سەرکەوتن بوو لە تاقیکردنەوەی ئیرادەداو، زاڵبوون بوو بەسەر ڕۆتینی ژیانماندا.
٣. سوپاسی خودا دەکەین کە ئاستەنگی گەورەی نەهێنایە پێشمان و، تاقیکردنەوەکەشمان مانگێک بوو نەك زیاتر.
٤. سەرفرەمان داو، ماڵێکی هەژارمان بەشداری خۆشییەکانی جەژن کرد.
٥. ئەم جەژنە بیرهێنانەوەو گێڕانەوەی ڕابوورد ووییەك نییە، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ ئایندەی ژیانمان و، ئاهەنگی سەرکەوتنی هەر ساڵێکی نوێمانە کە بەسەرکەوتوویی ڕۆژووی تێدا دەگرین.
٦. هەمووومان پێکەوە خۆمان لەخواردن و خواردنەوە گرت و، پێکەوەش لەڕۆژی جەژندا ڕۆژوو دەشکێنین .

**دووەم: ڕەمەزان چی فێرکردین بۆ دوای جەژن؟**

١. گشت ئەو گوفتارو ڕەفتارانەی کە لەڕەمەزاندا بەخراپمان زانیی و لێیان دووردەکەوتینەوە، ئەوانە لەدوای ڕەمەزانیش هەر خراپن و دەبێت لێیان دووربکەوینەوە.
٢. ئەو خودایەی کە بە ڕەقیبمان ناسیی و، پێمان وابوو ئاگای لێمانەو چاودێریمان دەکات لەڕەمەزاندا، هەر ئەو خودایە بۆ دوای ڕەمەزانیش (الرقيب)ە‌و، ئاگای لەکارو کردەوە خراپەکانمانەو لەسەرمانی تۆمار دەکات.
٣. وەك لەڕەمەزاندا خۆمان لە خواردن خواردنەوەو داواکارییە زیادەکانی نەفس گرتەوە، پێویستە دوای ڕەمەزانیش کەم خۆرو کەم خەو بین.
٤. ڕێزی زیاتر لەنان وخواردن بگرین و، زیادەڕەویی و ئیسراف نەکەین لە بەهەدەردانی خواردن و فڕێدانی.
٥. وەك هەموو فتارکردنەوەیەکی ئێواران ئاماژە بوو بۆ خۆشیی سەرکەوتنێکی بچووك بەسەر نەفسی خۆماندا، با ڕۆژی جەژنی (فتارکردنەوە)ش خۆشیی گەڕانەوە بێت بۆ (فیترەت)ی پاکی سەرەتامان.
٦. کە لەگەڵ ئاوابوونی هەتاودا بانگ دەدراو فتارمان دەکردەوە، با لەو ڕاستییە بگەین کە لەگەڵ ئاوابوونی هەتاوی ژیاندا، فتاری ڕاستەقینەو نەبڕاوەی بەهەشت دەستپێدەکات.

**سێیەم: بۆچی زۆرجار نازانین دڵخۆش بین بەجەژنە ئایینییەکانمان؟**

١. چونکە لەڕۆژی یەکەمی هەردوو جەژنە ئایینییەکانماندا نەریتێکی نەخوازراو پەیڕەو دەکەین، کەسەردانی گۆڕستانە، بەمەش یادەوەرییە تاڵ و ناخۆشەکانمان زیندوو دەکەینەوە و، لەجیاتی ئایندەبینیی دەگەڕێینەوە ڕابووردوو.
٢. بیرخۆ هێنانەوەی کێشەکانی جیهانی ئیسلامیی و، لەبیرکردنی ئیسلامیی نیشتمانیی، کەئەم کێشانەش لەهەموو سەردەمێکدا هەبوونەو، ڕێگریش نەبوونە لەدەربڕینی خۆشی لەلایەن موسڵمانی دیکەوە.
٣. بیرلەخۆکردنەوەی بەتەمەنەکان و، ژیان لەنێو کێشەکانی خۆیانداو، لەبیرکردنی مافی منداڵانیان لەخۆشیی جەژن و جل وبەرگی نوێ و خواردنی خۆش و جەژنانە.
٤. بەعیبادەت نەزانینی خۆشی دەربڕین و، ناسینی ئایین و سرووتەکانی وەك بۆنەیەکی هەمیشەیی بۆ گریان و خەم و ژیانی دەستەوئەژنۆ بەسەربردن.

**چوارەم : بیری نوێ چین بۆ دەربڕینی دڵخۆشیمان بەجەژنە ئایینییەکانمان؟**

١. دیارکردنی هێڵە گشتییەکانی گوتاری ڕۆژی جەژن لەلایەن یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانەوە بەئاراستەی ژیاندۆستیی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی و دوورکەوتنەوە لە مەرگدۆستیی وکەلتووری خەم.
٢. بایەخدان بەئاشتبوونەوە لەگەڵ خزمان و، ئاشتەوایی خێزانیی وەك بازنەی یەکەمی ئاشتیی و تەبایی.
٣. دەرچوون بۆ سەردانی دەرو دراوسێ وەك ناسین و دووبارە ناسینەوەو بەسەرکردنەوەیان.
٤. ئامادەکردن و ناردنی پیرۆزبایی تایبەت بەخۆت و بەزمانی کوردی بۆ هاوڕێ ودۆست و ئازیزانت، نەك کۆپی پەیست کردنی پیرۆزبایی نەخوازراوی نێو سایتەکان کە دڵی کەس خۆش ناکەن، چونکە بەرامبەر دەزانێت قسەی تۆ نییە.
٥. چوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جەژن، با بۆ مزگەوتی گەڕەکی خۆت بێت بۆ بینینی زۆرترین کەس و هاوڕێت.
٦. با بە(پێ) بجین بۆ مزگەوت نەك بە(ئۆتۆمۆبێل)، بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی گەڕەکدا تێکەڵ بین لەچوون و هاتنەوەدا، ئەمەش سوننەتێکی پێغەمبەرە (درووودی خوای لەسەر)، وەك ئیمامی (تیرمزی) لەئیمامی (عەلی)یەوە دەگێڕێتەوە، دەشکرێت ئەم سوننەتە لەهەردوو جەژنەکەماندا بکەینە نەریتێکی ژینگەپارێزیی و، ئەو دوو ڕۆژەی یەکەمی هەردوو جەژنەکەمانی تێدا بکەینە (ڕۆژێك بێ ئۆتۆمۆبێل).
٧. بەعیبادەت زانینی خۆشی دەربڕین لەجەژندا، چونکە ئەم جەژنە پەیوەندیی بەروکنێکی ئایینەوە هەیە کە(ڕۆژوو)ە‌و، جەژنی قوربانیش پەیوەندیی بەروکنێکی دیکەی ئایینەوە هەیە کە (حەج)ە.
٨. سوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیای نوێ بۆ بەسەرکردنەوەو جەژنە پیرۆزەکردن لەدۆستانی دووری ناوخۆو دەرەوە، کە بۆت ناکرێت سەردانیان بکەیت.
٩. خۆ دوور گرتن لە باسکردنی وردەکارییەکانی ڕابووردوو لەگەڵ ئەو کەسانەی کەنیازی ئاشتبوونەوەو گەردن ئازادیت لەگەڵیاندا هەیە، چونکە بەباسکردنەوەی ڕابووردوو کێشەکان دووبارە سەرهەڵدەدەنەوە.
١٠. گرنگە بەشداربوون و چوونە نوێژی جەژن بۆ ئافرەتان زیندوو بکرێتەوە وەك سوننەتێکی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر)، چونکە لەوڵاتی ئێمەدا ئافرەتان بۆ تەراویح دەچن، بەڵام بەهۆی ئامادەکردنی چێشتی جەژنەوە لەنوێژی جەژن بێبەش دەبن، کەدەتوانن زووتر خواردن ئامادەی بکەن، چونکە لەو فەرموودەیەی کە (بوخاری) و(موسلیم) ڕیوایەتیان کردووە،(ئوم عەتییە) دەڵێت: پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر)، داوای لەکچان و ژنان دەکرد کە ئامادەی نوێژی جەژنەکان بن، بۆ ئەوەی بەشداربن لەخێرو دوعای موسڵمانان.

**بەعیبادەت زانینی خۆشی دەربڕین لەجەژندا، چونکە ئەم جەژنە پەیوەندیی بەروکنێکی ئایینەوە هەیە کە(ڕۆژوو)ە‌و، جەژنی قوربانیش پەیوەندیی بەروکنێکی دیکەی ئایینەوە هەیە کە (حەج)ە**